

خۆکوشتنی جەستەیی ڕەتکردنەوەی لۆژیکی پووچییە، چونکە مرۆڤ کە خۆی دەکوژێت مانای وایە پووچی قبوڵکردووە، لە کاتێکدا دەبێت مرۆڤ هەمیشە بە پووچی ناڕازی بێت. ژیان واتا دەبێ ڕێبدەین پووچی بژی و بمێنێت. مرۆڤ دەبێ لە نێو دیوارەکانی پووچیدا بمێنێتەوە، ئادەمیزاد کاتێک خۆی دەکوژێت؛ نائومێدی بۆ ئەو کارە هانی دەدات، بەڵام مرۆڤی ئەبسێرد ئومێدی نییە لە بەر ئەوەی نازانێ ئومێدی چییە؟! هەر بۆیە خۆی ناکوژێت.

ئەفسانەی سیزیف ... ئەلبێرت کامۆ

# ژماره ٧
# بەهاری ٢٠١٢

گۆڤارێکی ئەدەبی، هزری، رەخنەیی، رۆشنبیری گشتییە. بایەخ بەبواری ئەدەبی (وتار، لێکۆڵینەوە، رەخنە، دەق) و بواری فەلسەفی و بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و رۆشنبیری گشتی دەدات. زمان و وەرگێران لە بابەتە گرینگ پێدراوەکانی گۆڤارن.

خاوەن ئیمتیاز
سیروان عەبدولکەریم عەلی

سەرنووسەر
گۆران رەسووڵ

بەڕێوەبەری نووسین
دانا ئەحمەد محەمەد

نەخشەسازی بەرگ و دیزایین
هێمن خدر
Hemn89@gmail.com

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ژمارەی متمانەی (٤٢١) وەرگرتووە

پەیوەندی :
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٥٢٤٤٤٣
ئیمەیل: govar23@yahoo.com

دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی: کۆمپانیای بڵاڤ پەیک

# پێرست


| | |
|---|---|
| نووسەر و نان ......................................... سەرنووسەر | ٥ |
| **وتار و لێکۆڵینەوە:** | |
| کارەساتەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا............... ڕەسووڵ سوڵتانی | ٨ |
| ڕامانێک لە کتێبی (کوشتنی خەونەکان لە ڕۆژهەڵاتدا)......... دانا ئەحمەد | ١٤ |
| نووسینەوەی وشە سوورەکان ................ غەمگین بۆڵی | ٢٢ |
| بۆ تووڕەم؟ ................................ نەوزاد جەمال | ٢٦ |
| تێگەیشتن و ڕێگەگرتن لە خۆکوشتن.................................. | |
| ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنس بۆ پێداویستی مرۆیی و مافی مرۆڤ ......... | ٣٠ |
| **دەق و خوێندنەوە:** | |
| سەرووی سوریالیزم................................ بڵند ڕۆستەم باجەلان | ٣٩ |
| چەند شیعرێکی کورت.................................. پەری شێخ ساڵح | ٤٤ |
| قسەیەک لەگەڵ خۆر............................................فەهمی نەبی | ٤٧ |
| مانگای پلایسخۆر................................ ئاری عوسمان خەیات | ٤٩ |
| کچە هەڵمییەکە........................................کاروان محەمەد فەتاح | ٥٣ |
| لایەلایەی بەنشییەکان.......چارلی داتسۆن...لە فارسییەوە: ئەنوەر عەرەب | ٥٦ |
| دوو مرواریيەکە.......پاولۆ کۆیلۆ.......لە ئینگلیزییەوە: د. فەیسەڵ بڵباس | ٥٩ |
| باوک: وەک مەعشووقێکی ئازارفرۆش......................................... | |
| ....لە (ترۆپکی داڵغە)ی (سارا عومەر)دا................عەبدولقەهاری شێخ | ٦٢ |
| پڕووشەی مانا لە سێبەری مەرگ و ژیان ............... ئارام شێخ وەسانی | ٧٨ |
| **دیمانە:** | |
| شاعیرێکی دوورەپەرێز، گوتووبێژ لەگەڵ (پەروێز زەبیع غولامی)............ | ٨١ |
| گوتووبێژ لەگەڵ ڕۆماننووس (گۆران ڕەئوف)...س÷هێمن عوسمان عەبدوڵڵا | ٩٢ |
| **وەرگێڕان:** | |
| هۆڵدرین و جەوهەری شیعر ..... مارتین هایدگەر.......و. شۆڕش غەفووری | ١٠٥ |
| توندوتیژی لە دووتوێی ئەدەب و هونەردا....ل. ع: عوسمانی شێخ محیدین | ١٢١ |
| کانت و خودئاگایی.......................... لە فارسییەوە: سیما چۆمانی | ١٢٨ |



# نووسەر و نان

سەرنووسەر

گوزەرانی مرۆڤ پڕە لە پێداویستی و لێوانلێوە لە ویست و داخوازی. مرۆڤ لە تەواوی ژیاندا ڕووبەڕووی دەیان و سەدان پێویستی دەبێتەوە، لەو پێویستیان هەیانە مەرجە و هەشیانە لاوەکی. ئادەمیزاد دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر نێگەتیڤی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لێکترازانی پەیوەندییە ڕوحانییەکان، وەک کافکا دەڵێ مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی دەبێ خۆی لەگەڵ خەم و ئازارەکانی ڕابهێنێت. لێ پەیوەندی مرۆڤ و نان یاخود دروست پەیوەندی مرۆڤ بە برسییەتییەوە پەیوەندیەکی نەبڕاوەیەوە و مرۆڤ ناتوانێ لە چەند ڕۆژێک زیاتر بەبێ نان و خواردن بژیت، بڕانی پەیوەندی مرۆڤ بە خواردن و خواردنەوەوە کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستیی دەبێت و دواجار دەبێتە مەترسییەکی کوشندە لەسەر ژیانی.

بەوپێیەی لە ڕۆژگاری ئێستای کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەموو سامان و دەسەڵاتێک لە بازنەیەکی دیاریکراودا گیریخواردووە و چەند کەسانێک دەستیان بەسەر سامانی وڵاتەکانیاندا گرتووە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی زۆرتر تووشی بەربەست و زەحمەتی دەسکەوتنی نان دەبێتەوە. تاکی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و بۆ نموونە تاکی کوردی دەبێ هەمیشە لە خەمی دەستخستنی

بژێوی ڕۆژانەی بێت ئەمەش لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەی چونکە، بە دەگمەن لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی دەبینین کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵات پارەی نانەزگێکیش بۆ هاووڵاتییەکانی دابین بکات.

کردەی نووسین پرۆسەی ڕێکخستنەوەی ویژدانە، نووسەری ڕاستەقینە کەسێکە ڕاستگۆ، خودی ئەو ڕاسگۆییەی نووسەریش دوورکەوتنەوەیە لە ئازاری ویژدان. بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ ڕاستگۆیانە بدوێ و چاونەترسانە ڕەخنەبگرێ و سڵ لە هیچ زەبروزەنگێک نەکاتەوە و پەی بە ئازار و مەینەتیەکان بەرێت، دەبێ هەمیشە کەسێکی وردبین و هۆشیار و خاوەن زانیاری بێت، هەموو ئەمانەش پێویستیان بە کات و بە توانا هەیە، هەربۆیە نووسەری ڕاستەگینە دەبێ ژیانی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان بکا. نووسەریش بەر لە هەر شتێک وەک ئەوانی دی مرۆڤە و وەکو ئەوانی تریش پێویستی بە نان هەیە. لێ ئەوەی کە نووسەر لە مرۆڤەکانی دی جیادەکاتەوە، بیرکردنەوەیە. نووسەر لە هەمووان زیاتر بیر دەکاتەوە خودی ئەم بیرکردنەوەیەش لەپێناو هەموواندایە و نووسەر بە ئامانجی بەرچاو ڕوونکردنی ئەوانی دی دەنووسێ و ڕەخنەدەگرێ. تاکو ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا نووسەر نەیتوانییەوە بە بەرهەمی بیرکردنەوەکانی بژیێت. ئەمەش لەبەر ئەوە نووسین تەنیا پرۆسەیەکە بۆ خۆ بەتاڵکردنەوەی بێ دەستکەوت و نووسەر لە فەزایەکی بێ ئیمتیاز و بێ قازانجدا دەژییێت.
ڕەنگە بە بەراورد بە ژمارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ترەوە سەیربێت کە نووسەر نەتوانێ لەو دەزگا ڕاگەیاندنانە بژێوی خۆی پەیدا بکا. بە سەدان بڵاوکراوە هەن و بە هەزاران نووسەر لێ کامەیان بلاوکراوەی جدی و بێلایەنن؟! و کامەیان نووسەری جدی و بێلایەن تێیاندا کاردەکا؟! دەزگاکان ئەگەر بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەبێت هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ نووسەرێک گرێ نادەن. کامە دەزگا تاکو ئێستا گەرەنتی ژیانی بۆ نووسەرانی خۆی دابینکردووە.
نووسەرێک لە ڕۆژنامەیەک کار دەکا، دوایساڵێنێکی زۆری کارکردن تووشی نەخۆشییەک دەبێت و لە نووسین دووردەکەوێتەوە، کاربەدەستەکانی رۆژنامەکەش هەروا، وەک ئەوەی هەرگیز لایان کری نەکردبێ. دەیان نووسەری چاکمان هەبوون بەسەر جێگاکانیانەوە گیانیان سپارد بێ ئەوەی ئەو لایەنەی پێشووتر کاری بۆ دەکرد نیوەی خەرجی چارەسەرەکەشی بۆ دابین بکا. ماڵوێرانی بۆ ئەو نووسەرانەشی کە لە ماڵەکانی خۆیانەوە نووسینەکانیان بۆ بڵاوکراوەکان دەنێرن، دەبێ لەچاوەڕوانی پاداشتێکی کەم و ڕەمزیدا وەنەوزبدەنەوە، کە ڕەنگە هەر بەشی کڕینی کتێبێک و دوو ڕۆژنامە و قەڵەمێک بکا.

**نووسەر ناتوانێ بە داهاتی کتێبێک بژێوی ماوەی نووسینی کتێبێکی باشتر پەیدا بکا (ئەمە ئەو نووسەرانە ناگرێتەوە کە زەڕەبینی وەهم و ڕاگەیاندنی حیزبەکان گەورەیان کردوون و هیچ شتێکیش لە بەرهەمەکانیان نادووزینەوە)، باشترین نووسەرەکانمان هەزار دانە لە کتێبەکانی نافرۆشرێ، بۆیە نووسەر نزا هەر بۆ ئەوەندە دەکا خەرجی چاپی کتێبەکەی دەستبکەوێتەوە**

## نووسەری جددیمان هەیە؟

ڕەنگە کردنی وەها پرسیارێک شتێکی پێویست بێت، نووسەرانی جددی کوان؟ کوا لە کوێن ئەوانەی ژیانیان بۆ نووسین تەرخانکردووە؟ زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد دوور لە کاری نووسین خەریکی کاری ترن، کرێکار و فەرمانبەر و پزیشک و دووکاندار کاری زۆربەیانن، ئەمەش هەر لەپێناو دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە. ئینسان کاتێک بەتەواوی نەپرژایە سەر کارێک ڕەنگە نەتوانێت داهێنانی تێدا بکا. تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بۆ کارکردن و دوورکەوتنەوە لە فەزای خوێندنەوە و نووسین هۆکاری سەرەکی دروستنوبوونی نووسەری جددییە. نووسەری بالا و بە ئەزموونمان هەبوون بەلام بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان فەراهەم ببێ خۆیان خستە نێو قاوغی حیزب و لایەنە سیاسییەکانەوە، بەرژەوەندی ئەو لایەنانەش دەنگی ڕەخنە و دەربڕینە ئازادەکانیان کپدەکرد، لە بارێکی وەهاشدا نووسەری جددی لە خودی نووسەربوونی خۆی دێتە دەرێ و دەبێ بە کیبۆردی دەربڕینی ئەو لایەنە حیزبی و سیاسییانە.

نووسەر ناتوانێ بە داهاتی کتێبێک بژێوی ماوەی نووسینی کتێبێکی باشتر پەیدا بکا (ئەمە ئەو نووسەرانە ناگرێتەوە کە زەڕەبینی وەهم و ڕاگەیاندنی حیزبەکان گەورەیان کردوون و هیچ شتێکیش لە بەرهەمەکانیان نادووزینەوە)، باشترین نووسەرەکانمان هەزار دانە لە کتێبەکانی نافرۆشرێ، بۆیە نووسەر نزا هەر بۆ ئەوەندە دەکا خەرجی چاپی کتێبەکەی دەستبکەوێتەوە. ئەم پەتایە تەنێ لە پرۆسەی نووسیندا نییە، شێوەکار و پەیکەرتاش و فۆتۆگرافەرەکانیشمان بە دیار بەرهەمەکانیانەوە گورانی دەلێن، فۆتۆگرافەر یان شێوەکار دوای کردنەوەی پێشانگایەک بۆ بەرهەمەکانی دەبێ بەر لە دەستپێکردنی پێشانگایەکە خەم لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی بخوا چونکە، کارەکانی وەکخۆی داەنێ و وەکخۆشی هەلیاندەگرێتەوە. گرینگی نەدان بەرهەمی نووسین و کاری هونەری هەمیشە داهێنانەکانمان بەسەر پشتی کیسەلدا دەگەیەنێتە شوێنی خۆی.

# کارەساتەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا

## رەسووڵ سوڵتانی

لەوانەیە کورد لەو میللەتانە بێ کە پاش زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی دنیا دەستی دابێتە وەرگێڕان. هەر بەو پێیەش هەبوونی کەم و کورتی لە وەرگێڕانی کوردیدا شتێکی زۆر سرووشتییە، بەڵام پێداگرتنەوە لەسەر ئەو کەموکورتیانە و هەوڵدان بۆ سەپاندنیان وەک پێوەرێکی بنەمایی و سووربوون لەسەر بەردەوامبوون و درێژەدان بەو شێوازگەلە نەک سرووشتی نییە بەڵکو زۆریش مەترسیدارە. لەو ماوە کورتەدا کە کورد دەستی کردووەتە کاری وەرگێڕان، لەگەڵ ئەوەدا کە بەرهەمی زۆر بەپێز خراوەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە و هەوڵی زۆر دڵسۆزانە دراوە و کاری زۆر باشیش کراوە، لە تەنیشت ئەوەشدا چەند شتێک هەن کە ئەگەر هەستیارانە رووبەڕوویان نەبینەوە لە داهاتوودا وەک پەتایەک بەرۆکی زمانی کوردی دەگرن و زمانەکەمان لەو حاڵەتە روون و رەوانییەوە بەرەو زمانێکی رەق و تەق و وشک و بێ گیان دەبەن.

### بەر لە هەموو شتێک با بزانین ئەرکەکانی وەرگێڕان لە هەمبەر زماندا چین؟

یەکێک لەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆی وەرگێڕان، دەوڵەمەندکردنەوەی زمانە. دەوڵەمەندکردنەوەی زمان بە واتای داتاشینی بێسەروبەرەی وشە و دەستەواژەی نوێ نییە. با ئەوە بڵێم: من بڕوام وایە لەگەڵ پێشکەوتنە مرۆیی و تەکنۆلۆژییەکاندا زمانیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و وشە و دەستەواژەی نوێش دێنە نێو زمانەوە و کەوشەنی زمان رۆژ بە رۆژ بەرینتر دەبێتەوە، بەڵام خۆی هاتنی ئەو وشە و دەستەواژە نوێیانە، زمان بەرەوڕووی کۆمەڵێک مەترسی دەکەنەوە. یەکێک لەو مەترسیانە ئەوەیە هەرکەسە و لە ماڵی خۆیەوە و بەپێی سەلیقە و تێگەیشتنی خۆی دەست بکا بە داتاشینی وشە و دەستەواژەی نوێ و بەو

شێوەیە بێسەروبەرەیی و ئاڵۆزی بکەوێتە ناو زمانەکەوە. لەو کاتەدا خوێنەر لە بەرامبەر هەر چەمک و واتایەکی نوێدا تووشی چەندین وشەی سەیر و سەمەرە و نامۆ دەبێت و سەری لێ دەشێوێ و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو وشانەی دادەتاشرێن کەس نازانێ لەسەر بنەمای کام پێوەری زانستی و ئاکادمیک دانراون و چەندەیان لەسەر بنەواشە و رەگ و چاوگی وشە خۆماڵییەکان رۆنراونەتەوە. کەوابوو، ئەگەر هاتنە ئارای زمان و وشەی نوێ شتێکی حاشاهەڵنەگر و پێویستییەکی سەردەمیانە بێ، ئەوا بوونی ناوەندێکی زانستی و ئاکادمیک بۆ رۆنان و هێنانەئارای وشە و دەستەواژەی گونجاو و پڕ بە پێست لەویش پێویستترە. نەک ئەوەی هەر کەس و گرووپ و رۆژنامە و گۆڤارێک بە کەیفی دڵی خۆی و بە ناو و بیانووی سادەکردنەوە یان خۆیان واتەنی لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا سەر و گوێی وشە و ناوەکان بشکێنن و پێشیان وابێ «شەقولقەمەر»یان کردووە و شاکاریان خوڵقاندووە. بۆ وێنە، چەند رۆژنامە و رادیۆیەک بەبێ رەچاوکردنی هیچ بنەمایەکی زانستی هاتوون وشەی «کاتژمێر»یان کردووەتە «کاژێر» و هیچ ئاگاداری ئەوەش نین کە لە زمانی کوردیدا «کاژێر» واتە کون و قوژبن و لە زۆر جێیانیشدا لە بری «دخمە»ی فارسی بەکار هاتووە.

**ئەگەر هاتنە ئارای زمان و وشەی نوێ شتێکی حاشاهەڵنەگر و پێویستییەکی سەردەمیانە بێ، ئەوا بوونی ناوەندێکی زانستی و ئاکادمیک بۆ رۆنان و هێنانەئارای وشە و دەستەواژەی گونجاو و پڕ بە پێست لەویش پێویستترە. نەک ئەوەی هەر کەس و گرووپ و رۆژنامە و گۆڤارێک بە کەیفی دڵی خۆی و بە ناو و بیانووی سادەکردنەوە یان خۆیان واتەنی لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا سەر و گوێی وشە و ناوەکان بشکێنن و پێشیان وابێ «شەقولقەمەر» یان کردووە و شاکاریان خوڵقاندووە**

لە لایەکی دیکەوە، وەرگێڕ لە ئەستۆیەتی کەڵک لە هەموو تواناکانی زمانەکەی وەربگرێت و ئەوەش تەنیا ئەو دەمە بەدی دێت کە وەرگێڕەکان شارەزای شێوازی کۆن و نوێی زمانەکەیان بن و چەندی بۆشیان دەکرێ لە زاراوە و بن زاراوەکانی زمانەکەیان شارەزا بن. شارەزابوونی وەرگێڕ لە زمانی فۆلکلۆر و گوندییانە، پاڵپشتێکی پتەوە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمانەکەی ئێستای. لەوانەیە زۆر کەس پێیان وابێ کە ئیتر سەردەمی ئەوە بەسەر چووە کە تۆ بێی و بۆ نووسین و وەرگێڕان لە زمانێکی گوندییانە و کشتوکاڵی کەڵک وەربگریت. لێرەدا شارەزابوون لەو ئاخاوتنە گوندی و کشتوکاڵییانە زیاتر دەتوانێ بکرێتە بناغە و هیمێکی پتەو بۆ داڕشتنەوە و رستەسازی. چونکە یەکێک لە لایەنە هەرە وێرانەکانی دەقە وەرگێڕدراوەکانی سەردەمی ئێمە، بەر لەوەی هەژاربوون و دەستکورتبوونی وشە و دەستەواژەیان پێوە دیار بێ، ناشارەزایی وەرگێڕەکەیان لە داڕشتنەوەی زماندا پێوە دیارە. بەو مانایە کاتێ دەقێکی وەرگێڕدراو دەخوێنیتەوە، ئەگەر لە رستەی یەکەمیشدا هەست پێ نەکەی زۆر دوور ناڕۆیت و لە رستەی دووهەمدا هەست دەکەی ئەوەی دەیخوێنیتەوە دەقێکی وەرگێڕدراوە. بۆ نموونە رۆژێکیان بە دەقێکی مێژوییدا دەچوومەوە کە وەرگێڕەکە باسی هەورگەری (سواڵەتسازی)ی کۆنی کردبوو و لەوێدا نووسیبووی» (گۆزەکەرەکان هەویری سواڵەتیان ئامادە دەکرد). خۆی ئەو نووسەرە بەڕێزە ئەگەر شارەزای زمانی کۆنی خۆی بوایە و لانیکەم بە رێکەوتیش سەرێکی بە گەنجینەی چوارینەکانی خەیامدا کردبا لانیکەم لە دە دوازدە شوێن تووشی ئەوە دەهات کە مامۆستا هەژار باسی «قوڕ شێلان» دەکا.

**دیم گۆزەکەرێک قوڕی دەشێلا دوێنێ**
**دەنگێکم ئەبیست باوکە کوڕی دەدوێنێ**
**رۆڵەم بەزەییت بە بابی خۆت دانایێ**
**مەمشێلە بەقەو بە هێمنی پێم لێنێ...**

بەڵێ ئەگەر ئەو بەڕێزە زانیبای گۆزەکەر قوڕ دەشێلێت و «هەویر ئامادە» ناکات، ئەو رستەیەی ئاوا دانەدەڕشتەوە. لەوانەشە زۆر کەس پێیان وابێ کە ئەرکی زمان لەو دەقانەدا گەیاندنی پەیامە. ئەو بۆچوونە داوێکی ترسناکە کە زۆربەی ئێمە بەبێ ئەوەی بزانین تێی دەکەوین. لە حاڵێکدا هەموو زمانێک لەگەڵ راپەڕاندنی ئەرکی خۆی وەک گەیاندنی مانا بە خوێنەر، پێویستە لایەنی ستاتیکی و موسیقا و ئاوازەکەشی لەبەرچاو بگیردرێ. راستە ئەرکی سەرەکیی زمان گەیاندنی پەیامە، بەڵام نووسەر و وەرگێڕ دەبێ ئەو زمانە بەو پەڕی پوختی و پاراوی داڕێژنەوە و بە هیچ شێوەیەک ئەو ئەرکی گەیاندنی پەیامە نەکەنە بیانوویەک بۆ ئەوەی چۆنیان پێ خۆش بوو ئاوا رستەکان داڕێژنەوە. وەک لە دراما تەلەڤزیۆنییەکاندا بە تایبەتی ئەو شتەمان بەچاو دەکەوێ. بۆ وێنە دەستەواژەی «لە لایەن تۆوە، لە لایەن خەڵکەوە لە لایەن...» خۆی ئەو دەستەواژەیە ئەگەر دەستەواژەیەکی خۆماڵییانەش بێ، زۆر بێجێ بەکاری

دێنن و وای لێ هاتووە کاتێک داوا لە گۆانیبێژێک دەکەن گۆانییەک بڵێ، پێی دەڵێن: «ئێستا داوات لێدەکەین لە لایەن خۆتەوە گۆانییەکمان پێشکەش بکەی»؟ یان پێی دەڵێن:»ئاوازی ئەو گۆرانییە لە لایەن خۆتەوە دانراوە»؟ لە هەر دوو رستەکەیدا دەستەواژەی «لە لایەن» بێ جێ و هەڵە دانراوە و بەکار هاتووە. چونکە لەو رستانەدا دەبێ بگوترێ:»خۆت گۆرانییەک پێشکەش بکە... یان.. ئاخۆ ئاوازی ئەو گۆرانییە خۆت داتناوە یان بۆیان داناوی؟ نەک ئەوەی بڵێی لە لایەن خۆتەوە دانراوە یان لە لایەن کەسێکی دیکەوە؟

دارشتنەوەی کوردییانەی زمان، بەو واتایەش نییە کە تۆ بە بیانووی کوردانەوەی رستەکان، بێیت و خۆت لە واتا و ماناکانی دەقە سەرەکییەکە بدزیتەوە. بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە کە تۆ واتاکە بە تەواوەتی وەرگریت و بەرگێکی تەواو کوردییانە بەبەردا بکەیت. ئەوانەش شارەزای زمانی «فارسی و عەرەبین» ئەو قسەی من پشتڕاست دەکەنەوە کە بەرهەمی هیچ کام لە وەرگێڕە سەرکەوتووەکانی ئەو دوو نەتەوەیە ئەو لایەنە نامۆ و ناڕەسەنەیان پێوە دیار نییە و قەت خوێنەر هەست بەوە ناکا ئەو دەقانە وەرگێڕدراون چونکە ئەوان پێکهاتەی رەسەنی زمانەکەی خۆیانیان پاراستووە.

## یەکێک لە وەرگێڕە گەورەکانی ئێران دەڵێ:
## جاری وا هەیە رستەیەک بە دە دوازدە جۆر دادەڕێژمەوە.
## وشەکان بارەوبار دەکەم، جێگۆڕکێیان پێ دەکەم.
## لە باری مۆسیقایی و ئاوازی وشەکان و پێکهاتەی رستەکە ورد دەبمەوە، ئینجا خۆش ئاوازترینەکەیان هەڵدەبژێرم

بۆیە وەرگێڕەکان دەبێ زۆر ورد و وریا بن و واتاکە بە پوختی وەربگرن و لە جوانترین و روونترین رستەدا بیتوێننەوە. ئەوان دەبێ بزانن هەر زمانەی پێکهاتەیەکی هەیە و رستەسازی و شێوازی هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە ناچێ تەنانەت ئەگەر سەر بە یەک بنەماڵەی زمانییش بن. لە دەقێکدا ئەو رستەیە ئاوا وەرگێڕدرابوو:

**سرباز مجروح، تەنیا خودش علت گریە را میدانست:**

**(هۆی گریانی سەربازە بریندارەکە تەنیا خۆی دەیزانی)**

خۆی ئەگەر بە وردی سەیری داڕشتنەوەی ئەو ڕستەیە بکەین، بە هیچ شێوەیەک داڕشتنێکی کوردیانە نییە. لانیکەم دەکرا ئاوای وەرگێڕێ: «سەربازە برینداره‌کە هەر خۆی دەیزانی بۆچی دەگری». ڕەنگە ئەگەر دە کەسی دیکەش ئەو ڕستەیە بکەنەوە کوردی، هەر کەسە و بە شێوازێک وەریگێڕن و وەرگێڕانی هەر دە کەسەکەش کوردی بێت و هیچیشیان لەویتر نەچێت. من دەڵێم داڕشتنەکە نابێ جۆرێک بێت خوێنەر لەگەڵ چاوی پێی کەوت بزانێ ئەوە وەرگێڕدراوە. بۆ وێنە دەکرێ ئاواش ئەو ڕستەیە وەرگێڕین: سەربازە بریندارە خۆی نەبێ کەس نەیدەزانی بۆچی دەگری.

قسەیەکی جوانی یەکێک لە وەرگێڕە گەورەکانی ئێرانم وەبیر هاتەوە. لە جێیەکدا سەبارەت بە داڕشتنێکی تەواو خۆماڵییانە، داڕشتنێکی کە دوور نەبێ لە جەوهەر و سروشتی زمانە فارسییەکەیان، دەڵێ: جاری وا هەیە ڕستەیەک بە دە دوازدە جۆر دادەڕێژمەوە. وشەکان بارەوبار دەکەم، جێگۆڕکێیان پێ دەکەم. لە باری مۆسیقایی و ئاوازی وشەکان و پێکهاتەی ڕستەکە ورد دەبمەوە، ئینجا خۆش ئاوازترینەکەیان هەڵدەبژێرم.

بە داخەوە نەخۆشینێکی دیکەی کەوتووەتە نێو پەرێز و پانتایی وەرگێڕانی کوردییەوە، دەمارگرژیی بێ جێ و خۆ بە ڕەسەنزانینی ناوچەییە و دژایەتیکردنی وشە و دەشتەواژەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانە. لە کەس شاراوە نییە کوردستان بەو ناوچە جۆراوجۆر و زاراوە و بن زاراوە جۆراوجۆرانەوە کە هەیەتی، لە هەر ناوچەیەکدا توانیوێتی بەشێک لەو گەنجینەی زمانە بە پوختی و پاراوی بپارێزێ. هەرچەندە بەداخەوە هێشتا نەبووینەتە خاوەنی دەوڵەت و زمانێکی سەربەخۆ و فەرمی، بەڵام وەرگێڕ و نووسەری کورد، نابێ لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناوچەیەکی دوور لە زێدەکەی خۆیدا دەمارگیری بێنێتە کایەوە و پێی وابێ هەر وشە و دەستەواژەیەک لە دەرەوەی سنووری زێدەکەی خۆی بوو، ئەوە لەوانەیە لاوان و خوێندەوارگەلی نەوەی نوێ لێی تێنەگەن. بۆ وێنە لە موکریان و دەشتی هەولێر و گەرمیاندا گەلێک وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و قسەی نەستەق هەن کە یان بە دەگمەن لە نووسیندا کەڵکیان لێ وەرگیردراوە یان هەر وەرنەگیردراوە. لێرەدایە وەرگێڕ و نووسەری ئێمە نابێ لە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانە بپرینگێنەوە و بسڵەمێنەوە بە مەرجێک بەکارهێنانەکەیان لە جێی خۆیاندا بێ. چونکە دیسانیش دەیڵێمەوە ئەگەر نووسەر یان وەرگێڕ یان شاعیرێک هەموو وشەکانێ نێو فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگەکەی گیو موکریانی (فەرهەنگی کوردستان)یشی لە مێشکیدا بێ بەڵام نەزانێ وشەکان چۆن بچنێ و لە پاڵ یەکیان دابنێت و لە پێکهاتەیەکی کوردانەدا هەڵیانشێلێت و بیانڕەنگێنێت، دیسان هەر زمانێکی سەقەت بەرهەم دێنێتەوە. چونکە ئەگەر زمان بە بینایەک بشوبهێنین، دەکرێ وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و قسەی نەستەق وەک کەرەسەکانی بیناسازی سەیر بکەین و

نووسەر وەک میعمار و نووسینیش وەک بیناکە. جا نووسەر و وەرگێڕی ناکارامە و کرچ و کاڵ و ناشارەزا و نامۆ بە پێکهاتەی زمانی کوردی، لەو شوێنەی وا پێویستە بەردێکی لووس و جوان و رەنگاڵە دابنێت، بلۆکێک دادەنێت و لەو شوێنەی پێویستە پەنجەرەیەک یان دەرووپەکی رێکی تێ بکات، دیوارێکی ناڕێک و خواروخێچ هەڵدەچنێ و لە ئاکامدا دیوار و باڵەخانەیەکی خواروخێچ و بە دوور لە هەر چەشنە جوانییەک هەڵدەبەستێ کە نەک بنیادەم، جرِ و جانەوەریش نەتوانن تێیدا بژیێن.




# ڕامانێک لە کتێبی (کوشتنی خەونەکان لە ڕۆژهەڵاتدا)

## دانا ئەحمەد

### بەشی یەکەم

وەک ئاشکرایە لە دوای هەر پرۆسەیەکی نووسین مرۆڤ پێ دەخاتە قۆناغێکی دیکەوە کە بریتیە لە پرۆسەی خوێندنەوە، هەرچەندە لە سەرەتادا خودی نووسینەکەش بریتیە لە خوێندنەوەی نووسەر لەبارەی ئەو بابەتە یان بابەتانەی پرۆسەی نووسینەکە پێکدەهێنن، بەڵام دواجار خویندنەوەی نووسەر لە پرۆسەیەکی دیکە خۆی دەبینێتەوە کە خوێندنەوەیە لە لایەن کەسانی دی، بکەری هەریەک لەو دوو پرۆسەیە مرۆڤە. ئەو دەنووسێت بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێک واتا هەر نووسینێک دەبێتە ئامرازی گەیاندن یان زمانحاڵی مەبەستی نووسەر، ئەم پەیامە راگەیەنراوەش لە دیدی ئێمەی خوێنەردا خۆی لە بەرامبەر دوو ڕێگا یان زیاتر دەبینێتەوە، ڕێگایەکیان بریتیە لە برواهێنان یاخود قەناعەتکردن بە پەیامەکە، ڕێگای دووەم رەتکردنەوە و قەناعەت نەهاتنە بە پەیامەکە، یان ڕێگایەکی ئاڵۆز کە دروست بوونی گومانە لای خوێنەر، واتا گومان لە ڕاستی و دروستی یان لە چەوتی و نادروستی پەیامەکە. ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی لە نووسینەوەدا گەیاندنی پەیامە نەک پیت پرژێنکردنی لاپەڕەکان، بۆیە دەتوانیین بڵێین زۆرێک لە نووسینەکان لە دوای خوێندنەوە شتێک لای خوێنەر جێدەهێڵێت کە دەبێتە پەیامی

نووسراوەکە، جا ئەو شتە تەواو هاوتا یاخود پێچەوانەی مەبەستی نووسەر بێت. خوێندنەوە بۆ نووسراوەکان واتا گرتنەبەری ڕێگاکانی تێگەیشتن لە نووسینەکە، تێگەیشتنەکان پەیوەستن بە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، وەک دەزانین مرۆڤەکان لە بیرکردنەوەدا جیاوازن، ئەمەش بوونی ڕێگای جیاوازی تێگەیشتن لە نووسراوەکان دەسەلمێنێت، ڕوونتر بڵێین دەکرێ خوێندنەوەی تۆ بۆ نووسینێک تەواو پێچەوانەی تێگەیشتنی من بێت لە هەمان نووسین.
ئەوەی لێرەدا من گەرەکمە ڕامانێکە لە کتێبی (کوشتنی خەونەکان لە ڕۆژهەڵاتدا)ی د.ئازاد حەمەشەریف، گەشتێکە لەگەڵ خەونی مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان، پێک گەیشتنێکە لەگەڵ ئەو بکوژانەی کە ساڵەهایە دەستیان هەیە لە سەرکوتکردنی تاک و خەونەکانی لە ڕۆژهەڵاتدا.

## ڕەنگە مەبەستێکی دیکە لەو کارە پەیوەست بێت بە ڕەوشی ئەو کۆمەڵگایەی نووسەر تێیدا دەژی، کە بە هۆی بەرتەسک کردنەوەی لایەنە فراوانەکانی ژیان ریگەیان لە بەردەم گووتنی ڕستەگەلێکدا نەبێت، وەک ئەوەی کە ناراستەوخۆ لە ڕێی ناونیشانی کتێبەکە دەرکی پێ دەکرێت ئەویش لە بەکارهێنانی شوێنەکە(ڕۆژهەڵات)دا

کوشتنی خەونەکان لە ڕۆژهەڵاتدا، بە گووتەی ئازاد حەمە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییە لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان، پێک دێت لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لە بارەی کۆمەڵێک پرسی گرنگ لە شێوازی ژیان و مامەڵە کۆمەلایەتی و ئاینییەکان لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، لەگەڵ ئاماژەکردن بە لایەنە سیاسییەکان، پێش بوونی بەم بەرهەمە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ لە هەریەکە لە مانگنامەکانی (هەرێم) و (بەدرخان) بڵاوکراونەتەوە. کوشتنی خەونەکان بەدەر لەوەی کتێبێک بێت کە لێوانلێوە لە ڕاستیی مێژوویی لەبارەی ژیانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتدا، پەیامێکە بۆ ڕاستکردنەوە و جوانکردنی هەموو ئەو لایەنە دزێوانەی کە لەژێر چەتری هەر ناوێکەوە بوون بە بەشێک لە نەریتی ڕۆژهەڵاتییەکان و لە زۆر باردا لە باتی بیرکردنەوەمان بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن. ئەو لایەنانەی نووسەر لە کتێبەکەیدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردوون بریتین لە (جوانی، ئازادی، هزر، کات، هونەر، تاک، جەستە، سروشت، ژینگە، بەزەیی و زانست) کە لە ژێر هەر بیانوویەک یان ناوێکدا لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە و دواتر وەک خەونیان لێهاتووە. هەرچەندە ئەو

لایەنانەی نووسەر هەڵوەستەی لەسەر کردووە زیاتر لەوە هەڵدەگرێت کە لەم کتێبەدا جێی بۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەو کارە پەیوەندی نییە بە کەم توانایی نووسەر، بەڵکو نووسەر ژیرانە ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووە، بە دەربڕینە کورت و پڕ واتاکانییەوە وێنەیەکی تەواوی ئەو لایەن و خەونانەی کێشاوە کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەن، لەو کارەشیدا نووسەر مەبەستی دیکەی هەبووە، بە دیتنی من مەبەست لەوە جوڵاندنی هزری خوێنەری کتێبەکەیە تا ئەوانیش بەدەر لەو لایەنانەی نووسەر لەبارەیانەوە دواوە پەی بە چەند لایەنێکی دیکەی ئەو چەمک و دیاردانە ببەن، ڕەنگە مەبەستێکی دیکە لەو کارە پەیوەست بێت بە ڕەوشی ئەو کۆمەڵگایەی نووسەر تێیدا دەژی، کە بە هۆی بەرتەسک کردنەوەی لایەنە فراوانەکانی ژیان ڕێگەیان لە بەردەم گووتنی ڕستەگەلێکدا نەبێت، وەک ئەوەی کە ناراستەوخۆ لە ڕێی ناونیشانی کتێبەکە دەرکی پێ دەکرێت ئەویش لە بەکارهێنانی شوێنەکە (ڕۆژهەڵات)دا، ڕاستە نووسەر تاکێکی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانە و لێکچوونێکی تەواو لە نێوان ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەیە، بەڵام نووسەر دەیتوانی (کوردستان) لە شوێنی (ڕۆژهەڵاتدا) بەکاربهێنێ، ئەوەی نووسەر کردوویەتی گەر هەوڵێک نەبووبێ بۆ خۆ دەربازکردن لەو ڕەوشەی لە کۆمەڵگاکەیدا هەیە ئەوا لە بارێکدا دروستە ئەگەر نووسەر فراوانتر لە شتەکانی ڕوانیبێ و چاوی لەوە بووبێ کە نووسینەکەی پەل بهاوێتە نێو خوێندنەوەی کۆمەڵگاکانی دی و لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵیدا نەمێنێتەوە.

ڕۆژهەڵات وەک شوێنکەوتەی جوگرافی بەو ناوچانە دەگوترێت کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و دەریای ناوەڕاست، تایبەتمەندی ئەم ناوچە بەو پێیەی کە ناوەندی کۆبوونەوەی چەندان نەتەوەو ئاین و ڕێبازی ئاینی جیاوازە، هەمیشە ئاڵۆزییەکی بە ژیانی مرۆڤ لەو شوێنەدا بە خشیوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بوونی دەسەڵاتی خێڵەکی و ئاینی کە بە شێوەیەکی خۆ سەپێن فەرمانڕەوایی ئەم ناوچەی کردووە هەمیشە ئاستەنگێکی سەخت بووە لە هەمبەر بەگەڕخستنی عەقڵ، هەروەها پەیوەست بوون بە چەند نەریتێکی دزێو کە ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە کوشتنی خەونی مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان. لەم ناوچەدا تاک دەبێت هەمیشە بە چاویلکەی ڕابردوو لە ژیانی ئێستا و داهاتوو بڕوانێت، واتا دارشتنی ژیان لەسەر نەخشە ڕێگای پابەندبوون بە پێشینان، بەدەر لەوە هەموو ئەو خەون و خولیایەی کە تاک هەوڵی بۆ دەدەن دەکەوێتە بەر نەفرەتی کۆنگەرایی، لێرەوە چەمکی کوشتن بەسەر ئەو هەوڵانەدا دەسەپێت. قوڵبوونەوە بۆ تەواوی لایەنەکانی ئەم کتێبە لەم نووسینەدا کارێکی سەختە، بەڵام بە پێی خوێندنەوەی خۆم چەند لایەنێکی کتێبەکە دەخەمە ڕوو، کە بریتین لە (کوشتنی جوانی، کوشتنی ئازادی، کوشتنی هونەر و کوشتنی کات) ئەم لایەنانەم وەک بەشی یەکەمی نووسینەکەم هەڵبژارد و لە بەشی دووەمدا تەواوی لایەنەکان لە دیدی خۆمەوە دەخەمە ڕوو.

کوشتنی جوانی لە ڕۆژهەڵاتدا بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی ئازاد حەمە پێک دەهێنێت، جوانی لە کتێبەکەدا بە واتا فراوانییەکەی بەکارهاتووە، کە تێکڕای جوانی لایەنەکانی ژیان لە خۆ دەگرێت. نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەی لە بارەی جوانییەوە دەیەوێت بڵێت کە جوانی لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ

بەهایەکی نییە و ڕۆژهەڵاتییەکان جوانکوژن، بە جۆرێک شەڕی نێوان جوانی و دزێوی ڕەگی داکوتاوە کە هەموو تاکێکی ڕۆژهەڵات بەو کردارە بارگاوین. لای تاکە ڕۆژهەڵاتییەکان جوانی بریتییە لە فەراهەمبوون، واتا هەرشتێک کە تاک دەیەوێت هات بە دەستییەوە ئەوا ئەو شتە لە چوارچێوەی جوانیدا هەژمار دەکرێت، خۆ ئەگەر تاک نەیتوانی ئەو شتە بەچنگ بخات ئەوا ئەو شتە بۆ کەسانی دی بە ناشرین و خراپ ناودەبات. بە بڕوای نووسەری کتێبەکە سەرهەڵدانی (زەردەشت) دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو دیاردە ترسناکەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە و دەڵێ «هەرکاتێک مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی نەیتوانی شتە جوانەکانی دەوروبەری خۆی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بیخاتە خانەی چێژ لێبینین و سوود لێ وەرگرتن، ئەوا یەکسەر هەوڵی لەناوبردنی یان ناشیرینکردنی دەدات. هەر بۆیەش ئەگەر چاوێک بە دەوروبەرماندا بخشێنین دەبینین هەر چوار دەورو سەروژێرمان بە جەستەی دزێو و بیری دزێو و ڕەفتاری دزێو تەندراوە، وانەبوایە هەرگیز (زەردەشت)ی مەزن کە لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵنەدەدا و هێندە پێی لەسەر (بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاک) دانە دەگرت».

نووسەر لێزانانە تیشک دەخاتە سەر جوانییەکان و لە درێژەی باسەکەیدا بەراوردێک لە نێوان جوانی جەستە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەکات، لای ئەو جوانی جەستەی ڕۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەی بیری ڕۆژئاواییەکاندا هەیە، لە چاو دواکەوتوویی و دزێوی ڕۆژهەڵاتییەکان. نووسەر بە ئاماژە دان بە (یاسای هەڵبژاردنی سروشتی) کە لە لایەن (داروین)ەوە خراوەتەڕوو، دەیەوێت پێمان بڵێت نەبوونی جوانی لە ڕۆژهەڵاتدا بە شێکی پەیوەستە بە نەبوونی مافی هەڵبژاردن، واتا ژیانی تاک لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەسەریدا سەپاون نەک ئەو شتانەی کە خۆی بیر لە هەڵبژاردنیان دەکاتەوە. هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە هەریەکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لە بارەی جوانی (هزر و گوفتار و جەستە و سروشت و هونەر...هتد) تەواو لە ڕاستی تیڕوانینەکانی نووسەر نزیکمان دەکاتەوە سەبارەت بە پێگەی جوانی و کارو کاردانەوەکان لە هەمبەر جوانی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان.

**نووسەر بە ئاماژە دان بە (یاسای هەڵبژاردنی سروشتی) کە لە لایەن (داروین)ەوە خراوەتەڕوو، دەیەوێت پێمان بڵێت نەبوونی جوانی لە ڕۆژهەڵاتدا بە شێکی پەیوەستە بە نەبوونی مافی هەڵبژاردن، واتا ژیانی تاک لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەسەریدا سەپاون نەک ئەو شتانەی کە خۆی بیر لە هەڵبژاردنیان دەکاتەوە**

ئازادی لایەنێکی دیکەی شیکردنەوە ڕەخنەییەکان پێک دەهێنێت، نووسەر ئاماژە بە کوشتنی ئازادی دەکات لە ڕۆژهەڵتدا بە جۆرێک ویستی ئازادی واتا هەڵبژاردنی مەرگ، ئازادی لای ڕۆژهەڵاتییەکان و هەر هەنگاوێک کە بەو ئاراستەدا دەدرێت لە لایەن هەموو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی لەناوبردن دەبێتەوە، کە بە بڕوای نووسەری کتێبەکە ئەو دژایەتیکردنە لە خێزانەوە دەست پێدەکات و هەریەکە لە دەرودراوسێ و کۆمەڵگە لەم دژایەتی و کوشتنەدا بەشدارن. واقیعی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتدا و کۆبوونەوەی هەریەکە لە ئاین و هەژموونی حیزبی و عەشیرەت گەرایی لە نێو فۆرمی دەسەڵات، هەمیشە هۆکارن لە بەرتەسککردنەوە و کوشتنی ئازادی. لە بەشێکی ئەم نووسینەدا نووسەر دێتە سەر باسی ئازادی ڕەگەزی لە ڕۆژهەڵاتدا، کپکردنی ئازادی ئافرەت لە لایەن نێرینەکانی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو. ئەگەر سەرنج لە مێژووی ڕۆژهەڵات بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئافرەت خاوەن کەسایەتی خۆیان نین و هەمیشە ئامێرێک بوون بە دەست نێرەوە بۆ پڕکردنەوەی حەز و ئارەزووەکان. لای نێرە ڕۆژهەڵاتییەکان ئافرەت واتا ئەو بوونەوەرەی کە دەبێت بە درێژایی کات لە چوارچێوەی ماڵدا کاربکات و ئارەزووەکانی نێر تێر بکات، جا چ لە چوارچێوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا بێت یان وەک خزمەتکار و کەنیزەک. ئامادەنەبوونی دەنگی ئافرەت لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەوڵ هەبووە بۆ تێپەراندنی ئەو دۆخە چەقبەستووەی کە ئافرەتە ڕۆژهەڵاتیەکانی تێدایە، بەڵام بە هۆی ئەو بوونیادە ئاینی و کۆمەڵایەتییەی کە ئافرەت لەسەری پەروەردەکراوە و لاوازییەکی بە تەواوی جومگەکانی ژیانی بەخشیوە لە ئەنجامدا ئەو هەوڵانەش بوون بە خەونێکی کوژراو. فراوانی چەمکی ئازادی لە ژیاندا وای کردووە کە مرۆڤ هەموو دەم خەون بە وەدیهێنانیەوە ببینێت بە تایبەتی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان کە تەواوی ئازادییەکانی تێدا کپکراوە، ئەم فراوانیەش واکردووە لە هیچ کۆمەڵگەیەکی جیهان، ئازادی ڕەها بوونی نەبێت، واتا ئەو کۆمەڵگایانەش کە خاوەن ئازادی فراوانن، بەدەر نین لە نەبوونی ئازادی لە لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان، جا ئەو ئازادییە چ ئازادی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئاینی، سیاسی و ئازادی بیروڕا بێت.

**ئەگەر تێکستە شیعرێک لە چوارچێوەی ستایشی سەردار و باڵایی بەخشین بە ئایین نەبێت بە نەشیاو و هەندێ جار بە تاوان و کفر هەژمارکراوە. ئەم تیڕوانیینە بە جۆریک لە نێو ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕەگی داکوتاوە تا ئێستاش ئەو بە کەم بینین و بە سووک ڕوانینە لە هەمبەر بەرهەمە شیعری و فیکریەکاندا دەبینرێن، کە لە ئەنجامی ئەو شێوازی لێکدانەوەیە دروست بووە کە بە ناوی ئایینەوە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بوونیان هەیە**

کوشتنی هونەر لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بەشێکی دیکەیە لە شیکردنەوە ڕەخنەییەکان، نووسەر لە ڕێگای تێروانینی کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی بۆ هونەر، دەیەوێت ئاشنامان بکات بە ڕۆڵ و بەهای هونەر کە لە کۆنەوە لەو ناوچانەدا بوونیان هەبووە وەک هونەری شیعر و مۆسیقا و نیگارکێشی. شیعر لە ڕۆژهەڵاتدا باڵاترین هونەر بووە لە چاو جۆرەکانی دیکەدا، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام و دواتریش تا لە ژیان مانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، شیعر تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕێزی لێگیراوە، دەتوانیین بڵێین لەوە بەدوا نەفرەتە نامۆ ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەمبەر شیعردا دەست پێدەکات، بە جۆرێک ئەگەر تێکستە شیعرێک لە چوارچێوەی ستایشی سەردار و باڵایی بەخشین بە ئایین نەبێت بە نەشیاو و هەندێ جار بە تاوان و کفر هەژمارکراوە.

ئەم تیرِوانیینە بە جۆریک لە نێو ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕەگی داکوتاوە تا ئێستاش ئەو بە کەم بینین و بە سووک ڕوانینە لە هەمبەر بەرهەمە شیعری و فیکریەکاندا دەبینرێن، کە لە ئەنجامی ئەو شێوازی لێکدانەوەیە دروست بووە کە بە ناوی ئایینەوە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بوونیان هەیە.

ئەگەر لە واقعی موزیکیش بڕوانین دەبیننین کە مۆزیکیش بە هەمان شێوەی هونەری ڕەوانبێژی و شیعر ڕووبەڕووی ئاستەنگ و تێکشکان بووەتەوە، ئەم هونەرە بە جۆرێکی هێند نەشیاو و قێزەون وێناکراوە لە ڕۆژهەڵاتدا، کە نەک بە کارکردن تێدا بەڵکو ئەگەر وەک گوێ گرێکیش ئاشنایەتیت لەگەڵ ئەم هونەرەدا هەبێت، ئەوا لە ڕێگای کۆمەڵێک چیرۆکی داتاشراوی خورافی کەشێکی پڕ ترس و تۆقاندنیان بە ژیانمان بەخشیوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ناساندن و ناوبردنی ئەو کەسانەی کە بە موزیک و گۆرانییەوە خەریکن بە جۆرێکی نەشیاو و کەمکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتی و کەسییەکانیان لە ڕێگەی بە کارهێنانی ئاوەڵناوی نادروست بۆ ناساندنی کەسانی هونەری و هونەرەکەیان، کە چاوەش و لۆتی لەو ئاوەڵناوانەن کە لە بری موزیکژەن و گۆرانیبێژ بەکارهاتوون، بەدەر لەو کۆت و بەندە ئایینی و کۆمەڵایتییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەن، زاڵبوونی ڕۆحییەتی شەڕانگێزی لای ڕۆژهەڵاتییەکان هۆکارێکی دیکەیە لەو بە کەم بینینەی کە بۆ هونەریان هەیە، خۆ ئەگەر دەرگایەکیش بە ڕووی ئەم هونەرەدا واڵا کرابێت لە لایەن سەردارەکانەوە بووە، ئەوەش بۆ پەردەپۆشکردنی شکست و ناشیرینیەکان بەکاریان هێناوە.

بۆ هونەری نیگارکێشی و پەیکەرسازیش، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتییەکان خاوەن سەلیقەیەکی جوان بوون لەم ڕووەوە، بەڵام ئەم هونەرەش وەک هونەرەکانی دی لە نەفرەتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان دەربازی نەبووە، بە ڕادەیەک کە تێکشکاندنەکان بەدەر لە هونەرزانەکان کارە هونەرییەکانیشی گرتوەتەوە و تەواوی هونەرەکەیان بە حەرام لە قەڵەم داوە وەک ئەوەی نووسەر هەڵوەستەی لەسەر کردووە. لە تەواوی ئەو ڕوانینانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆژهەڵاتییەکان تەواو پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکانن لە تیرِوانینیان بۆ هونەر. لە ڕۆژهەڵاتدا

ئەگەرچی بە کەم دەڕواننە هونەرمەند و بەرهەمە هونەرییەکەی بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو کار بۆ بنبڕکردن و لەناوبردنی تەواوی هونەر دەکەن، لە کاتێکدا ڕۆژئاواییەکان بە چاوێکی پڕ لە پاڵپشتی و ڕێزەوە لە هونەر و کەسانی هونەری دەڕوانن و بوونی کاری هونەریش بە بەشێک لە شانازییە کۆمەڵایەتییەکانیان دادەنێن.
نووسەر بە کەڵک وەرگرتن لە شاکارە شیعری چەند شاعیرێکی کورد، چەند ڕاستییەکی مێژوویمان دەخاتە پێش چاو، کە لە شیعرەکانیاندا پێگەی هونەریان لەوسای کۆمەڵگەی کوردی وەک بەشێک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان دەرخستووە. ئەحمەدی خانی هەستی بەو هونەرکوژییە کردوە کە لە ڕۆژهەڵاتدا بوونی هەبووە و ئەمەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، سەرباری ئەوەش بە باڵا ڕوانین بۆ هونەری بێگانە نەریتێکی باوی ڕۆژهەڵاتییەکانە، ڕاستە ڕۆژئاواییەکان خاوەن پێگەیەکی باڵان لە داهێنان و هونەردا لە چاو ڕۆژهەڵاتییەکان، کە ئەوەش بۆ ئەو هاندان و ڕێزگرتنە دەگەڕێتەوە کە لە ڕۆژئاوادا بوونی هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا هەمیشە کۆمەڵێک هۆکار و ڕێگر هەیە لەبەردەم ئەو دەستانەی کە کار بۆ باشتر و جوانکردنی هونەری ناوخۆ دەکەن، وەک ئەوەی عەبدوڵا گۆران لە شیعری (دەروێش عەبدوڵا)دا تیشکی دەخاتی سەر.

کوشتنی کات لای ڕۆژهەڵاتییەکان بەشێکی دیکە لە لێکۆلینەوە شیکارییەکانی ئازاد حەمە پێک دەهێنێت. گرنگی کات لە ژیانی مرۆڤدا پەیوەستە بەو سنووردارییەی کە کات بە مرۆڤی بە خشیوە، ڕوونتر مەرگی مرۆڤەکان واتا بێ ئاگابوون لە خولگەی کاتژمێرەکان و بەشداری نەکردن لە ڕێڕەوی ڕۆژەکان، کوێربوون لە ئاست تیشکی هەتاو و درەوشاندنەوەی مانگ، نە بینینەوەی خود لە گەڕانێک بە نێو وەرزەکانی ژیاندا. چرکە، خولەک، کاتژمێر، شەو، ڕۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ، دەیە و سەدە پێکهێنەرەکانی کاتن، لە ڕووی دابەش بوونەوە کات دابەش دەبێت بەسەر (ڕابردوو، ئێستا و ئایندە). تەواوی کردەوەی بوونەوەران و بە تایبەتی مرۆڤ پەیوەستە بە کاتەوە، نان خواردن لە کاتی برسێتیدا، پشوودان لە کاتی ماندووبووندا و بەجێ هێنانی ئەرک و بەسەر بردنی ساتێک لەگەڵ دەورووبەردا لەو کردانەن.
نووسەر لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیدا دەستنیشانی ئەو جیاوازییە دەکات کە لە نێوان ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکاندا هەیە سەبارەت بە گرنگی کات، پەیوەست بوون بە ڕابردوو دیارترین شتە لای ڕۆژهەڵاتییەکان و وابەستەن پێوەی. ڕاستە ئێستا ئەو زەمەنەیە کە چ ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان تێدا دەژین، بەڵام ئێستا لای ڕۆژهەڵاتییەکان گرنگیەکی زۆری نییە و بیر لە ژیانی دوای مردن دەکەنەوە، لە کاتێکدا ڕۆژئاواییەکان زیندوویەتییەک بە ئێستایانەوە دیارە و نرخ بۆ ساتەکان دادەنێن و بەرنامەڕێژی بۆ ئایندە دەکەن. نووسەر بە کەڵک وەرگرتن لە دیدی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان و ماتیریالییەکان دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە پابەندبوون بە کات پەیوەستە بە ئاستی هۆشیارییەوە. نزمی ئاستی هۆشیاری ڕۆژهەڵاتییەکان

هۆکاری سەرەکییە لە بە کەم بینینی بەهای کات و پێچەوانەکەشی لە بارەی رۆژئاواییەکانەوە دروستە. لە درێژەی باسەکەی سەبارەت بە کات نووسەر ئاماژە بە چەند دەربڕینێکی رۆژانەی تایبەت بە کات دەکات لە ناو رۆژهەڵاتییەکان، لە رێگای ئەو دەربڕینانەوە نەبوونی هیچ نرخێک بۆ کات لە رۆژهەڵاتدا هەستی پێ دەکرێت، لەو دەربڕینانەش (پەلەی چیتە) ، (ئەمرۆنا سبەی) لەگەڵ چەندا دەربڕینی تر کە تێکڕایان لەو ڕوانگانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ کات هەیانە. ڕۆژئاواییەکانیش پەیوەستن بە بیرۆکەی (Carpe Diem) واتا (خۆشی لەمڕۆ وەرگرە و مەیەڵە رۆژگار بڕوات) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم،لێرەوە هەست بەو راستییە دەکەین کە کات چ گرنگییەکی لای رۆژئاواییەکان هەیە چۆن هەموو هەوڵێکیان لە مڕۆدا کۆکردوەتەوە.

ئەو لایەنانەی کە نووسەر لە ڕێگای رەخنە شیکارییەکانییەوە هەڵوەستەی لەسەر کردووە، هەڵگری خوێندنەوەی جیاوازتر و قوڵترە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگی هەیە ئاماژە دانە بە گرنگی کتێبەکە کە پەنجەی خستوەتە سەر تەواوی برینەکانی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان. ئەوەی کتێبێک لە دوای خوێندنەوە لای خوێنەر جێی دەهێڵێت پەیامی کتێبەکەیە، پەیامی کتێبەکانیش پەیوەستە بە تایبەتمەندی پەیامەکەوە. پەیامەکانی ئازاد لەم کتێبەدا جگە لە ئاشکرادنی کارە درێوەکان و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە کوشتنی ئەو لایەنانە هەوڵێکە بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو کارە چەوتەکانی ڕابردوو کە تەواوی جومگەکانی ژیانی ڕۆژهەڵاتییەکانی گرتوەتەوە.

*کوشتنی خەونەکان لە ڕۆژهەڵاتدا، د.ئازاد حەمەشەریف، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری ڕێژیار.

# نووسینەوەی وشە سوورەکان

غەمگین بۆڵی

نووسینەوەی ئەزموونی شیعری و یاداشتنامەی هەر شاعیرێک بەندە بەخودی شاعیرەکەوە، پێویستە خودی ئەو شاعیرە بەنێو کۆڵانەکانی یادەوەریی خۆیدا پیاسە بکات و لە پەنجەرەی ئایندەی تەمەنی لێیەوە بڕوانێت. شاعیری ڕاستەقینە بۆ نووسینەوەی ژیاننامە و ئەزموونی شیعری خۆی پەنا بۆ شاعیری تر نابات! بەڵکو خۆی کە (پاڵەوان)ەکەیە دەبێتە کارەکتەری سەرەکی هۆنینەوە و بەبێ پەیوەستبوون بەلایەنێکیتر و زۆری لەخۆکردن ئەوەی پێی شیاوی نووسینە، دەینووسێت. ئەو شاعیرەی توانای نووسینەوەی ئەزموونی ژیانی خۆی نەبێت، لەگەڵ بوونگەرییەتی ناوەوە و بوونگەرییەتی دەرەوەی خۆشی ڕاستگۆ نییە. شاعیری ساختە خاوەن ڕۆژگارگەلێکی تایبەتمەندە و تەنیا لەو ڕۆژگارانەش بوونی هەیە کە بەهەر هۆکارگەلێکەوە بووبێت بۆتە خاوەنی ئەو جۆرە بوونەساختەیە! شاعیر کاتێک بە ستوونی فانتازیاکانی خۆیدا هەڵدەزنێت بۆ ترۆپکی نووسین، دەبێت هەڵوەستە لەسەر چەمکی جواننووسی و حەقنووسی بکات، هەر دەبێت ئەمانەش ببنە هەوێنی هۆنینەوەی یاداشتەکانی عومری هەڵڕژاوی. لێ شاعیری ساختە بۆ ئەوەی لایەنە ناشازەکانی شیعر و لاوازی ئاستی ڕۆشنفیکری حەشار بدات، یانیش ئەو لایەنانەی کە وەک (بنووس) نەیتوانیوە لەنێو ڕاستەقینەکانی ژیاندا ئاوێتە بێت. بۆیە بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکەی چەشنی ئەو کچە ڕووخسار ناشازەی کە بەرلە

پرۆسەی هاوسەرگیریی بە هەزار و یەک شێوەی مۆدێرن و بۆیەی بوکێنی دەیڕازێننەوە بۆ ئەو ڕۆژەتایبەتییە. دەلوێت جوانییە ڕەهاکاتییەکانی لەدوای ئەو ڕۆژەوە هێدی هێدی لەباربچێت، دەشێت وەهاش سەیری شیعری شاعیری ساختە بکەین. لێ دەبێت جیاوازی لە نێوان ستایلی نووسینی شاعیری ساختە و شاعیری ڕاستەقینەشدا بکەین، شاعیر ڕاستەقینە شێوازەکانی فۆرم و ستایلی شیعرەکان ڕەت دەکاتەوە و بە شێوازێکی نوێی و ڕۆحێکی داهێنەرانە دەنووسێت. ئەوانەی سەرەتا شێوازی نووسینی شیعر دەست نیشان دەکەن، ئەوانە هەمیشە بەهەڵەدا دەچن!. شاعیری ساختە تەواو پێچەوانەیە و بۆ هەمیشەش لە دام و دەزگاکانی حکوومەتیشدا پلە و پایەی بەرزترە، تاکو ڕادەیەکی بەرچاویش ژیانی خۆشنودی ترە. ئەوانەی جیاوازی لە نێوان شاعیری ساختە و مرۆڤی باشدا دەکەن، دەبێت جیاوازی لەنێوان مرۆڤی باش و شاعیری خراپیشدا بکەن.

**شاعیری جواننووس ناچەمێتەوە و بچووکیش نابێت لەبەردەم هیچ بارودۆخێکی ژیاندا. لێ دوورە پەرێزدەخرێت و درەنگتر بەدیار دەکەوێت. شاعیر هەیە دوورەپەرێزە و تاکو ئێستایش بەرهەمەکانی نەکەوتوونەتە بەر تیشکی توێژەرەوانی بواری ئەدەبیات. بەشێکی تری شاعیرانیشخۆیان بەتەنافی سیاسەتەوە هەڵواسیوە و لەم ڕۆژگارگەلەی تێیدا ژیاون میدیاکانی ئەو دەسەڵاتە کردوویانەتە سوپەرمانی شیعر**

ئەمڕۆ هەندێک تەنها لەبەر ئەوە گەورەن و گەورەبوونە، کە سیستەمی حکومڕانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە گەورەی کردوونە، یاخود ئەوانەی دەورووبەرییان سیستەمی ئەو سیاسەتە بە بچووکی کردوونەتەوە. شاعیری جواننووس ناچەمێتەوە و بچووکیش نابێت لەبەردەم هیچ بارودۆخێکی ژیاندا. لێ دوورە پەرێزدەخرێت و درەنگتر بەدیار دەکەوێت. شاعیر هەیە دوورەپەرێزە و تاکو ئێستایش بەرهەمەکانی نەکەوتوونەتە بەر تیشکی توێژەرەوانی بواری ئەدەبیات. بەشێکی تری شاعیرانیش خۆیان بەتەنافی سیاسەتەوە هەڵواسیوە و لەم ڕۆژگارگەلەی تێیدا ژیاون میدیاکانی ئەو دەسەڵاتە کردوویانەتە سوپەرمانی شیعر. هەیانە بەپێنووسەکەی زووڕنا بۆ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لێدەدات لەبەرامبەریشدا مووچە وەردەگرێت. جیا لەوانەش ئەو

شاعیرانەی کە هەمیشە سەر ئێشەن بۆ سیستەمی حوکمڕانی وڵات و دەسەڵاتی سیاسی بەشێکی زۆریان شاعیری راستەقینەن، ئاخر شاعیر راستەقینە خۆی ناکاتە کۆیلەی هیچ ئایدەلۆژیایەکەوە. ئەو شاعیرانەی کە هاوڕای بیر و ڕای سیاسەت و ئایدەلۆژیا بوون ئەوانە هەمیشە (شاعیر)ی پێنووس چرووک بوونە و نەیانتوانیوە لەهەناوی ئەدەبیاتدا داهێنانی گەورە و رۆحی ڕاستەقینەی شیعرییەتیان بدۆزنەوە. ئەگەر بلوێت ئەوانە لەبارەی خۆیانەوە بنووسن، ئاخۆ دەبێت چی بنووسن ؟ ئایا چۆن باسی ئەزموونی شیعریان دەکەن ؟ ئاخۆ دەبێت ئامرازەکانی شیعرییەتیان کامانە بن؟

شاعیری گەورە کە خۆی دەنووسێتەوە هەموو ئەو شتەهەست پێکراوانەش دەنووسێتەوە کە لەدەورووبەریدا بوونیان هەیە و هەستییان پێدەکات. ئەوە بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەمیشە سەردەمەکان تێدەپەڕێنن و زیاتر دەژین، ئاخر ئەوان لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە تەواوی ژیانی دەورووبەرییان لەرێگەی شیعرەوە نووسیوەتەوە. ئەوەتا ئەحمەدی خانی لە ڕێگەی داستانی (مەم و زین )ەوە ئەوەی لەناوەوەی خۆیدا مەبەستی بووە و ئەوەی لەدەرەوەی خۆشیدا هەستی پێکردووە نووسیویەتی. هەر بۆیە شاعیرانی کلاسیکی لە شیعرەکانیاندا خۆیان لەو زەمەنانەدا نووسیوەتەوە و رۆحی داهێنەرانە و ئیستاتیکایان بەبەرناوە کە بە ڕۆحێکی پڕ لە هەڵویست تێیدا ژیاون. داهێنانە بەرزەکانی شاعیرێکی وەک نالی بەهیچ سەردەمێک ناچەمێتەوە و ڕۆژگارەکانی زەمەنی داهاتووش ناتوانن کاریگەریی لەسەر دروست بکەن. یاخود گەورە شاعیرێکی وەک (ستیگ داگەرمان) بۆیە لەکاتی خۆیدا باسی خوێنی دەکرد، چونکە لە ڕۆژگارەکانی ئەو زەمەنەدا تەواوی ئەوروپا خوێنی لێ دەڕژا و خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، هەربۆیەش وەهای نووسیوە :

شەوت کە سوورە بەئاگر<br>خاکت کە سوورە بە خوێن .

**ڕەخنەگرمان هەیە بەو پەڕی قووڵیی خۆیەوە لەبارەی میتۆدی ڕەخنەیی و زمان و کولتوور و دەیان چەمک و تەوەری تر دەنووسێت. لێ کە کار دەگاتە سنووری وشە سوورەکان سەری پێنووسەکەی شۆڕ دەکات و دەگەڕێتەوە هەمان ژووری بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە پەنجەرەکەیەوە سەیری گۆڕەپانەکە دەکاتەوە**

پێموایە یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی ئەمڕۆ بریتییە لە هەڵویست و بوێری. شاعیرگەلێک هەڵوێستییان داتەپیوە و بەشێکی زۆریش پێنووسی بوێرییان

کوڵبووه. هەشیانە تەنیا خۆی بەتەنافی مەسەلەکانەوە هەڵواسیوە. (ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە شاعیران خوێنەرەکانیان هانبدەن بۆ ڕووخاندنی حکوومەت، بەڵکو مەبەستمانە بڵێین بەلایەنی کەم هەڵوێستییان هەبێت و بەرچاو ڕوونی بدەنە خوێنەرانەوە، نەک هەر وەک تەماشاکار لەپەنجەرەی ژووری بەرژەوەندییەکانییەوە سەیری شەقامەکان بکات). ڕۆماننووسێکی وەک دۆیستۆفسکی لە زۆرێک لە بارودۆخەکاندا بە بێگوێدانە یاسای حیزبەکان و سیاسەتی حکومەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی کاربەدەستانی ڕووسیا و سیستەمی سیاسیی ئەورووپای ڕۆژئاوا کردووە، لە پێناو یەکڕیزی وڵات و خۆشگوزەرانی خەڵک. ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە شاعیرانی ئەمڕۆ کەم دەبینرێت. ڕەخنەگرمان هەیە بەو پەڕی قووڵیی خۆیەوە لەبارەی میتۆدی ڕەخنەیی و زمان و کولتوور و دەیان چەمک و تەوەری تر دەنووسێت. لێ کە کار دەگاتە سنووری وشە سوورەکان سەری پێنووسەکەی شۆڕ دەکات و دەگەڕێتەوە هەمان ژووری بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە پەنجەرەکەیەوە سەیری گۆڕەپانەکە دەکاتەوە. بۆچی دەبێت نەوەی نوێ قسە و بۆچوونی لە تەواوی پرسەکاندا هەبێت و لەکاتێکدا ڕەخنەگرە بە ئەزموونەکان و شاعیرە ناو قەبەکان هیچییان پێ نەبێت بۆ نووسین!.



(ئێدیت سۆدێرگران)

ئێدیت سۆدێرگرانی شاعیری سوێدی کە لە تەواوی شیعرەکانیدا لە ژیان و ئەزموونی خۆی هەڵکۆڵیوەتەوە. بەتەنیا نەهاتووە باس لەخەمی خودی تاکەکەسی خۆی بکات. ئەو خۆی لەو ڕۆژگارانەی سوێددا دۆزیوەتەوە و لە گۆشەنیگای ئیستاتیکا و دەلاقەکانی جیهانبینییەوە سەیری دنیای خۆی و دنیای دەرەوەی خۆی کردووە لە شیعرەکانیدا ڕەنگییان داوەتەوە. من لێرەدا باسی تایبەتمەندییەتی نووسین ناکەم، کە کافکا لەنێو تەواوی نووسینەکانیدا پەردەیەکی ڕەش بوونی هەیە و تەواوی شتەکانی داپۆشیوە. من باسی پەردە ڕەشەکە ناکەم، بەڵکو دەمەوێت ئەوە بەیان بکەم، کە بۆچی ئەم پەردەیە ڕەشە و هۆکاری ئەودیوی ڕەشییەتییەکەش چییە؟

# بۆ تووڕەم؟
# دانپێدانێکی ئارام دەربارەی توڕەیی

نەوزاد جەمال

**پێشەکی**

هەمیشە مرۆڤی تووڕە کەمتر هەست بەتووڕەیی و تەوسنی خۆی دەکات , چونکی بەردەوام خۆی لەسەر هەق دەبینێ و خۆشی پێڕاستە. واتە توڕەیی بەمافێکی ڕەوای خۆی دەبینێ , بەتایبەت کە دواتر پاساوی ئەقلانی بۆ دەبینێتەوە. ئایا لەکاتی توڕەبووندا ئەقڵ و هزر لە کوێی بیرکردنەوە و کاری دروستی مرۆڤدان؟

هەڵبەت خۆپەسەندیی و خۆبەباشزانینیش زۆربەی کات تووڕەبوونی لێدەکەوێتەوە. بەش بەحاڵی خۆم لەژیانی ڕۆژانە و مامەڵەکردنم بەتایبەت لەگەڵ خۆشەویست و دۆست و خزم و تەنانەت ئەوانەی کاریشیان لەتەکدادەکەم و ئەوانەشی کەنایان ناسم , تەنکە تووڕەییەکەم پێوەدارە. ئەگەرچی ئەم دانپێدانانە لەتوڕەییەوە نییە , بەڵام زۆرجاریش لە ساتێکی هەڵچوون و توڕەییدا کە خۆم دەگرم , لە هەستێکی ناخۆشدا خۆم دەبینمەوە کە بۆ دەبێ سەرزەنشتی ئەو بارەدەروونییە سروشتییەی خۆم بکەم؟

بۆیە هەمیشە خۆشم و نزیکانم دەپرسن لەپای چی ئەو توورەییە و بۆچی هەڵدەچی؟ لەوانەیە تاڕادەیەک بزانم ، تورەیی بەهۆی چییە ، وەلێ دەترسم توورەییەکەم بخەمە ملی فەلسەفە یا خەمخۆری و وشیاری خۆم سەبارەت بەو واقیعە پڕ لە ناسۆر و مەینەتییەی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە تێیدا گینگڵدەدات کە ئەمە بەهۆکارە بابەتییەکان دەزانم. بەڵام دەشبێ هۆکارگەلێ کە پەیوەستن بەخودی خۆمەوە و لەپشتئەوەوە هەبن کە بۆ «من» زۆربەی کات خێرا توورەدەبم و لەچی سەخڵەت و مووم گرژدەبێ؟

شێواویی دەروونی یا هەلومەرجی شێواو؟

نازانم ئەم وتانە لێرەدا پاساوێکن بۆ شێواوی باری دەروونیم و بەشێکە لە بێدەسەڵاتی و زەبوونی و بێهێزیم؟ یا کاردانەوەیەکی سروشتییە لە بەرامبەر ئەو هەڵوسوکەوتە رۆژانەییانەی کە بۆ نموونە لەسەر شەقامێک بەهۆی شۆفێرێکی نەزان و بێرێزەوە کاتێ دەشکێنێتەوە سەرم ، سەرهەڵدەدات؟ یا بەهۆی فەرمانبەرێ لە فەرمانگەیەکدا کە سووکایەتم پێدەکات و کارەکانم پشتگوێدەخات؟ یا بەرامبەر ئەوکەسانەی کە تێمناگەن و بەو جۆرە منیان دەوێ کە بەدڵیی خۆیانە؟ یا تورەییەک لە گرانی و خراپی رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا نەهاتنەدی چاوەڕوانی و مافەکانی خۆمە ، کەهێندە تورەم لەبەر فشار و شپرزەیی دەروونی؟ یا زۆری کێشە و گرفتی وردیلە و گەورەن کە من و ویژدانی زیندووەکانی تریش توورە و هەڵدەچێنێ؟ ئەوەچییە وادەکات ئێمە هەستیارتر و زووتر بەشتە ناڕێک و ناسازەکان قەڵسبیین؟

## وێنەی من لەبەردەم ئەویتردا

هەمیشە خۆشەویست و دۆست و «دوژمن» وێنەیەکی زەینیی بۆ «تۆ» دەکێشن تا لەڕێیەوە کردار و هەڵسوکەوتی تۆی پێبخوێننەوەو بناسنەوە. بۆیە وێنەی تۆ لەبەرامبەر ئەویتردا ، نەخشێکی دوودیوە ، دیوێکی ئەوەیە کەخۆت دروستتکردووە ، دیوەکەی تریش دەستکردی کەسانی ترە. لێرەوە لەدیدوتێگشەیتنی خۆشەویشستەکەمدا من بەهەموو شتێ توورەم و توورە دەبم ، چونکی بەلای ئەوەوە چ شتێ نییە کە من توورەنەکات؟ ئاخر ئەو دەڵێ: ئەو هەموو «بیبەرەتوونەی» دەیخۆی چی لێدێ ئەگەر نەبنە گڕکانی توورەیی؟ لەوانەیە راستبکات ، بەڵام مەسەلەکە هەرئەوەندە نییە. چونکی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و هاتنی ئامێری نوێ و ژیانی سادەی کوردەواری بەرەو قورسی و ئالۆزیی و پڕ چاوەڕوانی گۆڕا. هاوکات بەهۆی زیادبوونی داواکاری و خواست و پێداویستی زۆر لەتاقەت بەدەرەکانەوە ، مرۆڤ دووچاری توورەیی بەردەوام دەبێ. لەوانەیە من و زۆرێ پێویستیان بە کۆرسی تیراپی کۆنترۆڵکردنی توورەیی» anger management» هەبێ.

## تورەیی(نیتشە)یانە و هۆشیاری و رۆشنبیری

هەڵبەت لێرە ئێمە مەبەستمان لە تورەیی باسکردنی دۆخێکی دەروونییە لە ڕوانگەی سایکۆلۆجییەوە , بەڵکو دەمانەوێ دووجۆر تورەیی بەسادەیی لێکجیابکەینەوە: تورەیی ئەقڵانی و نائەقڵانی. یەکێکیان لەسۆزو جۆش و هەڵچوونی ناخەوە سەرهەڵدەدات , ئەویتریش بە درک و تێگەیشتن و روانینێکی ئەقڵانییەوە سەرهەڵدەدات. بۆیە تورەیی نیشانەی هۆشیاری ئەقڵانییە کەمرۆڤ درک بەناتەواوییەکانی ژیان دەکات. پێی وایە دەبێ باشتربێ و شایەنی باشترە. ئەگەر تورەیی دەنگی ئەقڵ نەبێ و هەوڵنەدات رەوشە نالەبارەکان رەتنەکاتەوە , ئیتر ئەقڵ و ژیری چ رۆل و کاری خۆی دەکات؟

**پیتەر سلۆتەردایک پێی وایە مەینەتی و کێشەی شارستانییەتی ئەمڕۆ لەوەدێ کە نەتوانراوە ئەم هەستە دەروونییە بەباشی ئاڕاستەبکرێ لەشوێنی خۆیدا بەکاربێ و رۆڵبگێڕێ.**

**بۆیە سلۆتەردایک گریمانەیەکی سەرنجڕاکیشی هەیە کە مێژوو و کولتوور و شارستانیەتی خۆرئاوایی سەرلەبەر ئەنجامی تێنەگشیتنە لەتورەبوونی مرۆڤ و بەرجەستبوونی ئەو تورەییە**



## توڕەیی و تۆڵە و رق و کینە

توڕەیی شتێکی ترە لەرق و کینە. لەزمانی یۆنانی کۆندا وشەی (thymos) تیمۆس کەبەمانای توڕە و هەستی دانپێدانان و پەسەندکردن دێ و لە دیالۆگەکانی ئەفلاتون وەک «کۆمار» یشدا باسکراوە. هەڵبەت فەیلەسوفی ئەڵمانی «پیتەر سلۆتەردایک» لە شاکارێکی جوان بەناوی (زەمەن و توڕەیی- ٢٠٠٦) پەردە لەسەر ئەم هێزە دەروونییە دەخاتەسەرپشت و لە لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆسیاسیدا بەپشتبەستن بە ڕەخنەی فەلسەفی باشتر تاوتوێدەکات. سلۆتەردایک پێی وایە مەینەتی و کێشەی شارستانییەتی ئەمڕۆ لەوەدێ کە نەتوانراوە ئەم هەستە دەروونییە بەباشی ئاڕاستەبکرێ لەشوێنی خۆییدا بەکاربێ و رۆڵبگێڕێ. بۆیە سلۆتەردایک گریمانەیەکی سەرنجڕاکیشی هەیە کە مێژوو و کولتوور و شارستانیەتی خۆرئاوایی سەرلەبەر ئەنجامی تێنەگشیتنە لەتوڕەبوونی مرۆڤ و بەرجەستبوونی ئەو توڕەیییە.

بۆ نا , توڕەبوونی مرۆڤ لەسنورداری توانا سروشتییەکانی و تێپەڕاندنی لاوازیشی بەهۆی بەدستهێنانی زانست و هێزەوە لە نموونەی پاڵەوانە ئەفسانەیی و داستانەکانی خواوەندەکاندا هەمووی بەرجەستەکردنی ئەو رۆحە توڕە پەنگخواردووەیە لەمرۆڤدا کە تێینەگەیشتویین.

لەوانەیە دەربڕینی توڕەیی پەنگخواردنەوەی فشارێکی ناخەکی بێ کە مرۆڤێک هیچ شارەزانەبێ لە بینینەوەی کەناڵێک لەچۆنییەتی ئاڕاستەکردن و دەرهاویشتنی —فینتەلەیشن-دا. بۆیە هەر پیشخواردنەوە , کەڵەکەکردن و شاردنەوەی , کپکردن و دواخستنی , دواجار دەبێتە گرکانێک کە هەڵدەچێت بەتوڕەیی.

## دوا وتە

بەبەروارد بەو دەیان ساڵەی لە هۆڵەندا دەژیام و خۆراک و ژیانێکی جیاوازترم هەبوو , زیاتر کورد گوتەنی «مێشک ساردتر» و کەمتر دەمارگرژبووم. خۆراکم زۆرتر سەوزەمەنی و رووەک بوو , بەدەگمەن بەلای گۆشتی سوردا دەچووم , جگەلەوەی بەرنامەی ژیانم دیاریکراوتربوو لێرە. لە کوردستان بوومەوە بەگۆشتخۆر و لەگەڵ ئەوەی بەردەوام هەستی تاوان و ئازاری ویژدانم هەیە بەخواردنی! بەڵام هەستیشدەکەم زووتر قەڵەو و کەمتر تەندروستم و زۆرتریش توڕەم دەکات. ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێ کەزووتر بەشتی نارێک قەڵسدەبم و خێرا هەڵویست و بەرچەکردام تێدا دروستدەبێ. شپرزەیی و پەلەپرۆزێیی و پەرتی هزرو مێشک زۆرجار گوشارم بۆ دەهێنن. دەکرێ ئەم دۆخەی نامۆ و ناوازەنەبێ , بەڵام لەوانەیە ئەم شێوازەی ئێستام بۆ ئێرە باش بێ , وەک چۆن ئارامی بۆ ئەوێ گونجاوبوو. ئیدی من ناڵێم توڕەیی هەموو کات شیاو و دروستە , وەلێ شتێکی نامۆ و ناسروشتیش نییە!

# تێگەیشتن و ڕێگەگرتن لە خۆکوشتن

# Understanding and Preventing Suicide

ئامادەکردنی:

ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنس بۆ پێداویستی مرۆیی و مافی مرۆڤ



خۆکوشتن یەکێکە لە دیاردە بڵاوەکانی نێو کۆمەڵگەکان و دەتوانین بڵێین هەموو کۆمەڵگەیەک بەڕێژەی جیاواز پشکی خۆی بەردەکەوێت ، بەپێی سەرچاوە کۆنەکان خۆکوشتن دیاردەیەکی نوێ نییە و لە دێرزەمانەوە هەیە و لە هەموو سەردەمێکدا کەسانێک هەن بەدوای مردندا دەگەڕێن و بە تەنها هۆکاری دەزانن بۆ خۆڕزگارکردن لە مەینەتیەکانی ژیان!

هەروەها توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە دەکەن بە هەڵکشانی ڕێژەی خۆکوشتن و زیادبوونی لە سەرتاسەری جیهاندا. لەیەکێک لە سەرژمێرییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) دەرکەوتووە کە رێژەی خۆکوشتن لە جیهاندا ساڵانە دەگاتە ٨٠٠ هەزار تا ٩٠٠ هەزار حاڵەت. بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئێستا خۆکوشتن لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بریتییە لەو ١٠ هۆکارە سەرەکییەی کە دەبنە هۆی مردن، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا خۆکوشتن بریتییە لە سێیەم هۆکاری لە ناوچوون دوای نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە. لە وڵاتە ئەسکەندەنافیەکانی وەکو (سوید، نەرویج، دانیمارک) رێژەی ٤٠ کەس لە ١٠٠ هەزار کەس لە ساڵێکدا خۆیان دەکوژن ، لە ئەمریکاش ساڵانە زیاتر لە سی هەزار کەس خۆیان دەکوژن، واتە (٨٥) کەس لە ڕۆژێکدا، بە مانایەکی دی هەر بیست خولەک کەسێک خۆی دەکوژێت، هەروەها ساڵانە ٦٥٠ هەزار کەس هەوڵی خۆکوشتن دەدەن لەو وڵاتەدا. دیارە ئەم ڕێژانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی گۆڕانی بەسەردێت، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانەی دێنە ئاراوە.

## خۆکوشتن (suicide) چییە؟

بریتییە لە کۆتایی هێنانێکی دەستکردانەی مرۆڤ بە ژیانی خۆی. ئەم کارەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خۆیەتی دەرهەق بەژیانی خۆی و هەندێک جار کارەکە سەرکەوتوو دەبێت و ژیانی کۆتایی دێت، بەڵام هەندێک جار سەرکەوتوو نابێت و لە ژیاندا دەمێنێتەوە.

## هۆکارە مەترسیدارەکانی خۆکوشتن:

هۆکارەکانی خۆکوشتن لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە هۆکارەکانی خۆکوشتنن:

١. تەمەن: ئەو کەسانەی لە مەترسی خۆکوشتندان، زیاتر گەنجانن لە نێوان تەمەنی ١٥ — ٢٥ ساڵی، هەروەها پاش تەمەنی (٦٥ ساڵی) ئەگەری خۆکوشتن زۆرە بەتایبەت لەو کەسانەدا کە بەتەنیا دەژین . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆکوشتن لەهەموو تەمەنێکدا هەیە.

٢. ڕەگەز: خۆکوشتنی تەواوەتی لە ڕەگەزی نێردا زیاترە لە ڕەگەزی مێ بەرێژەی چوار ئەوەندە، بەڵام هەوڵی خۆکوشتن لە ڕەگەزی مێینەدا زیاترە لە ڕەگەزی نێر بەرێژەی سێ ئەوەندە.

٣. باری خێزانی: خۆکوشتن لەو کەسانەدا کە هاوسەریان هەیە کەمترە، بەڵام لە تاکی بێ هاوسەر یان ژن و پیاوی تەڵاقدراودا زیاتر ڕوودەدات.

٤. ئایین: خۆکوشتن کەمترە لە ناو هەوادار و شوێنکەوتوانی ئاییندا بەراورد بە بێباوەڕان، هەروەها ڕێژەی خۆکوشتن لەناو مسوڵمان و جولەکە و کاسۆلیکدا کەمترە بە بەراورد لەگەڵ پروتستانت. بۆ نموونە زۆر حاڵەت کە بێزارە لە ژیان و فکری خۆکوشتنی هەیە، کاتێک پرسیاری لێدەکرێت چی ڕێگرە لەوەی خۆت نەکوشتووە، لە وەڵامدا دەڵێت لە ترسی خوا، بە تایبەت لە کۆمەڵگە مسوڵمانییەکاندا، لەبەرئەوەی لە قورئاندا بەڕاشکاوی باس لە حەرامی خۆکوشتن دەکات و دەفەرموێت (ولا تقتلوا انفسکم ان الله کان بکم رحیما). یاساغکردنی خۆکوشتن بەو شێوازە لە دیندا، بۆتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی خۆکوشتن لە نێو کۆمەڵگا باوەڕدارەکاندا.

٥. ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری : ڕێژەی خۆکوشتن لە ئاستە کۆمەڵایەتییە بەرزەکاندا زیاترە، هەروەها لە ناو شارە گەورەکاندا زۆرترە وەک لە گوندەکان.

٦. وەرزی ساڵ: کاتێکی دیاریکراو و تایبەت نییە بە خۆکوشتن بەڵام دەرکەوتووە ڕێژەی خۆکوشتن لە بەهار و پایزدا کەمێک بەرزترە.

٧. نەژاد (عرق) : خۆکوشتن لە ناو سپی پێستدا زیاترە لە ڕەش پێست، هەروەها کەمترە لە ناو ئەو ئەقەلیات و گروپە بچووکانەی پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوانیاندا.

٨. جۆری پیشە: بێ کاری و نەبوونی سەرچاوەی ژیان یەکێکە لە هۆکارە زۆر مەترسیدارەکانی خۆکوشتن، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی هەر جۆرە پیشەیەکیش بێت مەترسی خۆکوشتنت هەیە و تەنانەت هەندێک پیشە ڕێژەی خۆکوشتن تیایاندا زۆرترە لە پیشەکانی تر وەکو پزیشک، پزیشکی ددان، ئەفسەری جێبەجێکار، ..

٩. حاڵەتی تەندروستی جەستەیی: توشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەن و مەترسیدارەکان وەکو ئەیدز، شێرپەنجە.

١٠. حاڵەتی تەندروستی دەروونی : تێکچونەکانی تەندروستی دەروونی بە یەکێک لە بەهێزترین هۆکار و پاڵنەرەکانی خۆکوشتن دەژمێردرێن و لە ناو ئەو کەسانەدا ٣ — ١٢ ئەوەندە زیاترە بەراورد بە خەڵکی ئاسایی. بەتایبەت حاڵەتی خەمۆکی، سکیزۆفرینیا، دڵەڕاوکێی، ئالودەبووانی ئەلکحول، تێکچونی کەسایەتی .

## چۆن خەمۆکی دەبێتە هۆکارێک بۆ خۆکوشتن؟

(٣٠٪ تا-٧٠٪)ی خۆکوشتنەکان پەیوەندییان بە خەمۆکییەوە هەیە، چونکە لەکاتی خەمۆکیدا مرۆڤ بیرکردنەوەی دەشێوێت و ناتوانێت ژیرانە و دروست بیر بکاتەوە، ئەگەر ئەم حاڵەتە چارەسەر نەکرا ئەوا هەست دەکات کەسێکی بێهیوا و بێنرخە و بیر لە کۆتایی هێنان بەژیانی خۆی دەکاتەوە.

نەخۆشێکی خۆکوژی بەیەکێک لەم شێوازانە لە نەخۆشخانەدا دەبینرێن:

١. نەخۆشەکە رزگاربوویەکی هەوڵی خۆکوشتنە و لەلایەن کەسوکاری هێنراوە بۆ نەخۆشخانە.

٢. نەخۆشەکە دێت بۆ نەخۆشخانە و سکاڵای هەیە دەربارەی هەبوونی فکری خۆکوشتن.

٣. نەخۆشەکە بۆ سکاڵایەکی تر دێت بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی پزیشک یان کارمەندەکەوە دەردەکەوێت فکر و نیەتی خۆکوشتنی هەیە.

٤. نەخۆشەکە نکوڵی دەکات فکر و نیەتی خۆکوشتنی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەک ڕەفتاردەکات نیەتی خۆکوشتن لەناخیدا هەستی پێدەکرێت. ئەم نەخۆشانە زۆربەی کات لەلایەن ئەندامانی خێزان یان هاوڕێکانیان سەردانی نەخۆشخانەیان پێدەکرێت.

## ئاست و قۆناغەکانی خۆکوشتن:

١. فکری خۆکوشتن: بیرکردنەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خۆکوشتن یان خۆئازاردان، بەڵام بەبێ دەربڕینی نیەتێکی ڕاست و هەبوونی ڕەفتاری خۆکوژی.

٢. هەڕەشە کردن بەخۆکوشتن: ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی دەربڕینی قسە یان نووسینەوە هەڕەشەی خۆکوشتن دەکات، بەڵام بە شێوەی کرداری هیچ ناکات.

٣. رەفتاری خۆکوژی: هەندێ رەفتار دەکات بە مەبەستی خۆئازاردان کە دڵنیایە نابێتە هۆی مردن وەکو هەوڵدان بۆ بڕینی دەماری مەچەکی بە چەقۆیەکی پلاستیک ، خواردنی چەند دەنکە حەبێک کە زیاترە لەبڕی چارەسەر بەڵام کوشندە نییە.

٤. هەوڵی خۆکوشتن: زیان بەخۆ گەیاندن، کە لەوانەیە ببێتە هۆی برینداری بچووک یان گەورە، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی ئەنجامی دەدات وەکو بریندارکردنی جەستەی خۆی.

٥. خۆکوشتنی تەواوەتی: بەتەواوی کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت لە ڕێگەی گرتنەبەری یەکێک لە ڕێگاکانی خۆکوشتن وەک بەکارهێنانی چەک، خۆسوتاندن، دەرمان خواردن، خۆخنکاندن.

## چۆن دەتوانیت کەسێک بناسیتەوە ئەگەری خۆکوشتنی لێبکرێت؟

بەلای ئەوانەی قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە زۆربەی دیاردەی خۆکوشتن حاڵەتێکی کتوپڕو لەناکاو نییە، بەڵکو بەماوەیەک پێش هەوڵی خۆکوشتن ئەو کەسە چەند گۆڕانێکی تیا دروست دەبێت و چەند پەیام و ئاماژەیەکی لەسەر دەردەکەوێت کە چواردەورەکەی دەتوانن هەستی پێبکەن لەوانە:

١. پێشتر هەوڵی خۆکوشتنی دابێت.

٢. نەخۆشییەکی دەروونی یان بارێکی دەروونی خراپی هەبێت وەکو خەمۆکی، دڵەڕاوکێ.

٣. دروست بوونی گۆڕانکاری له هەڵسوکەوتیدا وەکو دابڕان، پاشەکشەکردن لەلایەنی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەورووبەردا.
٤. خراپ بەکارهێنانی دەرمان، ئالودەبوون لەسەر کحول یان مادده هۆشبەرەکان.
٥. هەستکردن بە تەنهایی، هەستکردن بە بێهیوایی و نەبوونی یارمەتی.
٦. دروست بوونی گۆڕانکاری له شێوازی خواردن و خەوتن و چالاکی ڕۆژانه.
٧. هەبوونی سیمای شەڕەنگێزی یاخود زووهەڵچوون له کەسەکەدا.
٨. لەدەستدانی کەسێکی نزیک، سەروەت و سامان، کار و پیشه لەو ماوەیەدا.
٩. بوونی خۆکوشتن یان هەوڵی خۆکوشتن له مێژووی خێزانەکەیاندا.
١٠. له ژیانیدا کارەساتی یەک لەدوای یەکی بەسەر هاتبێت.

## پەیامەکانی مرۆڤ کە ئاماژەن بە خۆکوشتن:

١. پەیامی ڕاستەوخۆی زارەکی :

- بەشێوەی قسەکردنی ڕاستەوخۆ بە چواردەورەکەی دەڵێت " خۆم دەکوژم ".
- لەگەڵ توڕەبوون و تاوانبارکردنی بەرامبەرەکەی هەڕەشەی خۆکوشتن دەکات و دەڵێت " لەداخی تۆ خۆم دەکوژم، فلان شتم بۆ نەکەن خۆم دەکوژم، ..."

٢. پەیامی ناڕاستەوخۆی زارەکی:

- ماوەیەک پێش هەوڵی خۆکوشتن چەند وتەیەک دەردەبڕێت کە ئاماژەن بە بێزاری و نائومێدی وەکو "کەی ئەمە ژیانە ، مردن خۆشترە لەژیان، ..."
- لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی یان هاوڕێکانی هەندێک وتە بەکاردەهێنێت وەکو "ئەگەر یەکترمان بینییەوە جارێکی تر".

٣. پەیامی ڕاستەوخۆی نازارەکی:

- بە شێوازی کرداری ئاماژە دەدات بە چواردەوری خۆی کە نیازی خۆکوشتنی هەیە وەکو (پەیداکردنی چەک، کۆکردنەوەی حەب، کڕین و پەیداکردنی ماددەی ژەهراوی، ئامادەکردنی نەوت یان بەنزین، چوونە شوێنی بەرز، ..)

٤. پەیامی ناڕاستەوخۆی نازارەکی:

- ماوەیەک پێش هەوڵی خۆکوشتن هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی شتە تایبەتەکانی خۆی وەکو شتی ناوماڵ، قەرزدانەوە، یان بەخشینی شتەکانی.
- پێشتر کەسێکی گۆشەگیر بووە بەڵام لەو ماوەیەدا سەردانی زۆربەی خزم و کەس و هاوڕێکانی دەکات، وەکو ماڵئاوایی کردنێک.

ئەو پرسیارانەی پێویستە بکرێن بۆ زانینی فیکری خۆئازاردان یان خۆکوشتن لە کەسێکدا:
ئەم پرسیارانەی خوارەوە بریتین لە کۆمەڵە پرسیارێک، بەشێوەی یەک لەدوای یەک دانراون بۆ ئاشکراکردن و زانینی فکری خۆکوشتن لە کەسێکدا. پزیشک، چارەسازی دەروونی، توێژەری

کۆمەڵایەتی دەتوانن بێترس و زۆر بەکراوەیی لەگەڵ نەخۆشدا قسە بکەن دەربارەی نیەت و فیکری خۆکوشتن یان ئەو هەوڵە خۆکوژییەی داویێتی، ئەم باسکردنە نەک فیکری خۆکوشتن لای کەسەکە دروست ناکات، بەڵکو یارمەتیدەرێتی بۆ دەربڕین و رزگار بوون لەو بیرۆکانە.

١. ئایا دڵتەنگیت ؟ هەست بە بێهیوایی دەکەیت ؟

٢. ئایا هەست دەکەیت ژیان خۆشی تیانەماوە و مردن خۆشترە لە ژیان؟

٣. ئایا هیچ کات حەزت کردووە بمریت؟

٤. ئایا پێشتر یان ئێستا بیرت کردۆتەوە خۆت ڕزگارکەیت لەم کێشە یان حاڵەتە بە ئازاردانی خۆت یان خۆکوشتن؟

٥. ماوەی چەند دەبێت بیری خۆ ئازاردان یان خۆکوشتنت لا دروست بووە؟

٦. لەهەفتەیەکدا چەندجار بیر لە خۆکوشتن دەکەیتەوە ؟

٧. ئایا هیچ پلانێکت هەیە بۆ خۆئازاردان یان خۆکوشتن بە مەبەستی ڕزگاربونت لە کێشەکان ؟

٨. ئایا بەئاسانی دەستت دەگاتە هۆکارەکانی خۆئازاردان یان خۆکوشتن؟ (بۆ نموونە : چەک، چەقۆ، دەرمان)

٩. ئایا پێشتر هەوڵی خۆئازاردان یان خۆکوشتنت داوە؟ کەی ؟ لەکوێ ؟ چۆن و بەچ هۆکارێک ؟

١٠. ئایا هەستاویت بە نووسینی نامەیەک بۆ دوای خۆت دەربارەی خۆ ڕزگارکردنت لە ژیان بە خۆکوشتن ؟

١١. ئایا هیچ بەربەستێک هەبووە لەبەردەمتدا بۆ خۆکوشتنی ڕاستەقینە ؟ چین؟

تێبینی: ئەگەر نەخۆش بەتەواوی ڕەتی کردەوە گفتوگۆ بکات دەربارەی خۆکوشتن پێویستە هەوڵبدرێت پرسیار لە ئەندامانی خێزانەکەی یان هاوڕێکانی بکرێت.

## چارەسەر یاخود ڕێگەگرتن لە خۆکوشتن:

بڕیاری خۆکوشتن تەواو بابەتێکی تایبەتە بە خودی خاوەنەکەی، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرەتاوە بەهێمنی کار لەگەڵ کەسەکەدا بکرێت، سەرزەنشت نەکرێت، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دروست بکرێت پێش پرسیارکردن دەربارەی خۆکوشتن. چارەسەر یاخود ڕێگەگرتن لە خۆکوشتن بەپێی حاڵەتەکان یان ئەو پێنج ئاستەی هەیەتی دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم شێوازانەی خوارەوە مامەڵە لەگەڵ حاڵەتەکاندا بکەین:

*ئەگەر کەسێک هەستی خۆکوشتنی هەبوو پێویستە :

١.بەکراوەیی و ڕاستەوخۆ لای ئەوکەسانەی متمانەی پێیانە قسە بکات دەربارەی ناخی خۆی.

٢.لە زووترین کاتدا سەردانی پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی بکات.

٣.بەردەوام بێت لەسەر ڕێنماییەکانی پزیشک و تیمی چارەسەرکردن.

**ئەگەر کەسێکتان مەترسی خۆکوشتنی هەبوو پێویستە:
١.ئەو قسانەی دەیکات دەربارەی خۆکوشتن، بە راستی وەرگرن و پشتگوێی نەخەن.
٢.لە زووترین کاتدا سەردانی پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی پێ بکەن.
٣.خۆتان سەرپەرشتی وەرگرتنی دەرمانەکانی بکەن.
٤.لە ناومالّدا هەموو ئەو شتانە دووربخەنەوە کە مەترسی خۆکوشتنی پێدەکرێت وەکو ( دەرمان، ژەهر، تفەنگ، چەقۆ، نەوت، ...).
٥.بەردەوام شەو و ڕۆژ چاودێری نەخۆشەکە بکەن و بەتەنها جێی نەهێڵن.
٦.بە هەڵوێست و مامەڵەی رابردووی خۆتاندا بچنەوە و ژینگەیەکی لەبارتر بۆ نەخۆشەکە دروست بکەن.
٧.دووربکەونەوە لە سەرزەنشتکردنی نەخۆشەکە دەربارەی ئەو فیکرە خۆکوژییانەی هەیەتی.

## ئەرکی پزیشک و تیمی چارەسەرکردن:

١. دیاریکردنی چارەسەری پێویست بۆ نەخۆش لەلایەن پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی وەک:
-خەواندنی لە نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەرکردن و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە حالّەتەکەی.
-بەکارهێنانی دەرمان بۆ چارەسەر کردنی ئەو حالّەتەی هەیەتی وەک خەمۆکی ، دلّەراوکێ ، ... بەلّام پێویستە دەرمانەکان نەدرێتە دەست نەخۆشەکە خۆی ، بەڵکو کەس و کاری ئاگادار بکرێن خۆیان سەرپەرشتی وەرگرتنی دەرمانەکانی بکەن وبیدەنێ .
-ئەگەر زانرا دەرمانەکان ناتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن یان نەخۆشەکە لە مەترسییەکی گەورەدایە دەتوانرێت تەزووی کارەبا (E.C.T) بۆ چارەسەر کردنی حالّەتەکەی بەکاربهێنرێت.
٢. پێویستە لەگەڵ پزیشکی دەروونیدا کەسانێکی جێگیر وەک چارەسازی دەروونی یان توێژەری کۆمەلّایەتی بە شێوەی تیم کار لەگەڵ نەخۆشەکەدا بکەن بەم شێوازە:
-هانی کەسەکە بدرێت ناخی خۆی دەرببڕێت و باس لە کێشەکانی بکات.
-زۆر بەکراوەیی لەگەڵیدا قسە بکرێت لەسەر ئەو بیرۆکانەی هەیەتی دەربارەی هەوڵی خۆکوشتن.
-کۆمەڵێک ئامۆژگاری یەک لە دوایەکی نەدرێتێ و بێزاربکرێت لە گوێگرتن، بەڵکو هاوسۆزی بۆ نیشانبدرێت تاکو نەخۆشەکە هەست بکات لێی تێگەیشتوون.
-سەرزەنشت نەکرێت لەسەر ئەوەی بیرۆکەی خۆکوشتنی هەیە.
-پێویستە بەهۆی هەندێک قسە یان هێما گومان لە نەخۆشەکە بکرێت کە لە دواتردا لەوانەیە هەوڵی خۆکوشتن بدات، بۆ نموونە ئەگەر لە دانیشتنێکدا بڵێت "خواحافیز ئیتر ناتانن بینمەوە، وەسێت بکات بۆ دوای خۆی "
-لەڕێگەی ئەنجامدانی دانیشتنەکان چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ ئەو کێشە و پاڵنەرانەی وایکردووە ئەو کەسە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە.
ئەو هەڕەشانەی دەیکات گوایە هەوڵی خۆکوشتن دەدات، پێویستە لەلایەن تیمی چارەسەرکردن

به گرنگ وەربگیرێت و پشتگوێ نەخرێت.
-هەوڵبدرێت کەسەکە بگەڕێندرێتەوە سەر چالاکی رۆژانەی ئاسایی خۆی.
-زانیاری بدرێت بە ئەندامانی خێزانەکەی دەربارەی مەترسی ئەو حاڵەتەی نەخۆشەکە هەیەتی، بەڵام پێویستە نهێنییەکانی نەخۆش بپارێزرێت و ڕەزامەندی نەخۆش وەربگیرێت بۆ درکاندنی زانیارییەکان.
-دانیشتن لەگەڵ نەخۆشەکەدا بە شێوەی خشتەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت تاکو بەتەواوی حاڵەتەکەی چارەسەر دەبێت، بەتایبەت لەسەرەتادا ماوەکەی لە هەفتەیەک تێپەڕنەکات.
-پێویستە هاوکارییەکی باش هەبێت لەنێوان تیمی چارەسەرکردن و خێزانی نەخۆشەکەدا بۆ ئەوەی بە هاوکاری یەکتر کارەکان بەڕێوەبەرن.
ئەگەر کەسێک لە هەوڵێکی خۆکوژی ڕزگاری بوو پێویستە:
١. لە زووترین کاتدا نەخۆشەکە بگەیەنرێتە نەخۆشخانە بە مەبەستی ڕزگارکردنی لە مردن.
٢. چارەسەرکردنی ئەو شوێنەوارانەی بەهۆی هەوڵی خۆکوشتنەوە لەسەر جەستەی دروستبوون .
٣. سەرزەنشت نەکرێت لەسەر ئەوەی هەوڵی خۆکوشتنی داوە، هەوڵبدرێت بۆ تێگەیشتن لەو پەیامانەی هەیبووە پێش ئەوەی هەوڵی خۆکوشتن بدات، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند حەزی کردووە بمرێت.
٤. بزانرێت پاش خۆی هیچ نامەیەکی جێهێشتووە، وەکو بەڵگەیەک بۆ ڕاستی هەوڵی خۆکوشتنەکەی.
٥. لە زووترین کاتدا پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی بیبینێت و چارەسەری پێویستی بۆ دیاری بکات وەکو خەواندنی لە نەخۆشخانە، بەکارهێنانی دەرمان، ....
٦. ئەو هەڕەشانەی دەیکات گوایە هەوڵی خۆکوشتن دووبارە دەکاتەوە، پێویستە لەلایەن پزیشک و خێزانەکەی بە گرنگ وەربگیرێت و پشتگوێ نەخرێت.
٧. خێزانەکەی ئاگادار بکرێت کە شەش مانگ تا یەک ساڵ پاش هەوڵێکی خۆکوشتن چاودێری بکەن، چونکە مەترسی دەکرێت هەوڵەکەی دووبارە بکاتەوە.
٨. مامەڵەکردنێکی دروست و ژیرانە لەگەڵ خێزانی نەخۆشدا بکرێت، بەمەبەستی ئاسایکردنەوەی دەرئەنجامە ناخۆشەکانی ئەم کارە لای خێزان و کەسوکاری، بۆ ئەوەی ژیانی وەکو باری ئاسایی پێشتری لێبێتەوە.

سەرچاوەکان :


١. Psychiatric Secret / Jamwes L. Jacobson ، Alan. Jacobson / ١٩٩٦

٢. ١- Synopsis of Psychiatry ، Kaplan and Sadocks – ٢٠٠٣

٣. NMS Psychiatry ٣rd Edition – ١٩٩٦

٤. ، Manual of Psychiatric Emergencies / Steven e. Hyman George E. Tesar – Third Edition

٥. Heartland Alliance Mental Health Promotion Training Curriculum Module – III ٢٠٠٥.

٦. Psychiatry mental health nursing ٢nd edition ٢٠٠٠

٧. Internet.

٨. گۆڤاری سایکۆلۆژیا ژمارە ( ٥ ) ساڵی ٢٠٠٦

٩. گۆڤاری سایک ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠٠٦

١٠. گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ( ٢٤ ) ساڵی ٢٠٠٥

# سەرووی سوریالیزم

## بڵند ڕۆستەم باجەلان

(١)

خاچێکیان لە سێدارە داوە.

(٢)

دڵی دیاری بەدیاری بۆ دیاری دەبەین
بە فەرمانی دیاری.

(٣)

کاتژمێرەکەی مەچکۆ، لەکاتژمێرەکەی شەعبی پرسی:
ـ کاتژمێر چەندە ؟

(٤)

زستان سەرمایەتی
پاڵتۆکەی ئەکاکی ئەکاکیفیجی دزیوە
هاوین زۆری گەرمایە
بەهار مردووە .

(٥)

کاسەی سەرم
لەناو کاسەی هەنار دانراوە
لەسەر سفرەی کاسەلێسێک.

(٦)

تەرازوویان بەتەرازوو کێشا
کێشی بەقەد پرتەقاڵێک بوو.

(٧)

نیشتیمان بۆنی منی لێدێ
منیش بۆنی ڕێبوارێک.

(٨)

ئەوسا ڕووخسارت وەک گۆرەوییەکانت سپی بوو
ئێستا گۆڕەکەت.

(٩)

بەو گوریسەی کرایە گەردەنی کەنیزەکە
بتێک جۆلانە دەکا.

(١٠)

پێڵاوە دڕاوەکانی خستنە بەردەمم :
ـ ئەم تابلۆیانەم بۆ ڕەنگ بکە.

**(١١)**

خۆشی هەستم پێدەکا
پەیکەر دامدەتاشێ
کانتۆرە مۆرەکە،
جلی ژێرەوەی خاتوونم لەناو هەڵدەواسێ.

**(١٢)**

لە خەیاڵی برایانی کارامازۆف
دیستۆڤسکی و راسکۆڵنیکۆف
باسی شیعرێکی من و رابردووی خۆیان
بۆ رۆبن هود دەکرد.

**(١٣)**

مردنێکە لە نەمری
درۆیەکی ڕاستەقینەیە
ئاوێکە لە ئاگر
رۆبۆتێکە لە مرۆڤ
ئیبلیسێکە، رەجمی خۆی دەکا
سۆفی وا پێناسەی شعری کرد.

**(١٤)**

ئێستا دەنگی حەسحەکان دێ
لە شاری لەرزگرتووە سیسرکدا.
شاعیرێکی عاشق بوو بە عیشق ....نا
شوفێرێک بانگم دەکا:
ـ دەتەوێ بەدوو کیلۆ عیشق، بتگەیەنمە کۆڵانی عیشق؟
لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەی یاقووبیان پاڵکەوتووم
سەلیم بەڕەکات ....نا
موتەنەبی ....نا
عەلاو ئەسوانی پێم دەڵێ:
ـ دابەزە خوارەوە
برۆ شیکاگۆ و بیر لە یوسف قەرزاوی بکەوە

باڵەخانەکەم دەفرۆشمە غادە سەمان.
بانگی سوهراب ناکەم
نە فەروغ دەناسم
نە نیمایوسیج دەخوێنمەوە
بانگی خۆم دەکەم
کە دەیەوێ، لە باڵکۆنەی بەهەشتەوە خۆی بهاوێتە دۆزەخەوە:
ـ نەمزانی... لێم ببورە...ئەم کارە مەکە
بەڵێنبێ بەگوێت بکەم
چیتر شیعر نەنووسم.

**(١٥)**

هەموو شتە کۆکراوەکان دەڕێژم
شتە ڕژاوەکانیش کۆدەکەمەوە
ژیانی خۆمم، بەخوێندنەوەی ژیننامەی کەسانی تر بەفیڕۆدا
پۆلیسێک بووم،
خۆمم تەسلیمی بنکەی پۆلیس کرد:
ـ ئەمەش ئەو تاوانبارەی لەدەستم هەڵات.

**(١٦)**

لەژێر دارسێوەکە
چەند باغەوانێک دەورەیان داوە
باسی دارهەنجیریان بۆ دەکا.

**(١٧)**

جووجکەکەمان جریکاندی
جووڵەیەکی کرد
سەگەکەمان حەپاندی
هێسکەکەی برد
ئەسپەکەمان حیلاندی
لەجێوە مرد.

(١٨)
پەلە مەکەن
لەسەرەخۆ ئەو منداڵە لەخەو هەڵسێنن
خەون بەئێمەوە دەبینێ.

(١٩)
ژیان بەبێ بیرکردنەوە لە خودا
چەند تۆزاوییە
ئەو کاتەی رەشەبا زمانمان سڕ دەکا.
ئەو گۆزانە پڕبوون لە بارانی نێو حیکایەتەکان
دادکاری مزگەوتەکان دەکرێ
کلێساکان دەڕوخێن
گولله بە سووتانەوە دەنرێ
عیشق دەکەوێتە سەر سیسەمی مەرگ.

(٢٠)
بۆ پێوەدانی دەرگای ئەو قەفەسەی نێوانمان
پێویستمان بە
قەفەسێکی تر و
دوعایەکی تر و
شۆڕشێکی تر و
نائومێدییەکی ترە.

# چەند شیعرێکی کورت

## پەری شێخ سالح

وەک مرواری
بەفر باری..
پرچی هەتاو سپی بوو
مانگ لەگەڵ کزەبا
بە پڕتاو ڕۆیشتن
***

لە ترسی ماچی پەپوولەکان،
گوڵەکان
بە گەڵا خۆیان داپۆشی
***

گوڵە نێرگزەکان
بەدیار بێنازیی بەهارەوە
هەڵتووتاون
***

مانگە شەو
وەنەوزی دەبردەوە
دەریا بە گوژمێکەوە هات و
مانگ لە دەریادا خنکا
❊❊❊

شار
بە بۆنی سیاسەت تەنراوە
گوناه
بۆ یەک چرکەش پیر نەبووە
بۆ یەک چرکەش گۆچانی نەگرتۆتە دەستی
❊❊❊

ئەوە (با)
بۆ شەرم ناکا
هەر کە دەمبینێ
بە پەنا گوێمدا دەچرپێنێ..؟!
❊❊❊

زۆر گەڕام
هیلاک بووم
کە لە خۆم ورد بوومەوە
بینیم بەدوای هیچدا دەگەڕێم
❊❊❊

ناخم وەک گێژەڵووکەی دەریا
قوڵپ دەدا
خەونەکانم وەک مۆم وان
تیشکێکی کز و
چزانێکی تیژی
وەک دەرزییان هەیە
***

کاتێ پیتەکانی خەم
لە ناو شەپۆلی بادا مەلە دەکەن
پەڵە هەورەکان
تاسەی فڕین دەکەن
***
خەونێکی تەهورایی
منی کردە شاعیرێکی پڕ خولیا
دەرگاکان کڵۆم مەکە
با ڕۆژووی ئەم شیعرەم بشکێنم.

# قسەیەک لەگەڵ خۆر

## فەهمی نەبی

١

**(خۆری تۆ)**

خۆم نەدیوە
بەڵام دەڵێن: خۆری ئاسمانی تۆ جیایە
من هەر کاتێ، پێم نابێتە سەر زەمینت
ئەو خۆرەی تۆ،
عەبای هەوری لەبەردایە.

٢

**(ماڵی خۆر)**

هەفتەیەکە دەرناکەوێ...
گوایە دەڵێن خۆر دزراوە!
زاناکانی گەردوون دەڵێن:
هەورێکی ڕەش کڵاوی خۆی لەسەرناوە
بەڵام هەڵەن
خۆم بینیومە... لە سوچێکی ڕووخساری یار
سەرمەست بووە و ڕاکشاوە.

## ٣

## (مردنێکی دووبارە)

لە سامالّی ئەم ئێوارە سارد و سڕە
بینیم کە چۆن ئەستێرەکان
خوێنی خۆریان دەڕشت
خۆرم بینی ئاوا دەبوو
زەویش ورد ورد خوێنی دەمشت.
خوێنی خۆرم بینی بە چاو
وەکو لێوی کچێک سووربوو
خۆرم وەک پرتەقاڵ
بە درەختی ئاسمانەوە چەندە دووربوو؟!

# مانگای پلایسخۆر

ئـاری عوسمان خەیـات

**(١)**

من گرەنتی ئەوەتان نادەمێ، تا کۆتایی ئەم چیرۆکەتان بۆ تەواو بکەم، چونکە ماوەیەکە دکتۆر حەبەکەی بۆ گۆڕیوم، چەند پێمگوت: ئەم حەبە سوورە ناخۆم، حەزم لە حەبەکەی خۆمە، کەچی ئەو دەعبا چاویلکە لەچاوە، گوێی نەدامێ و هەر دەیگوت: ئەمەیان زۆر باشە، وات لێدەکا ئیدی بیـر لە هیچ نەکەیەوە.

گوتم: ئاخر ئەگەر بیر نەکەمەوە، دیسانەوە نەخۆش دەکەوم.

کەچی وەک ئەوەی ئەو من بێ، تۆزێک قورس سەری هەڵبڕی و گڵماندی: من دەزانم، نەخـۆش گیان، نەک تۆ.

بەرلەوەی خۆم وام بەسەر بێ، هەستم کرد شتێکی سەرسورهێن لە دکتۆرەکەمدا ڕووی داوە، بەڵام هەر زوو بیـرم کەوتەوە لای ئەوەی، ئاخۆ بۆچـی ئەم حەبەی بۆ گۆڕیم، خۆ من ئەوە سێ ساڵە هـەر ئەوەی خۆم بەکاردێنم، ئەو حەبە هینەکەیە، کوڕە ئەی خـوا، هەم ناویـم بیـرچوویەوە.

(٢)

ئەوەتا دیسان، دیسانەوە تێکچوومەوە، نابێ وەک جاری پێشوو، دنیا لە خـۆم پڕکەم، دەرودراوسێ پێیان زانیم، هـەرچـەند ناشکوری نەبێ، من دەرم کوا و دراوسێیش هەر تەنیا ئەو مام سەمینە داماوەیە، کە خـوا هەڵناگرێ زۆرجار بەکەڵکم هاتووە.

دەبێ کەس بەو نهێنییە نەزانێ، کە ماوەیەکە دڵی پەنماندووم، عەینەن دەبدەبەی ئاو. مێشکم، هەروەک میزەڵانەکەی دەستی (دیاری)، هەڵاوساوە. وەختە ڕۆحم لە کوونی هینمەوە... لوتمەوە دەردەچـێ، ئەوەتا پەنجە کەڵەی دەستی ڕاستم، جارجار لەخـۆوە دەپـژمـێ، وا بزانم ئەنفلەوەنزای باڵندەی گرتووە. دوێنێ شەویش بە هەردوو گوێـچکەم تێرتێر گریـام، چونکە بە کەپـووی خۆم دیتم، دەمم چـوو بوو، لە حەمامەکە، پڕ تەشتێک گووی فەرموو بوو!

شێڕاندنم: هـەی هاوار فریام کەون، کورە بۆ خاتری خوا بە دەنگمەوە بێن، من دەمشیـڕاند: ئەی هاوار ئەوە دەم چۆن ئاوها گووی دەکا... وەرن هیچ نەبێ هەر بۆخۆتان تەماشای کەن، ئەو فیلمەی ببینن، کەچی سەگبابێک نەبوو فریام کەوێ، تا لەو خوارەوە، گوونـم گوتی: دە لێگەڕێ هاوڕێ، خۆ قابیل چییە؟!

من ئەوەندەی تر زەندەقم چـوو، خراپـتـریش قیژاندنم، بەو قیژەیا، دەنگی ئەو جارەی (مام سەمین)م، بیرکەوتەوە، کاتێ خەبەریان دایێ: کورە گەورەکەت، لە ئۆتۆمبێل وەرگەڕاوە و نازانم چی بەسەر هاتووە... منیش ئاوا، وەک گوتم، وابزانم تۆزێک توندتریش قیژاندم. ناهەقی خۆم ناگرم، ئاخر، کوا گون قسەی دەکا، خـوایە.

ئەو شتە حیزەی پێشینان پێیانگوتووە: دەڵێی گونی، دەتبـڕم ئازارم دەدی، ناتبـڕم تەککەت دێ و بێزارم دەکەی، کەچی ئەوەتا ئێستا وا دڵی من دەداتەوە، ئەو ئەندامە بەدبەخت و کەساسەی جەستەی مرۆڤ، کە تا ژیان ماوە، دەبێ هـەر لـەدەرێڕا، چاوەڕێـی ئەو هاوڕێ بێوەفایەی خۆی بێ، کە هەرگیز بۆ جارێکیش چییە، لەگەڵ خۆی نایباتە ژووڕێ.

(٣)

من نازانم چیمە، بەڵام دڵنیام بەر لەوەی ئەم حەبە سـوورە بـخۆم، کاری وا سەیر و سەمەرەم نەدەکرد. یانێ قسەی وا هەلەق و بەلەقم نەدەگوت. هەرچەن زۆرن ئەوانەی پێیانوایە تازە زمانی من قـۆڕ بووە، یەعنی ئەخلاق لە زمانمدا نەماوە، بەڵام برواتان بێ، من بە کردەوە هەر کوڕەکەی جارانم و چ (حەیب)یشـم، نییە، تەنها ئەوە نەبێ، هاتووم دەمەوێ چیرۆکێک بگێڕمەوە، کە ئەوەتا شتێک لە ناوەوەمـڕا، ڕێگریم دەکا و ناهێڵێ. مام سەمین دەڵێ: لەوانەیە حەبە سوورەکە بێ.

ئەها تەماشاکەن چۆن لەبەریەک هەڵدەوەشێمەوە.. ئینجا زمانی قورپەسەری چ...

من بەر لەم حەبە سوورە، چاوم کۆڵنجی نەدەکرد، پەنجەم نەدەپژمی و کەپووم شتی نەدەدی، هەروەها من هەرگیز نەمدیوە، دەم بچێ، لە حەمامان گووی بکا، ئەویش قەیدی نییە، ئەدی

مەسەلەی گوونەکە...
بۆیە واز لەوە بێنن، ئەمە چیرۆکە یا نە، چونکە هەر لە سەرەتاوە پێمگوتن، بەڵێنی ئەوەتان نادەمێ، بتوانم تا کۆتایی لەگەڵتان بم و گێڕانەوەتان بۆ بگەیەنمە سـەر، کەواتا یا هەر ئێستا دەست لە خوێندنەوەی هەڵگرن، یا بیـر لە هەندێ شتی تریش مەکەنەوە، بۆ نموونە: مەپرسن ئایا کۆتایی ئەم چیـرۆکە دەگاتە چی؟ یا مەپرسن: ئاخۆ چی لە خوێندنەوەی فێر دەبن؟ ئەگەر بڕواش بە من ناکەن و پێتانوایە شێت و حولحولیم، ئەوا دەتوانن لە مام سەمین بپرسن، یان فەرموون لەگەڵم بن، با خۆم ئەم پەرەگرافەی تریشتان بۆ بنووسمەوە.

**(٤)**

باشە... بەڵام پێش ئەوە دەبێ ببوورن، گەر هەڵەی تایپتان لەهەر شوێنێکدا بەرچاو کەوت، چونکە نەختێک پێش ئێستە، چاوی چەپم، چـووبـووە بەر خۆرەتاوەکە، چەند بانگم کردەوە، گوێی نەدامێ.
چاوی چەپم، دەیگوت: نەخۆش گیان، کۆڵنجێکی پیسم کردووە..!
من ئەگەر نەخۆشیش بم، دڵنیام هێشتا شێتی ڕاستەقینە نیم، شێتبوون پەسەپۆرتێکی زۆر باشـە بۆ پەڕینەوە لە سنووری بێ عەقڵیی ئەم مەخلوقاتە بێ باکە، بەڵام من ناتوانم لەم سنوورە دەربازبم، کە هەر نازانـم چـۆنچۆنی تێکەوتووم، بۆیە (ئەدوەرە شێت)، گەر ئێستە مابا، بـۆی هەبـوو، سبەینێ بچێتە مەحکەمە و —لای ئەو حاکمە گزگلەی کە بەیانیان خۆی نۆ و چل و پێنج دەققە دەچێتە دەوام، کەچی دەیەوێ موراجیعەکانی شەش و نیوی بەیانی، لەبەر پێی هەڵبستن— دەعوایەکمان لەسەر قەید بکا، بە تۆمەتی ئەوەی سووکایەتیمان بە شێتەکانی شار کردووە.

**(٥)**

سەڵاو...
من مام سەمینم، دراوسێی هاوڕێکەتان، ئەوەی حەوتوویەکە دیار نەماوە، نازانم کامتان تەلەفۆنتان بۆ کردم، کەس لێرە نییە، زۆر تووڕەم، هەموو بەیانی و ئێوارانێک دێمە ئەم ماڵە چـۆڵ و هـۆڵەوە، هیچ ئاسەوارێک دیار نییە، بەدەر لەم دوو سێ لاپەڕەیە نەبێ، کە ئێستا دەیانخوێنمەوە، بەڵام من گرەنتی ئەوەتان نادەمێ، تا کۆتایی ئەم چیرۆکەتان بۆ تەواو بکەم، چونکە ماوەیەکە دکتۆر حەبەکەی بۆ گـۆڕیـوم، چەند پێمگوت: ئەم حەبە شینە ناخۆم، حەزم بە حەبەکەی خۆمە، کەچی ئەو دەعبا چاویلکە لەچاوە، گوێی نەدامێ و هەر دەیگوت: ئەمەیان زۆر باشە، وات لێدەکا ئیدی بیـر لە هیچ نەکەیەوە...

**(٦)**

ئەوە سێ ڕۆژە توخنی تەواوکردنی ئەم چیرۆکە نەکەوتووم، وتم بەشکو بتوانم، ئەوەی دەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە، بەپێی بنەماکانی هونەری چیـرۆکنووسین بەڕێوە بـچێ، هەر هیچ نەبێ تۆزێ هەڵەی تایپی کەمتـر تیا بێ، یا هیچ نەبێ شتێکی وا بـێ، وەک ئەوانی تر بارێک جنێوی خوێنەرانم لەگەڵ خۆیا بۆ نەهێنێتەوە، بەڵام ئەوەتا...

دەی لەوە گەڕێن، تکایە تەلەفۆنێ بۆ مام سەمینی دراوسێم بکەن، بەشکو لە دکتۆرەکە بپرسێ: گەر پیاو پارچەپارچەش هەڵوەشێتەوە، هەر حەبە سوورەکە بـخوا، باشـە؟

## * تێبینی:

١. سوپاس بۆ مام سەمین، هەڵەچنی ئەم چیرۆکەی گرتە ئەستۆ، بەڕاستی پیاوێکی باشە.

٢. هەروەها پرسیاری ئەوەم لێ مەکەن، ئاخۆ پەیوەندی ناونیشان بە ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە، لە چیدایە؟ چونکی ئەویش هەر (مام سەمین) بۆی داناوە.

٣. تکایە تێبینی دووەم، لەگەڵ کۆتاییەکانی پەرەگرافی سێیەمدا بخوێننەوە، چونکە ڕاستییەکەی، دەبوو مام سەمین لەوێی دانابا.

# کچە هەڵمییەکە

کاروان محەمەد فەتاح

یەکێک لە بەیانییە ساردەکانی وەرزی زستانە، تۆ بە نیازی پەیمانگا لە ماڵ دەردەچیت و کەرەستەکانی وێنەکێشانت لە نێو جانتاکەی شانتدایە، تەنیا تۆ نەبێت کە بە دەرەوەیت هەموو دانیشتوانی کۆڵانەکەتان بە گەورە و بچووکەوە لە خەوی قووڵدان، جۆگە ئاوی پیسی ماڵان بەستوویەتی و بۆتە شەختە و زوقم زەوی ڕەق هەڵهێناوە، بە بنی قۆندەرە بۆیاغ کراوەکەت دەکێشیت بە شەختەکان و هێز دەخەیتە سەریان، هێندە هەڵوەدای ئەوەیت کە بزانی لە ژێر ئەو شەختانەدا ئاو چۆن دەڕوا و ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت، وەک ئەو عاریفە وای کە لە گەڕانی بەردەوامدایە بۆ دۆزینەوەی خودا، نازانی بۆ ئەو هەستەت لا دروست بوو؟ چی وای لێکردی ئەو شەختانە بشکێنیت؟ توانای وەڵامدانەوەی ئەو شتەت نییە، بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکەیت کە زۆر حەز دەکەیت ئەو کارە بکەیت، دوای سەرفکردنی وزەیەکی زۆر توانیت هەندێکیان بشکێنیت، شەختەکان کاتێک کە دەشکان دەنگیان لە دەنگی شووشەی پەنجەرەی ئەو ماڵانە دەچوو، کە بەردی گەرمی نیوەڕیانی وەرزی هاوینی ناو دارلاستیکی مناڵە چەتوونەکان دەیشکاند، کاتێک ڕاوە چۆلەکەیان دەکرد.

گەیشتیتە ئەو شوێنەی کە هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی هاتنی پاست دەکرد تا بتگەنێتە دەوام، خۆر لە پشتی چیایەکەوە سەری دەرهێناوە و بە شەرمەوە بەیانی باش لە زەوی دەکات و لەو باڵەخانە و هۆتێلە بەرزانە دەدا، کە ئاسەواری بارانی دوێنی شەویان لە سەر مابوو. پاسێکی گەورەی سوور و سپی لە دوورەوە دەردەکەوێت و دوای ماوەیەک لە بەردەمتا دەوەستێت و سەردەکەویت و لە سەر کوشنێکی تەنکی وەکو دڵی خۆت دادەنیشیت، نێو پاسەکە هێندە ساردە سەری پەنجەکانت تەزیون و لووتت سوور هەڵگەڕاوە، وەک ئەوەی خوێنی بەستووی پێوە بێت، سەرنشینەکانی نێو پاسەکە خۆیان وەبەر یەکناوە و لە سەرماندا دەمیان گوێ قسەکردن ناکات و لە ساتی هەناسەداندا هەڵم لە دەمیان دەێتە دەرێ.

پاسەکە ڕادەوەستێت...کچێک سەردەکەوێت، دیارە ئەویش دەچێت بۆ دەوام، چاوێک دەگێڕێت بۆ ئەوەی لە جێگایەکی بەتاڵدا دابنیشێت، بەڵام هیچ جێگایەکی دەست ناکەوێت، ناچار لە بەردەمی تۆدا بەپێوە ڕادەوەستێت، تۆ لێی ڕادەمێنیت، چاوەکانی ڕەشی قەترانین و گلێنەکانی زۆر سپین، ڕەنگە سپێتی گلێنەکانیشی بێت، ئاوها چاوەکانی ڕەش دەنوێنن، برۆکانی زۆر باریکن وەک خەنجەری تیژ بۆ لەتکردنی دڵی تۆ، ڕوومەتەکانی ئاڵ و سوورن و لووتی ڕێک و دەمیشی بچووکە، قژە خورماییەکەی هێندە خاو و درێژە بەسەر شان و ملیدا شۆڕبووەتەوە و قژی تەسریحە کردووە، سیمای تێکەڵ بە جوانی و ناسکی هەیە، بۆ ساتێک لێی نزیک... دەبیتەوە بۆنی عەترێکی خۆشی لێدێت، بلووزێکی شینی لەبەردایە، کە لە ئاسمانی ساماڵی دوانیوەڕۆی بەهار دەچێت و پانتۆڵێکی ڕەشیش نووساوە بە گیانییەوە و جانتاکەی بە شانییەوەیە، ماوەیەکی باش سەرنجی لێدەدەیت، بۆ یەکەم جارە بەو شێوەیە کچێک سەرنجت ڕابکێشێت، بۆیە ڕاستەوخۆ هەستی خۆشەویستیت بۆی دەبزوێ، خۆشەویستی ئافرەت هەستێکی کتوپڕ و ناکاوە و خۆشت نازانی ئەمە چۆن ڕوودەدات. بۆیە بڕیار دەدەیت پۆترێتێکی بکێشیت، تۆ هەرگیز وێنەیەک یان پۆترێتێکت نەکێشاوە، گەر پێشتر جۆرە پەیوەندییەک یان ڕاستتر خۆشەویستیەکت لەگەڵیدا نەبووبێت، چونکە هەرکارێک کە دەیکەیت بە خۆشەویستییەوە ئەنجامی دەدەیت، بەڵام بڕیار دەدەیت کە ئەم کارەت جیاواز بێت لە هەموو کارەکانی ترت، چونکە وا هەست دەکەیت ئەم پەیوەندی و خۆشەویستییەت زۆر جیاواز... بەڵێ زۆر جیاواز ترە، لە هیچ پەیوەندییەکت ناچێت کە لە ڕابوردوودا لەگەڵ کەسەکان و شتەکاندا هەتبووە، ئەمجارە بۆ کێشانی وێنەیەک یان پۆترێتێک فڵچە و بۆیە و ڕەنگەکانی نێو جانتاکەت بەکار ناهێنیت، بەڵکو هەڵمی هەناسەت بەکاردێنیت، ساردی ئەو بەیانییەش کۆمەکێکی باشت دەکات کە بە هەڵمی دەمت لە ساتی هەناسەدانەوەدا پۆترێتی ئەو کچە بکێشیت لە سەر جامی نزیک کوشنی دانیشتنەکەت، بۆ کێشانی پۆترێتی ئەو کچەی کە ئێستا  وەکو پەیکەری جوانی باخچەکان لەبەردەمتدا ڕاوەستاوە.

پاسەکە بەردەوام دەڕوات، تۆ بۆ ماوەیەک لە دیمەنی دەرەوە دەڕوانیت خۆر لە نێوان ئەو زنجیرە دارانەی، کە شەقامە دووسایدەکە لەیەک جیادەکاتەوە سەرەتاتکێت لەگەڵدا دەکات، لەوبەری شەقامەکە چەند فەرشێک لەسەر سەربانەکان دەبینیت هەڵمیان لێهەڵدەستێت. دەگەڕێیتەوە ناو فەزای پاسەکە و چاوت دەبەیتەوە سەر ئەو کچەی کە ماوەیەکی کەمە هاتووەتە گیانتەوە و وای لێکردووی بە هەڵمی هەناسەی دەمت پۆترێتێکی بکێشیت، هەستت وابوو کە ئەو کچە لە هەناسەت نزیکترە بۆ تۆ کاتێک کە دەیدەیتەوە.

هەناسەیەکی قووڵ هەڵمدەمژی و دەیدەیتەوە و هەڵمێکی زۆر لە سەر جامەکە دروست دەبێت و بە سەری پەنجە تەزیوەکانت پۆترێتەکە دەکێشیت، زۆر لەو کچە دەچێت کە کردت بە کەرەستەی خاوی کارەکەت، وەکو خۆی بوو، کچەکە بە درێژایی کارەکەت سەرنج دەدات لەو پۆترێتە هەڵمییە و سەری سووڕدەمێنێ لە توانای تۆ کە دەبینێت وەکو خۆی دەرت کردووە، ئەمەی زۆر پێخۆش دەبێت، سەیرێکت دەکات و بزەیەکت بۆ دەکات وەک ئەوەی پێت بڵێت زۆر جوان کێشاوتە، ( منیش خۆشم دەوێی) ئەمەی بە قسە نەگوت، بەڵام لە سیمایدا ئەوە دەخوێنرایەوە کە ئەویش بە تۆ کاریگەر بووە،چونکە هەر هەستێک ئەو هەیبێت، تۆش هەمان هەست داتدەگرێت. تەماشایەکی پۆترێتەکە دەکەیت و وا هەست دەکەیت کە ئەو پۆترێتە هەڵمییە کچە ڕاستەقینەکەیە، کێ ناڵێ خۆی نییە لە شێوەی هەڵم خۆی نیشانت دەدا، ئا... بەڵێ خۆیەتی، دەم دەبەیتە پێشەوە و ماچێکی قووڵی دەکەی... کچی هەڵمیش پێدەکەنێت.





# لایەلایەی بەنشییەکان*

## چازلی داتسۆن
## لە فارسییەوە: ئەنوەر عەرەب

ئەو شەوەی کچەکەم گۆرانی مردنی من دەخوێنێ، من لە ژووری نشینگە لەسەر عەرزەکە دانیشتووم، چاو لە وێنە کۆنەکان دەکەم و خەریکم دووهەمین لیوانی شەراب دەخۆمەوە، هەڵبەت شەرابی سپی لە بەر ئەوەی فەرشەکانمان تازەیە.
لە وێنەی یەکەمدا، ئێمیلی لە نێو تەختەکەی دایە و چاوی بڕیوەتە ئەو گێزوگولیکانەی پوورە لیندای بۆی ساز کردووە؛ وردە حەیواناتێک کە زگیان بە دەست پڕ کردووە و بە دەوری سەر ئێمیلیدا دیلانێیانە.
ئەوەی سەرنجم لەو وێنەیەدا ڕادەکێشێ، ئیمیلییە کە دەڵێی دەیەوێ بگری. لە هەموو وێنەکانی تریدا هەر پێ دەکەنێ یا بە هێمنی زیت دەبێتە هەر شتێک کە لەبەردەستی بێ یان تەقوکوتی لێ هەستێ و بریقەدار بێ، بەڵام لێرە، لەو وێنەیەدا هەربینا دەستیکرد بە گریان.
یەک سەعاتە چاو لەو وێنەیە دەکەم و لە بێدەنگی نیوەشەوا، نیو بوتڵێکیتر شەراب دەخۆمەوە.

ئێمیلی قەت نەگریاوە. تەنانەت ئەو دەمەی کۆرپەلە بوو، هەتا ئەو دەمەی بە ئەژنۆی ڕووشاویشەوە گاگۆڵکەی دەکرد هەر نەگریا، تەنانەت لە هەرەتی لاوەتیدا کە چەند جارێک کوڕان دڵیان شکاندبوو.
بەڵام ئەوە شتێکی سرووشتییە.
منیش تا تەمەنی بیست و یەکساڵی نەگریابووم.
ڕۆژی شوکرانەبژێری بوو. من بۆ پشووی کۆتایی حەوتوو لە زانکۆوە هاتبوومەوە ماڵێ، ڕاست لەو دەمەی کە دەچوومە ئاشپەزخانە ئەو دەنگە لە گەرووم هاتەدەرێ.
فرمێسکەکانم وایان حەپەساندم کە تەنیا بەترسەوە لەوێ ڕاوەستام، تا ئەو گۆرانییە لەگەڵ هەنیسک و هاوار بێ ئیختیار لە دەمم هاتەدەرێ.
قەلێکی خەزوبەز لە دەستی دایکم کەوتە خوارێ. پوورە لیندا گازەکەی کووژاندەوە و بە ئەسپایی خۆی خستە سەر سەندەڵییەکە. لە کاتێکدا هەمووی بنەماڵە ڕووخسارێکی خەمباریان بە خۆوە گرتبوو، گوێیان دایە گۆرانییەکەی من.
مامە جارد ڕۆژی دوایی مرد.
ئەوە ناخۆشترین ڕۆژی شوکرانە بژێری ژیانم بوو.
دەی لە هەوەڵەوە زیاتر بۆ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە ڕوودەدا، بۆیە لەوەی کە ئێمیلی تا ئێستا گۆرانییەکی وای نەخوێندووە دڵەکوتەمە.
ئەگەر دەسەڵاتم بوایە کارێکم دەکرد ئەو پاشماوەی تەمەنی بێ ئەوەیکە ناچار بێ گۆرانی بڵێ تێپەڕێنێ، ئەو دەم هەم خۆی و هەم ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێ کەیف سازتر دەبوون.
هەڵبەت هەموو جارێ بیرکردنەوەکەشی ئێمیلی ئازار دەدا. هەر ئەو جۆرەی منی ئازار دەدا، بیر کردن لەوەیکە ئینسان نازانێ داخوا بڵێی یەکەم کەس کێ بێ.
لە وێنەکەی تردا، ئێمیلی گەورەتر بووە، بەو دەم و چاوە خڕوخۆڵەی هەر دەڵێی ئەو کچانەی نێو کارتۆنە، کوڵمەی گووپنە و پرچی پەلکە کردووە. لەو وێنەیەدا چوار ساڵییەتی و دەستی جیرانەکەمانی گرتووە.
خاتوو وێستن لەوەتی ئێمیلی منداڵ بووە لەو ماڵەی تەنیشتمانەوە دەژیا، ئەو ژنە دەتکوت هەدادانی نییە. هەمیشە کەیک و نانی تازەی بۆ دەهێنایەن و هەموو ساڵێک لە ڕۆژی دایکبوونی ئێمیلیدا دیاری بۆ دەکری، تەنانەت دوای ئەوەیکە ئیمیلی چوو بۆ زانکۆش دیسان دیاری بۆ دەهێنا.
لە ڕاستیدا خاتوو وێستن قەت نەیزانی ئێمە کێین.
من بۆ خۆم چەند مانگێک لەوە پێش لە حەوشەی پشت ماڵەکەی گۆرانی مردنم بۆ خوێندەوە، ترسا بوو، پێم وابێ ئەگەر زانیبای خەریکە چی ڕوودەدا دڵیشی دەتۆقی.
دوای تەواو بوونی کارەکەم. بیانووم دەهێناوە خنکاوە یا لارنژیت یا شتێکی قۆری تری لەو قسانە گرتووە بۆیە مردووە.

پاشانیش لای مامەوە تا بمرێ.
کاتێ لە مردنی دڵنیا بووم دەستیم ماچ کرد و پێم گووت لەوەی کە گۆرانی مردنم بۆ خوێندووی شانازی بە خۆم دەکەم.
حاڵی ئێمیلی زۆر خراپ بوو.
دەچم بوتڵێک شەرابی دیکە هەڵدەپچرم، بۆتە کاری هەموو شەوانی شەمبەم و لە ناخی دڵیشەوە خۆشحاڵم کەسی لێ نییە حاڵ و وەزعم ببینێ.
لیوانەکەم پڕ دەکەمەوە و دەڕۆمەوە جێی خۆم لە ژووری دانیشتن و لە سەر عەرزی دادەنیشم.
خەریک بووم ئاڵبۆمە چەرمەکەی ترم دەردێنا کە ئێمیلی لە کاتێکدا فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارێ بە شلەژاوی هاتەوە ماڵێ و هەر دەگاتە لای من ڕادەوستێ و لاقی لە لیوانە پڕ شەرابەکەم دەکەوێ و قلْپی دەکاتەوە.
چاو دەبڕینە چاوی یەک. قەت وا نەبووە خراپ حاڵی بووبێتم. من تەنیا کەسێکم لەو ماڵەدا گۆرانییەکەی دەبیسم.
بێ بڕانەوە فرمێسک دەڕێژی.
بە لاڵانەوە دەڵێ: «دایە.»
بەڵام پێش ئەوەی لێوی ببزوێ زمانی لە گۆ دەچێ.
قەتم بیر نەکردۆتەوە ئەو گۆرانییەم پێ خۆش بێ. چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت، چ ئەو گۆرانییەمان پێ خۆش بێ یا پێ ناخۆش بێ، شتێک لە دەروونمانی دەکێشێتە دەرێ. ئەو گۆرانییە هەمیشە بڵند و گوێدڕە و هیچ ئاهەنگێکی خۆشی نییە.
من هەمیشە وام بیر دەکردەوە.
بەڵام قەتم گوێ لە گۆرانی خۆم نەبووە.
کاتێ کە ئیمیلی لە گۆرانییەکەی بۆوە دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و ئەوەندە دەگری تا ئازای ئەندامی بەلەرزین دەکەوێ. دەچمە لای، دەستم لە سەر دەم و چاوی دادەنێم و هەڵی دێنم تا پێکەنینەکەم ببینێ.
پێی دەڵێم: «خۆشحاڵم تۆ بووی.»
قەتم بیر لەوە نەکردبۆوە ئەو گۆرانییە هێندە خۆش بێ، وەکوو ئەو لایەلایە وایە کە دەمخەوێنێت و لەوێوە بەرەو دونیایەکی ترم دەبا.
گۆرانی ژیانی من لە دەنگی کچەکەم دایە.
لە پەنای دادەنیشم و دەستی دەگرم ئەویش چاوەڕوانم دەبێ. لە گەڵ یەک چاو بە وێنە کۆنەکاندا دەگێڕین.

---

*بەنشی لە چیرۆکی ئیرلەندا بوونەوەرێکی ترسێنەر و سامۆتکەیە کە لە کاتی مردنی کەسێکی بنەماڵەدا گۆرانییەکی بڵند و غەمگین دەخوێنێ.

# دوو مرواریی‌ەکە

**پاولۆ کۆیلۆ**
**لە ئینگلیزییەوە: د. فەیسەڵ بڵباس**

(مارکۆس گاریا)ی رەبەنی ئیسپانیایی لە (بورگۆس) دەگێڕێتەوە: «هەندێک جاران خودا پیرۆزیەکی خۆی لە یەکێک دەستێنێتەوە بەجۆرێک کە ئەو کەسە وا لەخودا دەگا کە بووەتە یەکێکی دیکە نەک ئەو کەسەی کە داوای چاکە و پاڕانەوەی لێ دەکرێ...» خودا هەر خۆی دەزانێ چۆن کەسەکان تاقی دەکاتەوە و هەرگیز لەو سنوورە تێناپەڕێنێ. لەو چرکەیەدا هەرگیز نابێ بڵێین: «خودا پشتی تێمان کردووە». چونکە خودا هەرگیز ئەمە ناکا، هەرچەندە ئێمە خۆمان هەندێک جاران پشت لەخودا دەکەین. ئەگەر خودا بمانخاتە ئەزموونێکی گەورەوە، ئەوا ئەوەندە من دەڵێم لەوەندە زۆرتریش هێز و توانامان پێ دەبەخشێ کە لێی بپەڕینەوە.

لەم رووەوە یەکێک لە خوێنەرەکانم، بەناوی (کامیلا گالڤاو)، چیرۆکێکی خۆشی بۆ رەوانە کردووم بەناوی «دوو مرواریی‌ەکە» و دەڵێ:

پیاوێکی ئایینیی خوداپەرست زۆر بەخۆشی لەگەڵ خانەوادەکەیدا دەژیا کە ژنێکی خانەدان و دوو کوڕی زۆر خۆشەویستی هەبوو. بەهۆی کارەکەیەوە، جارێک ئەو پیاوە ئایینییە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەماڵ دوور دەکەوێتەوە. لەو ماوەیەدا هەردوو کوڕەکەی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیان لەدەست دەدەن. ژنە بە تەنیا و بە کڕی خەمی دەخوارد. لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە ژنێکی ئازا بوو، بەهۆی بڕواداری و متمانەی بە خودا، توانی بەرگەی ئەو کارەساتە جەرگبڕە بەئازایی

و سەربەرزانە بگرێ. بەڵام چۆن ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بە مێردەکەی رابگەیەنێ..؟ دڵنیایە کە ئەویش وەکو خۆی بڕوای بەهێزە، بەڵام پێشتر بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە لە نەخۆشخانە خەوێندراوە. ژنەکەی لەوە دەترسا کە ئەگەر بەو کارەساتە بزانێ ئەویش گیان لەدەست بدا. ئەوەندەی کە لەدەستی هات لە خودا پاڕایەوە کە رێیەکی نیشان بدا بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە پێی رابگەیەنێ. ئێوارەی رۆژی پێش گەڕانەوەی مێردەکەی، ژنە زۆر نوێژی کرد و لەخودا پاڕایەوە، تا خودا بیرۆکەیەکی لەدڵنا بۆ وەڵامدانەوەی مێردەکەی.

رۆژی دواتر کابرا گەیشتەوە ماڵێ، ژنەکەی لەباوەش گرت و لە منداڵەکانی پرسی. ژنەکە پێی گوت ئێستا خەمی ئەوانت نەبێ، جارێ بڕۆ سەرت بشۆ و کەمێک بحەسێوە. کەمێک پاش ئەوە لەسەر نان دانیشتن. ژنە داوای لێکرد رووداوەکانی سەفەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش هەرچیەکی روویدابوو بەدرێژی بۆی گێڕایەوە و قسەی زۆری لەسەر بەزەییەکانی خودای گەورە بۆ کرد، ئەوجا دیسان پرسیاری منداڵەکانی لێ کردەوە.

ژنەکە بەجۆرە پەشێویەکەوە وەڵامی دایەوە: «هیچ بە کوڕەکانەوە گرفتار مەبە، دوایی باسیان دەکەین. جارێ من سەرەتا پێویستیم بە یارمەتیی تۆ هەیە بۆ چارەکردنی ئەوەی کە من بە گرفتێکی زۆر گەورەی دەزانم».

مێردەکەی بە خەمخۆریەوە پرسی: «چی روویداوە؟ دەبینم نائارامی ئافرەت. هەرچیەکی لە مێشکت دایە پێم بڵێ، من دڵنیام کە بە یارمەتیی خودا، دەتوانین پێکەوە هەر ئاستەنگێکی هەبێ لێی دەرباز بین».

ژنە گوتی: « کاتێک کە تۆ لێرە نەبووی، هاوڕێیەکمان سەردانی کردین و دوو دانە مرواریی زۆر بەنرخی لەلا بەجێ هێشتم بۆ ئەوەی ئاگام لێیان بێ. بەڕاستی مرواریەکان زۆر جوانن، من تا ئێستا شتی وا جوانم نەبینیوە. ئێستاش هاتووە داوایان دەکاتەوە و منیش نامەوێ بیان گەڕێنمەوە. زۆرم حەز لێیانە و زۆر چوونەتە دڵمەوە، نازانم چ بکەم؟»

کابرا لە وەڵامدا گوتی: «من هەرگیز لەو رەفتارەی تۆ ناگەم..! هەرگیز ئەو ژنە نەبووی ئەوەندە خۆت پێ زل بێ..».

ژنە گوتی: «هەر ئەوەندەیە کە من پێشتر ئەو جۆرە مرواریانەم نەبووە..! ناشتوانم وا بیر بکەمەوە کە رۆژێک لە رۆژان لەدەستیان دەدەم.»

پیاوە ئایینیەکە بە توندی گوتی: «نا، خەڵک دەبێ ئەو شتە لەدەست بدا کە هی خۆی نەبووە. هێشتنەوەی ئەو مرواریانە وەکو ئەوە وایە کە دزیبێتن. دەبێ بۆ خاوەنەکەیانی بگەڕێنینەوە و من یارمەتیت دەدەم کە بەبێ ئەوان هەڵبکەی. خۆم و خۆت ئەمڕۆ ئەوە دەکەین.»

ژنەکە پێی گوت: «چۆنت پێ باشە گیانەکەم با وابێ. گەنجینەکە دەگەڕێنینەوە. لە ڕاستیشدا گەڕاندراونەتەوە بۆ خاوەنەکەی. ئەو دوو مرواریيە بەنرخانە هەردوو کوڕەکەمان بوون. خودا بە ئێمەی سپاردبوون و کاتێک کە تۆ لەماڵ نەبووی، هات و بۆ خۆی بردنەوە. ئەوان ڕۆیشتنەوە.» کابرای ئایینی و بڕوادار تێگەیشت. دەستی لەملی ژنەکەی کرد و پێکەوە چەند فرمێسکێکیان هەڵڕشت، بەڵام لەو پەیامە گەیشت و لەو ڕۆژەوە پێکەوە هەوڵ دەدەن بەرگەی ئەو لەدەستدانەیان بگرن.

سەرچاوە: کتێبی Like the Flowing River – Paulo Coelho



# باوک: وەک مەعشووقێکی ئازارفرۆش
# لە (ترۆپکی داڵغە)ی (سارا عومەر)دا

عەبدولقەهاری شێخ

باوکم حەزدەکا: من لەسەرچۆک بۆی دابنیشم و
توند دەستەکانی ئەو ماچکەم،
دواتریش بەڕیز، براکانم و پیاو ماقوڵانی شار دەستی من ماچکەن،
وەلێ من: حەزدەکەم ڕێگای نانەواخانەکەم نیشان دا !
ئەو: حەزدەکا کتێبی نەحو و صەرف و بەلاغەی لەلا بخوێنم،
وەلێ من: حەزدەکەم فێرم بکات چۆن لەدڵەوە سڵاو لە هاوڕێکانم بکەم !
ئەو: حەزدەکا لەهەموو شتێکا شتێک بزانم و،
لەهەموو مەجلیسێکا قسەیەکم هەبێت...
وەلێ من: حەزدەکەم ژیانم پڕبێ لە بێدەنگی و
بەهێمنی و لەناخەوە،
بیر لە سروشت و مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەمەوە !
ئەو: حەزدەکا ئەگەر کوڕێکمان بوو ناوی بنێم: قارەمان،
وەلێ من: حەزدەکەم ئەگەر کچێکمان پێ بەخشرا ناوی بنێین: چرا !
ئەو: حەزدەکا من هەمیشە لەگەڵ ئەو بم و،
منیش: حەزدەکەم هەمیشە
لەگەڵ خۆم !

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە لە ڕێی زمانەوە ویستوویەتی گوزارشت لەناخ و حەقیقەت و ناوەوەی خۆی بکات، زۆر جار زمانیش نەیویستووە تەواوی نهێنییەکان بدرکێنێت، یان زەمینەی ئازادی بۆ فەراهەم نەبووە، یان نەیوستووە ئەو هەموو درێژدادڕییە بکات، بۆیە ناچار بۆ کورت کردنەوەی زەمەن و بۆ دۆزینەوەی پردێک لەنێوان کەشکۆڵەکەی ناخی خۆی و گەیاندنیان، بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناخی بەرامبەرەکانیش هانای بۆ ڕەمز بردووە لە وتار و حیوار و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرەکانیدا، لە نەخشەسازی و وێنەکاریدا هانای بۆ تەشکیلی و پەیکەرتاشیی هێماگەریی و، لە نووسینیشدا هانای بۆ ڕۆمان و چیرۆک و شیعر بردووەو لە ناویشیاندا نهێنی و حەقیقەتەکانی ناوەوەی خۆی چەشنی کراسێکی بە ڕەمز چنراو بەبەر وشە و ڕستە و کاراکتەرەکاندا کردووە.

خاوەن دڵە گەورەکان.. خاوەن هۆش و ئیدراکە گەش و گەرم و زیندووەکان.. پەیامدۆست و پەیامدارەکان: وەختێک دەیانەوێت قسە لەسەر هەرشتێک بکەن و ڕەخنەی بوونیاتنەری ئاراستە بکەن ئەوا بە وردی و بە ڕۆشنی و بە قووڵیی قسە لەسەر ناوەرۆک و ئەساسیات و بنەما و ڕەگ و ڕیشاڵەکان دەکەن و، کەموکوڕییە بنەڕەتییەکان دیاری دەکەن و، چارەسەری بەخێری بنبڕیشیان بۆ دەستنیشان دەکەن.. وەلێ خاوەن دڵە بچووکەکان.. خاوەن هۆش و ئیحساس و ئیدراکە نارۆشن و نازیندووەکان: وەختێ قسە لەسەر هەرشتێک دەکەن و ڕەخنەی ناتەندروست ئاراستەی دەرەوەی خۆیان دەکەن ئەوا بەداخەوە بەڕووکەشی شتەکانەوە دەلکێن و بچووکانە بەرخورد لەگەڵ شتەکان و ڕووداوەکان دەکەن. مرۆڤی ژیر و هۆشمەند وەختێک ڕەخنەی تەندروستی ئاراستە دەکرێت و کەموکوڕییەکانی پێ ئاشنا دەکرێت: بێ ئەندازە شادومان و دڵارام دەبێت و، بەرامبەرەکەی وەک دکتۆرێکی حەکیمی کارامەی دڵسۆز دێتە بەر چاو و خۆشی وەک نەخۆشێکی دەردگرانی لە گیانەڵا، بۆیە جگە لە سوپاسگوزارییەکی بێ پایان بۆی: بەتەواو متمانەشەوە دڵی خۆی تەسلیم دەکات و داوای دەرمان و ڕێگاچارەی ڕزگار بوون و سەلامەت بوونەوەی لێ دەکات، چون دەزانێ ژیانی ئەو لە مەترسیی مەرگ دایە و دەبێ بەزووترین کات چارەسەر بکرێت... وەلێ مرۆڤی دڵ بچووک و ئەقڵ بچووک: وەختێ ڕەخنەی شیاوی ڕووبەڕوو بکرێتەوەو گوفتار و ڕەفتارە ناپەسەندەکانی بخرێتە بەر دیدەو دڵی ئەوا تا سەر ئێسقان نائاسوودە و خەمبار دەبێت و ڕەنگ و ڕووخساری سوور هەڵدەگەڕێت و دەروونی دەشڵەژێت و سەنگایی هەموو وجوودی تێکدەچێت، چونکە خۆی وەک قارەمانی داستان لە ژمارە نەهاتووی ناو ئەفسانەکان دێتە بەر خەیاڵ و بەرامبەرەکەشی وەک دێوی ناو ئەشکەوتەکان، کە بەنیازە هەم کەسایەتی مەعنەوی تێکبشکێنێت و ناسنامەی قارەمانێتییەکەی لێ وەرگرێتەوە، هەم کچی پاشای لەباوەش برفێنێت و بۆ تاهەتا بەدبەختی بکات، بۆیە جگە لە هەڵگرتنی ڕق و کینەیەکی هێجگار زۆر لە دڵیدا، بەتەواو هێزی ماددی و مەعنەویشییەوە بەرگریی لە تەلاری کەسایەتییە وەهمییە نەخۆشە ناشیرینەکەی دەکات و، بە هیچ شێوەیەک کۆڵ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ناڕەوا نادات و، ناهێڵێ لە سنووری ئەو نزیک

بێتەوە، چەشنی ئاوێکی شێلووە لە سوراحییێکی درز بردوودا، وەلێ هاکا چکی کرد..
تا ئێرە قسەی ئێمە دەربارەی ڕەخنە بوو بە گشتی، ئیتر لێرەوە هەوڵەکانمان چڕدەکەینەوە لەسەر ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و تایبەت تریش: شیعر...
وەختێ چاومان دەکەوێتە سەر دەقێک کە ئافرەت نووسیویەتی هەست بە چی دەکەین؟ ئایا جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو دەقەی پیاوێک نووسیویەتی لەگەڵ ئەو دەقەی کە ئافرەتێک نووسیویەتی؟ ئایا پیاو کە گوایە نسبەی عەقڵانیبوونی زیاترە لە کەوتنە نێو ژیان و ئافرەتیش نسبەی سۆز و میهرەبانی لێوڕێژترە لەبەرخوردی لەگەڵ زیندەگیدا بەهەمان شێوە دەقەکانیان (هی پیاو) زیهنگەرا و داپۆشراو بە فیکر و فەلسەفە و واقیعزەدەیی و (هی ئافرەتیش) لێوانلێو لە سۆز و خەم و موعانات و سکاڵا و دەردیسەری و کۆت و بەند و مافخوراوییە؟ ئایا هەرکامێک لەوان لەزمانی پاڵەوانی دەقەکەوە قسە دەکەن: یانێ وەک خودی نووسەرەکەو دەربڕینی ناخ و موعاناتی خاوەن دەقەکە قسە دەکەن؟ یان وەک ڕەگەزێکی تایبەت لەخۆیان دەدوێن (نێر یان مێ ؟) یاخود وەک بوونەوەرێکی ڕێزدار کە ناوی مرۆڤە تەعبیر لە کێشە و خواست و ئارەزووە ئینسانییەکانیان دەکەن؟ بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە گەرەکە بچینە خزمەت خودی دەقەکان و لێگەڕێین ناواخنی دەقەکان خۆیان وەڵاممان بدەنەوە..
چیرۆکی کوردی هەوڵی داوە باس لە کێشەی گشتی بکات و کەم تا زۆرێک موعاناتی فەردانی خودی نووسەرەکە تێپەڕێنێت، وەلێ شیعری کوردی بەگشتی و شیعری ئافرەتیش بەتایبەتی هێشتا بە پێی پێویست نەیتوانیوە تەجاوزی خەم و سکاڵا و ئازارەکانی خودی نووسەرەکە بکات و باس لە خودی ئافرەت یان مرۆڤ بە گشتی بکات..

ئێمە لەبەردەم دەقێک داین (ترۆپکی داڵغە) کە ئافرەتێکی ڕێزدار نووسیویەتی و کاراکتەری سەرەکی دەقەکە، واتە پاڵەوانی دەقەکە، واتە خودی نووسەرەکە، واتە (سارا عومەر)، بەهەموو شێوازەکان و هەرجارەی بە دەرکەوتێک لەگەڵ دەرەوەی خۆی هاتۆتە ئاخاوتن و بەهرەمەندانە گوزارشتی لە کێشە و خەم و ئازارەکانی خۆی کردووە، جارێک وەک (سارا عومەر) و جارێکی تر وەک (ئافرەت) و جارێکی تریش وەک مەخلووقێکی ڕێزدار کە ناوی (مرۆڤ) ە ..
ئەم دەقە گفتۆگۆیەکی هەمەچەشن و یەخانگیری کردووە لەگەڵ بوونەوەرێکی دەسەڵات ڕەهای ماددی و مەعنەوییا کەناوی باوکە، باوک: بە هەموو ڕەهەندو مانا و مەدلوولە کۆمەڵایەتی و کولتووری و داب و نەریتی و ئاینی و ڕووحی و فیکری و فەلسەفی و ئینسانیەکانییەوە، جارێک وەک ئەو باوکەی کە هۆکاری هاتنە وجوودی منداڵەکانە و، جارێک وەک ئەو باوکەی کە کولتوورە و لەشێوەی پیرە دێوەرەیەکی حەکیمی زۆرزان کەلەپوور و داب و نەریت و ڕێساو یاسای کۆنینە لەدەستی ڕابردوو وەردەگرێت و تەسلیم بەهۆش و بیری کۆمەڵ و کۆمەڵگای ئەمڕۆی دەکات و، هەمیشە حەزدەکات وەک کاریزمایەکی موقەددەس و پیرۆز حزووری

هەمیشەی خۆی لە یادەوەریی دانە دانە و کۆی کۆمەڵگا هەبێت و چاودێرێکی مەعنەوی بە هەیبەت بێت لە تەواوی هۆش و بیر و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا..
باوک: هەمیشە نموونەیەکی بەرچاوو کاریگەرە بۆ مناڵەکانی، هەموو هەڵوێست و هەڵسوکەوت و گوفتار و ڕەفتارێکی وانە و پەندن لەبەر دیدە و دڵی ڕۆڵەکانی، ئەو باوکانەی ئامۆژگارییەکانیان زووتر ڕەنگی نەدابێتەوە لە ڕەفتار و سلووک و ڕەوشتی رۆژانەیاندا ئەوا بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان نابێت لە گۆڕانی خێرۆمەندی مناڵەکانیان، باوک جگە لەوەی کە مامۆستا و پەروەردەکارە، لەگەڵ هەندێش مایەی سوکنایی و دڵارامییەکی بێ پایانیشە بۆیان، بەبوونی باوکیان مناڵان هەرچی خەم و ترسە نییانە، مناڵان کە تەواوی متمانەیان بە باوکانیان بەخشیوە خۆزگە باوکانیش لە ئاستی ئەو متمانەیەدا دەبوون و بە کردەوە ڕەوێنەری خەم و ترسی مناڵەکانیان دەبوون، سەرۆکەکان لە جێی باوکن بۆ کۆمەڵگا و، مامۆستاکان لە جێی باوکن بۆ فێرخوازانیان و، ئوستادەکان لە جێی باوکن بۆ موریدانیان، خۆزیا هەموومان باوکی ڕاستەقینە دەبووین و هەمووشمان لە ئاست متمانەی نەوەکانمان دا دەبووین..

لە دەقی (ترۆپکی دالغە) باوکێک مناڵەکانی خۆی کردۆتە قوربانی، قوربانی حەزو چێژە بچووکە ئینسانییەکان، ئەو حەزو چێژە بچووکانەی کاتێکی کەمیان هەیە بۆ بەخشینی خۆشیی و، دواتر تاڵاوی حەسرەت و نەدامەت دەخەنە قورگ و ویژدان و ناخ و دڵ و گیانەوە، خانەوادەیەک پەڕاگەندە دەبێت و باخچەیماڵەکەی وشک دەکات، گوڵەکانی سیس و پەژموردە و بێ ناز و بێ باران و با و هەناسە دەبن، لە ناویانا (گوڵێک — مناڵێک) ناتوانێ و نایەوێ بێ دەنگ بێت و سەدا و هاوار و ناڵە و ناڕەزایی خۆی و خانەوادەکەی نەگەیەنێتە کەشکەشانی ئاسمان، ناتوانێ ویژدانی مرۆڤایەتی خەبەر نەکاتەوەو دڵ و گیانیان نەهەژێنێت و هەواڵی خۆی بە گوێی سروشتا نەچرپێنێ، وەلێ بێ دەنگ نەبوونێکی هێمن و حەکیمانە، بەشێوەیەک کە تەواوی گلەو گازاندە و خەم و حەسرەت و دەردو ئازارو مەحروومی و بەشمەینەتییەکانی دەخاتە دووتوێی پەڕوباڵی کۆڵلارەی شیعر و بە ئاسمانی ئینسانییەتا هەڵی دەدات..

ئەم دەقە بە گفتوگۆی لەگەڵ ( مەخلووقە چاوەڕوانکراوەکە — مەخلووقە ئومێدبەخشەکە — مەخلووقە سۆزبەخشەکە — باوک ) تەواوی ئازارە دەروونی و ڕووحییەکانی خۆی خستۆتە سەر لەپ و هەرجارەی قەتماغەی برینێکی هەڵدەداتەوە، جارێک وەک بێ بەشبووێک لە سۆز و میهرەبانی و باوەشی سوکنابەخشی باوک کە لابەرو ڕەوێنەرەوەی تەواوی نەخۆشی و ناخۆشییەکانی جەستەو دەروون و زیندەگییە و، جارێکیش وەک کەسێکی دابڕاو لە (باوک=کۆمەڵگا) کە باخچەی پێکەوە ژیان و گۆڕینەوەی دۆستایەتی و بەخشینی وەفا و هیممەت و ئاکاری درەخشانی مرۆڤبوونە بەیەکتر و، جارێکیش وەک سکاڵاگۆ و نزاکارێکی پەژموردەی لاچەپی دونیا لەگەڵ خودا و قەدەر و چارەنووس و ڕووداوەکانی ژیان و ئایندەی

ئادەمیزادێتی خۆیدا کە چەشنی منداڵێکی برسی و تینوو و هیچ کوێ پێ نەزانە لە سارایەکی فراوانی ئەم گەردوون و دونیا و ژیانەدا و بە تامەزرۆیی و پەرۆشییەوە چاوەڕوانی فریادڕەسێکی میهرەبانە دەستی بگرێت و بەرەو هەواری دڵئارامی هەنگاوی پێ هەڵگرێت و جارێکی تر بە خودا و گەردوون و ژیان و سروشت و ئینسانی ئاشناکاتەوە.

**ئەی ئەو کائینەی، ڕەنگە هێشتا لەجێگایەکی دوورەدەستی تۆدا، گۆشەیەک هەبێت و**
**بۆنی نەرمی پەژموردەیی من بهێنێت بەسەروچاوی ماندوێتیتدا،**
**ئەوە بزانە من هێشتا هەناسە دەدەم.. نەک لە بەهەشتی باوەشی میهرەبانی تۆدا،**
**بەڵکو لەناو دۆزەخی دوورە پەرێزی تۆ و لەبەینی بەرداشەکانی ڕۆژگاردا..**
**تۆ بڵێی بۆنێک، کە دەگات بە لووتت، کە بۆنی بۆکڕوزی ڕۆحی کچەکەتی لێبێت،**
**بتخاتە کەڵکەڵەی ئەوەی کە بتەوێت تەرمی جگەرگۆشەکەت**
**بەزیندوویی بەسەر بکەیتەوە؟**
**کە لەناو لەش و لارێکی باریکەڵە و لەسووچێکی لاچەپەکی دنیا و فەرامۆشیی تۆدا،**
**بێنازانە کۆشمەڵەی کردووە؟؟**



(ئەو)ی گەڕیدە بەدوای حەقیقەت، ئەوی بێ بەشبوو لە سۆز و ریعایەت و عینایەت، بۆ ئەوەی بگات بە خەون و خۆزگەکانی، ئامادەی هەموو جۆرە سەفەرێکی ماددی و مەعنەوییە، سەفەر بۆ ناو کتێبە کۆنینەکان و گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو و بینین و شایەتحاڵبوونی هەموو ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان...

سەفەر بە چاوەکان: بۆ سەیری زەوی و سروشت و ئاسمان و ئەستێرەکان، سەفەر بە خەیاڵ: بۆ گەیشتن بە تەواوی ئەو کەسە فریادڕەسانەی شوێنێکی ئاشکرا و جێگیر نییە بۆ بینین و دۆستایەتیان، بۆ گەیشتن بەو شوێنانەی لە تواناادا نییە هەنگاوە ماددییەکانمان پێیان بگات، بۆ گەیشتن و ئاوێزانبوونی سوکنابەخشانەی تەواوی ئەو کاتە نەمر و سەرمەدییانەی بەسەرمانا تێپەڕیان نەکردووە، سەفەر لەسەر پشتی (با) و بە ئەسپی تیژڕەوی خەیاڵ، وەلێ هەندێجار لەدوای تێکۆشان و ماندووبوونێکی ناکام و کەمبەرهەمی ڕووحی: ڕوو لە دڵی شەکەت و خێر نەدیوی خۆی دەکات و بەناڵە و فوغانێکی جەرگبڕی تاسە نەشکاوەوە هاوار دەکات و دەڵێ:

**بەڵام نا، من لە تنۆکەکانی بارانەوە، ڕۆح وتەنی، ڕوو دەکەمە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی و لێی دەپاڕێمەوە، دامبگرێت لەسەفەر، وەک منداڵێک ورکێکی منداڵانە**
**دەگرم « لە داوایەک « کەهیچ پاڵەوانێک ناتوانێت بۆ جگەرگۆشەکەی دابین بکات،..**
**داگرتن لەسەر پشتی تیژ ڕەوی کات و غوربەت،.. بەڕاست ئەی پاڵەوانی ڕۆحی بەفر، دەردی ئێمە چ عیلاجێکی هەیە؟.. دەبا بێینە خوار لەسەر پشتی با..**

(ئەو) زۆرجار کە دەنگ و هاواری جەستە و، ناڵەی دەروون و، گریانی دڵ و، سووتانی ڕۆحی بەرز دەبێتەوەو کەسێکی میهرەبانی دەست ناکەوێت گوێچکەی دڵی لێ بگرێت و تیماری برینەکانی بکات، کە هەنگاو هەڵدەگرێت و مەخلووقێکی ئاشنا نییە هەنگاوی لەگەڵ هەڵگرێت و چەشنی دۆستێکی سینە×افی دڵسۆز ڕاز و نیازی دڵ و گیانی لەگەڵ بگۆڕێتەوە، کە سێبەری مرۆڤێکی سوکنابەخش نابینێ لەژێر کەپر و ساباتی هاوڕێیەتیدا پشووی دڵ و گیان بدات و وەک بوونەوەرێکی هێمن لە سیمای سروشت بڕوانێ، ئیدی دەکەوێتە گومانی ئەوەی بڵێی ئێمە لەم وجوودەدا بوونێکی حەقیقیمان هەبێت و بۆشاییەکمان لەم مەکانی گەردوونەدا پڕکردبێتەوە؟ ئەگەر وایە بۆچی هەست بەبوونی مرۆڤێتی خۆمان ناکەین؟ ئەگەر وایە بۆچی گوێیەک نییە بۆ بیستن و چاوێک نییە بۆ بینین؟ ئەگەر وایە بۆچی سێبەرێک نییە بۆ پشوو و بۆچی ترپەی پێیەک نییە بۆ پیاسە و دەستێک نییە بۆ تەوقە و سڵاوێک نییە بۆ دۆستایەتی؟ دواجار چەشنی کەسێکی نوستوو لە خەوێکی قووڵی داستان ئاسادا بەئاگا دێتەوەو دەبینێ هەمدیسان لەم ماڵی ژیانە و لەناو هەمان نوێنی ئازار و ئەشکەنجە دەروونی و ڕۆحییەکانی خۆیدایە:

**زۆر جار، کە قریشکە و هەنسکەکانی هەور لەسێبەری پەڕەی ڕۆحم دەخشێن،**
**بیر دەکەمەوە ئاخۆ ئێمە چ بەڵگەیەمان پێیە، کە وەهم نەبین؟!**

ئەگەر کەسێک (یانی: باوک) هۆی هاتنەبوونی من و پەلکێشکەری منە بۆ ناو ئەم وجوودە و (ئەو)ە پەتی پیرۆزی پەیوەندی (من) بە ژیان و سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵگا و زمان و ئاسمان و ئاین و خوداوە، کەسێک کە دابینکەری پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکان و بەخشەری سۆز و میهرەبانی و، تێگەیەنەر و پێگەیەنەری حەقیقەت و مەعنا و ئاکار و ئینسانبوونە لە ناخ و دڵ و گیانی (ئادەمیزادەکان — منداڵەکان) یا: ئەوا ئەو باوکە ئینسانی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕووحی و مەعنەوییە لە کوێیە و، بۆچی نایەت سۆز و میهرەبانی ببەخشێت؟ بۆچی نایەت بە مێژووم گرێداتەوەو، بە ئێستام ئاشناکات و کتێبی خوانووسی ئایندەم بۆ بخوێنێتەوە؟ بۆچی نایەت خەیاڵگەم بارگاوی بکات بە داب و نەریتە تەندروستەکان و جارێکی تر حەکیمانە خۆی لەمندا داڕێژێتەوەو، لەڕێی منەوە وەک زۆرانبازێک لەگەڵ مەحاڵدا بجەنگێت و هەوڵ بۆ درێژکردنەوەی تەمەن بدات و بەهۆیانەوە پارێزگاری لە نەمریی و نیمچە خلوودی خۆی بکات لەم پانتای زەمینە (گەرچی نەشکرێ)، ئیدی لێرەوە کە ئەو فریادڕەسە مەعنەوییە، ئەو سوپاسالاری لەشکری ژیان و خۆشبەختییە دەرناکەوێت و وەک قارەمانێکی میهرەبان لەجیاتی (من) بەرەنگاری نەخۆشی و ناخۆشییەکانی زیندەگیی نابێتەوەو، هەتوانی شیفابەخش ناڕژێنێتە سەر برینە دڵ و گیانییەکان و، فرمێسکە خوێناوییەکان ناسڕێت و، دەروونە توندەکان بەباوەشی نەرم و نیانی هێمن ناکاتەوەو، چەشنی موسلیحێکی حەکیم سوڵحی مرۆڤ و ژیان و سروشت و خودام بۆ ناکات، ئیتر چەرمەسەری و دەردیسەری و خەم و ناسۆر و سەوداسەری و، کوژانەوەی چرای ئومێد و، پووکانەوەی نەمامی خۆزگەکان و، وشککردنی ئینسانبوون یەک لەدوای یەک دەست پێدەکەن و تروووسکاییەکی هیوا لە هیچ کوێ و لەهیچ کات و لای هیچ کەسێ بەدی ناکرێت:

**من ناتوانم سەرم دەربچێت لەوەی حیکمەت لەم ئازارگەل و ئەزابگەل و دەردی فەرامۆشییە چییە؟ ئەم دێڕانە دەکرێت خۆیان بگوێزنەوە بۆ ناو کایە پیرۆزەکانی تری ژیانیشت، وەک ئەوەی درک بکەیت،**
**ئەم گوزارشتانە، بارگاویبن بە سۆز و هەواڵ و ئۆخەی و هەناسە هەڵکێشانێکی دڵنیابوون و لە هەبوونت و هەبوونم، لەناو سەرتاپا چرکەکانی ڕۆژ و شەو و مانگ و**
**ساڵ و سەدەکانی هزری تەم – خواردوماندا..**

ئەو باوکە بۆچی دەرناکەوێت؟ هۆی دەرنەکەوتنی چییە؟ ئەی (من)ێک کە بەدەستی میهرەبانی قەدەر (بەو) بەسراومەتەوە گوناه و تاوانم چییە؟ بۆ دەبێ بەهۆی دەرنەکەوتنی ئەوەوە ئەو هەموو عەزابە جەستەکی و ناخەکی و زیندەگییە بکێشم و دواتر هەرخۆشیشم بوێت؟ ئاخر خۆشەویستی ئەگەر وەک من تێکەڵ بە ئێسک و پێست و گۆشت و خوێن و تەواوی زەڕاتی وجوودی بووە چۆن دەتوانێ دەرنەکەوتنی خۆی بکاتە هۆی چەرمە سەرییەکانم؟ ئەم پێشێلی ماف و نەبەخشینی سۆز و هەڵاتن لە بەرپرسیارێتییە لەناو کام یاسا و ئاین و داب و نەریتی تەندروستا شوێن دەکاتەوە؟ ئاخر باوکە منێک کە بەهەموو هێزو توانای خەیاڵ و فیکر و زمان و دڵ و گیانمەوە هەوڵ بۆ نەپچڕان و دانەبڕان و دوورنەکەوتنەوەت دەدەم! منێک کە باوەڕم وایە پەتێکی پتەو و پیرۆزی مەعنەوی و ئیلاهی بەیەکەوەی گرێداوین ئیدی تۆش وەک من دەبێ پارێزگاری لێ بکەیت:

**پەیوەستبوونی من بە بیرەوەرییەکانی تۆوە لەناو کەوانەیەکی بچووکدا وای لێکردووم، گوێم بەر هەر وشەیەکی ( باوک ) دەکەوێت، خێرا دڵم دەکەوێتە ترپە ترپ،.. من و تۆ، چونکە ناتوانین هەبوونمان لە ئاستی یەکدیدا چەواشە بکەین،**
**بزانە چ مەزنییەک گرێیداوین !**

باوکە: ئەگەرچی دەبوا تۆ خۆت بهاتبایتە پێشوازی و، دەست و دڵی هاوکاریت درێژکردبایە و، تێکەڵ بەدڵ و گیانم بوویتایە و، ئاشنا بەتەواوی نهێنییەکانی مرۆڤ و بوونەوەرت کردبام، وەلێ مخابن ئەمێستاکە من: کوچە و کۆڵانەکانی عاتیفە نەما بەدوات نەگەڕێم، باولەکانی (شوین) نەما هەڵی نەدەمەوە بۆ سۆراخت، ئەسپی تیژڕەوی (کات) نەما سواری پشتی نەبم و بۆ هەواڵت هەموو کونج و کەلەبەرەکانی دەروون نەپشکنم و، لەهەموو دونیا پرسیارت نەکەم، ئاخر تۆ لەکوێی ئەم دونیا و ژیانەیت ئەی ئەو مەخلووقەی لە ئاو پێویست تری بۆ ژیان و شکاندنی تینوێتی ناخ و ویژدانم؟، ئەی ئەو بارانەی ئەگەر بتەوێ دەتوانی کێڵگەی ئایندەم تێراو بکەیت و نەهێڵی لە برسێتی مەعنەویما بمرم! من و تۆ کە یەک دڵین لە دوو جەستەدا و، مایەی ژیان و مانەوەی وجوودمانین لەم زەمینەدا ئیدی بۆ دەبێ منی بچووک هەمیشە بەدوای تۆی هەموو کەسم و، هەموو شوێنم و، هەموو کاتمدا ڕاکە ڕاک بکەم؟ ئاخر تۆ ئەی باوکی من، ئەی زەوی و خاک و ئاو و با و ئەستێرە و ئاسمانی من: من چارەیەکم نییە جگە لەوەی کە دەبێ بتدۆزمەوەو، بە هەموو هێز و توانای ناخمەوە باوەشت پیا بکەم و، تێر بۆنت بکەم و، لە تۆوە شەپۆلە مەعنەوییەکانی حەقیقەت و خۆناسی و مرۆڤبوونم هەڵمژم و، جارێکی تر خۆم بە ژیان و ئینسانییەتەوە بلکێنمەوە:

**باش دەزانیت، کاتێک دڵۆپەکانی باران بە چۆماوەکان پێڕادەگەن،**
**وەک دڵی من دەڵێن تۆ ئێستا چویتە شوێنێکی عاسی، شوێنێک،**
**کە قەڵەم پێیناوێرێت،..شوێنێک قابیل بە نەتوانینی وەصفە،..**
**تۆ وەک کریستاڵی باران و من وەک هاوڕێی خاک، لە چەمێکی خەیاڵیدا، – هەر ڕۆژێک دێت دەدەینە لێزمەی وشە –.. من دەبێت بتبینمەوە..**

باوکە: بایەخی کات لەوەیدایە کە بەشیرینی بەسەر ڕۆژەکان و ڕووداوەکانی تەمەنمدا تێپەڕبکات، من کە لەو چێژ و شیرینییە بێ بەش و مەحرووومم، ئیدی چ باکم بە تێپەڕینی کات بێت کە چەشنی (با) بەبەردەمماڵی ژیانما گوزەردەکا؟، بۆیە ئەگەر تۆش نەیەیت و لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونمدا گوڵی بەختەوەرییم خەڵات نەکەیت و، بە گوێچکەمدا نەچرپێنی: (من باوکی تۆم– من تۆم خۆشدەوێت– تۆ پارچەیەکی دانەبڕاو و خۆشەویستی لە جەستە و دڵ و گیانی من) و لەبەرامبەریشدا منیش ماندوو و شەکەت بم لە گەڕانی جەستە و دڵ و گیان و خەیاڵ و هۆش و بیر بەدوای تۆدا و، لەهیچ شوێنکاتێکیشدا دەستەبەرت نەکەم و، وەک تەواوی مرۆڤگەلی ئەم سەر زەمینە نەتوانم سۆز و میهرەبانیت لێ دەرۆزە بکەم: ئەوا ناچار دەبێ تەواوی خەم و ناسۆر و ئێش و ئازار و خەون و خۆزگە و خۆشەویستیم چەشنی چیرۆکی بەر ئاگردان بۆ مەخلووقێکی بێ گیان کە (پەڕەو کاغەزە) بگێڕمەوەو، دواتر لەهەر کوێ بیت ئەو لەجیاتی خۆم بنێرمە باوەشت، سا بەڵکو بتوانم سۆزت بجۆشێنم و فرمێسکێکت لە چاوان بۆ بهێنمەخوار کە ساڵانێکە غوربەت و، مەشغەڵەتی نابەهاداری ژیان و، گەڕان بەدوای ئارەزووە بچووکەکان ڕێگیرییان لێ کردووە و، ناهێڵن ئەم ڕووبارە شیرین و سۆزبەخشە ڕێچکە لەکەناری چاوەکانتدا ببەستێت :

**بابە.. خۆشم نازانم، باشی لەوەیدایە، کە منەتم بە تێپەڕینی کات نەبێت بەسەر گۆشەگیریمدا، یان ئەم خۆشەویستییە بێغەلوغەشەی خۆمت بۆ بئاخنمە ناو توێی**
**نامەیەکەوە، کە ڕەنگە تازە بری هیچ نەکەوێت بۆت، لە سەردەمێکدا، کە باوی نامەو**
**خوشویستن ڕەنگە بەسەرچووبێت..؟!**

ئەتۆ: زوو یان درەنگ هەردەبێ گوێ بگریت و بزانیت کە کەسێک لەبەر دەرگای دڵت وەستاوە و دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات، دەیەوێ پێت بڵێت: هەرچەند دوورکەویتەوە هێشتا هەر سنووری دڵی من تێپەڕ ناکەیت و، لەدەست و پەنجەکانی ئەختەبووتی خۆشەویستیم نابیتەوە:

**بۆ ئەوەی زیاتر دوور نەکەویتەوە –**
**بە دالْغەی بوومەلەرزە توورەو تۆزاوییەکانی تۆوە،**
**شەستەبارانەکان دەگەڕێنمەوە بۆ بەهار، تا ڕووخسەتبخوازن و دالْغەت تەڕبکەن**
**دەنکۆڵەی تەرزەکان هەر بۆ بەهار، تا هارە خێراکانی خەیالْی سروشت**
**وەک کەشتییەوانێکی تارمایی، لەسەر سنگی چادری سەفەرت**
**لێزمە بکەن و لەنگەری کەشتییەکەت خاکبەست بکەن.**
**تۆ وەک ماسییە سوورەکان لە دوا وێستگەی ئەم ئاوابوونەدا لەنگەر بگرە**
**ڕقئەستوورێکی زیوینی و – بەس چاوکە، لەم ڕۆژگارە سەوزانەدا،**
**دۆزینەوەی گریان لە قیبلەنمای تەنیایی ڕۆحمدا چەند ڕەوایە !**

باوکە: ئەگەر فەلسەفە لەدەرگای پرسیارەوە دەچێتە ناو ژیان و مرۆڤ و سروشت و گەردوون و پەیوەندییەکانی نێوانیان و وەزیفەی هەرکام لەدانە دانەی بوونەوەران و، پەیوەستکردنی سەرەتاو کۆتاهاتنی هەریەکێکیان و سەرجەمیشیان بەیەکەوە بە ڕابردوو و ئێستا و ئاییندە و چارەنووسیانەوەو، لەوێوە ئیتر مرۆڤ بەرنامەی ژیانی خۆی ڕێکدەخات و، خۆی دەخاتە سەر داڕشتەیەکی (فیکریی – دەروونی) و، پلانسازی بۆ تەمەنی و، بۆ گوفتار و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێست و پەیوەندییەکانی دەکات، ئەوا: (حەقیقەت – ئاین – ئیمان) ئەو کتێبە نوورینە دانسقە و دەوڵەمەندەیە کە هەم چەشنی وێستگەیەکی سوکنابەخشە بۆ پشووی جەستە و هۆش و خەیاڵ و دڵ و دەروونی مرۆڤ لەو هەموو گەڕیدەیی و شەیدایی و سەوداسەرییەی کە هەیەتی دەربارەی مرۆڤ و ژیان و گەردوون و خاوەنیان و، ڕابردوو و ئێستا و ئاییندە و چارەنووسی هەرکامێکیشیان و، پەیوەندییەکانی نێوانیان بە گشتی و پەیوەندی مرۆڤیش بەوانەوە بە تایبەتی، هەم لە چەشنی ئوستادێکیشە، تەواوی ئەو پرسیارە حەیرانسازانە وەڵام دەداتەوە کە بوونی مرۆڤ و هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان پێوە پابەندە و، بەهۆیانەوە دڵئارامانە پەیوەندییە مرۆییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگا ڕێکدەخات و هەڵوێستیان لەبارەوە دەگرێت، ئەوە جگە لەوەی کە مرۆڤ لەناو حەقیقەتدا تەواوی شتەکان بەها و پێناسی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرن لەلای و، هەریەکەیان بەپێی ئاست و ئەندازەی خۆیان بەرخوردیان لەگەڵدا دەکات، زەمەن لەناو فەلسەفەدا شەوەو، خودا و گەردوون و سروشت و ژیان و مرۆڤ و تەواوی شتەکان چەشنی تارمایی دەبینرێن، وەلێ (حەقیقەت– ئاین– ئیمان) چرا دەخەنە ناو لەپی مرۆڤ و، سیما و ڕووخساری تەواوی شتەکانی ئەم بوونەوەرە درەخشان دەکەن... فەلسەفە مرۆڤ لە خودێکی بێ کێشە و ئارامەوە دەگوازێتەوە بۆ ناخێکی گەڕیدەی پڕ لە پرسیاری دەروون دانەمرکاوی دڵ عەوداڵ بەدوای نهێنییەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، وەلێ حەقیقەت هەم پەرتبوونی مرۆڤ کۆدەکاتەوە و هەم ئاشنا و ئاشتی دەکاتەوە لەگەڵ دەرەوەی خۆی... من هەموو ئەوانە دەزانم، وەلێ باوکە ئەگەر لەجیاتی خوا (یانێ خاوەنی خۆم – هاوڕێی گیانی بەگیانی خۆم) کە بەخشەری ماف و جوانییەکان و، دابینکەری پێویستییە

ماددی و مەعنەوییەکانەو، ڕێکخەری ئومووره جەستەیی و، ناخ و دڵ و گیانی و ژیانییەکان و، فەرمانبەردار و هەڵسووڕێنەری کارو فەرمانە (خەلقی و ئەمری — غەیبی و شەهادی — زاهیری و باتینی) یەکانە: هانام بۆ دەسەڵاتە ناحەقیقی و ناتەندروست و ناباڵاکانی چەشنی فەلسەفە (کە تاقەت پرووکێن و هۆش و خەیاڵ ماندووکەر و دڵ وێڵکەرە) برد و، دەست و دڵم بۆ فاڵ و سیحر و جادوو درێژ کرد و، بەدوای دێوی ئەفسانەکان گەڕام بۆ دۆزینەوەی (تۆ) و، گۆڕینی چارەنووسی خوێنین و بەخەم چنراوی خۆم: ئەوا (تۆ)ی کە ڕێگاکانی بەرەو ماڵی خوات لێ گرتووم، تۆی نەتوانی تەعاروفم لەگەڵ خوادا پێبکەی، تۆی نەتزانی دەقە جوانەکانی خودام پێ ئاشنا بکەی تا لە باخچەی مەعناکانیدا گوڵی خۆناسیی و خۆشنوودی و دڵئارامی بۆن بکەم و، لە ڕووباری ڕستە سەرنجکێش و دڵکەمەندکێشەکانیدا دەموچاوێک بشۆم و، قاچ و قولی بەندایەتیم بخەمە ناو و، پڕ بەسییەکانم پێی بڵێم (خۆشمدەوێی)،:

**دەکرێت دەستم لەسەر ترپەی دڵ و نائومێدی هەناوی تۆ بەجێ بهێڵم**
**بەدەم ئاواز بەخشین بەدواهەمین ماچی لاسکی پەلکە بریندارەکانی دڵت**
**ڕۆحی لە ئەزەلەوە جوانەمەرگم بۆ بانگکردنی لێبوردنە دوورەکان بنێرم.**
**بەکوچەی ڕاستییە زامدارەکاندا، وەک مەیتێکی لەش ساردی ڕزیو،**
**دوو قاچ لە قەدەر بقۆزمەوەو شوێن سێبەری نینۆکەکانت بکەوم**
**خۆم ڕاخەم بەسەر پەلکە گیا و سەوزەڵەی باخچەی هاوسێکانمدا و**
**بەخێرایی بگەمە فاڵچییە دڵڕەقەکانی قەدەر و**
**گرێ بەستنی بەختی نیشتیمانیان پێ لەبار بەرم.**

باوکە: مرۆڤ ئەو بوونەوەرە جوانەیە کە دەبێ زەوی ئاوەدان بکاتەوەو، لەسەریەتی پەیوەندییەکان و ئەرک و فەرمانەکان ڕێکبخات و بە خۆشەویستییەوە دەستەملانی تەواوی سروشت و مەخلووقات بێت و، دونیاو ژیان یەکپارچە بکاتە سەوزایی دڵئارامی و خۆشنودی.. نابێ بەخراپەی چینێکی دیاریکراو: دونیا و ژیان و مرۆڤمان لەبەرچاو بکەوێت و خۆزگە بخوازین کە مرۆڤ هەر بوونی نەبوایە! ئاخر خۆ خراپەکاران ڕاستە بەدەست و قاچ و زمان و گوێچکە و ئەندامە دەرەکییەکانیان کار و تاوانەکان ئەنجام دەدەن، وەلێ دەبێ باش بزانین کە ئەوە دڵیانە دەفعیان دەکات بۆ ئەنجامدانی شتەکان و، دەروونیانە پلانەکان دادەڕێژێت، بۆیە چاکتر وایە هەموومان ئیش لەسەر دڵ و دەروونەکانمان بکەین و، لەجیاتی ڕق خۆشەویستی بخەینە شوێنی و، لەجیاتی مەرگ ژیان ئەدرەس بکەینە ناوی و، لەجیاتی یەکتر سڕینەوە پێکەوە ژیان بەر قەرارکەین، کە ئەوەش پێویستی بە زەمەن و پلانسازیی و تێکۆشان و قوربانیدان و مرۆڤناسیی هەیە..

**ئێی باوکی ئاو، باوکی بنار و کوێستانی قاسپەی کەوە خاکییەکان، لەم**
**جەهەندەمە زیندووەدا!**
**کێ نەیبینیت، کە وەک لێوێکی پەمەیی ڕانەگەیشتی بگەیتە لێوی سووری عەشق**
**و**
**وەک گەڵای وەرزی خەزانێکی دوورە کەنار فرمێسکەکانت هەڵدەوەرین!**
**ئێستاکەش دەچمە دیداری هەر گەڵایەک، هەر خونچەیەک،**
**دەست بە پرچی هەر درەختێکی زەرد پۆشدا دەهێنم،**
**پەنجەم بەر هروژم و هاژەی هەر تاڤگەیەکی کێوان دەکەوێت،**
**چاوم بە ترۆپکی هەر بەرزە چیایەکەوە دەگیرسێتەوە، ناتوانم پێیان نەڵێم:**
**« باوکم کوڕی خاڵخاڵۆکەیە، دوو پەرندە لە چاوانییەوە دنیا نیگا دەکەن**
**هەنگوینی هەناسەکانی لە کوورەی دییەکانی « بینایی و ئایندەدا» شانەیان**
**گرتووە**
**چاوانی لە فرمێسکی « کچۆڵە« کۆرپەی بەستەدا نغرۆبووە**
**هاوار دەکات بستێکم لەخاک بدەنێ تا ئەم خونچانەی تێدا ئاو بدەم**
**بستێکم لە ڕۆشنایی پێ ڕاببینن، تا قامچییەکانی ڕق نەگاتە ڕۆحمان**
**چنگێک هەوای ئومێدمان پێ ببەخشن ... با تێکنەچین»**

باوکە: تۆ هەمیشە عەقڵ گفتوگۆت لەگەڵ دەکات و منیش بەردەوام دڵە دەملاوێنێتەوە، وەلێ عەقڵ هەمیشە هەموو شتەکان بە کێشانە و پێوانەی هەستەکان دەنرخێنێ و، گرەوەکان تەنها لەسەر بەرژەوەندییە بچووکە تایبەتییەکانی (انا – خودی خۆی) دەکات و، هەرگیز چاو لە دەرەوەی خۆی نابڕێت و، گوێچکەکانی جگە لە دەنگی ناسازگاری خۆی هیچ دەنگێکی تر نابیستێ... کەچی دڵ هەمیشە بە میهرەبانییەوە دەڕوانێتە مرۆڤ و تەواوی مەخلووقات و، هەمیشەش دەفری ناخ و وجوودی پڕە لە سۆز و ئەوین و مەحەببەت و، تواوەتەوە لە خەم و خەیاڵی ئەوانی ترو، هەمیشە ڕزگاری و خۆشنوودی خەڵکان ترۆپکی ئومێدەکانی ئەون و، فرمێسکی هاوکاری و هاودڵییان لە کەناری چاوەکانیدا چەشنی ڕووبار هەمیشە ڕێچکەی گرتووە، باوکە: من دەمێکە دەنگێکی سۆزناک و میهرەبان لەناخما پێم دەڵێ وریابە: عەقڵ دوورە و دڵ نزیک.. عەقڵ مەشغوولە و دڵ تەنیا.. عەقڵ تارمایی و دڵ شیعر.. تۆ ئەی گەڕیدە تینووەکە وریابە: عەقڵ بیابانە و دڵ کانی!

**وا هەست مەکە پووشە پەڕێک بیت، لە باڵی عەشق ترازابیت و**
**لە خانەو گەواڵە هەورە خۆڵەمێشییەکانی ناخمدا جێگات نەبێت**
**وا نەزانیت بەربوونەوەت بۆ ناو کێڵگە پڕ مرواریيەکانی داڵغەم**
**سروەیەک ڕۆحی مەرمەڕ لە عەشقت بۆ چیٚ ناکات،**
**من هێندەی زامدارێکی بێدەرەتان**
**بەخۆم و دواهەمین چاوەڕوانی جێپێی هاتنی ئاسوودەگییەوە**
**بوومەتە قوربانی زریانێک لە بوغزی ڕۆژگار، زریانێک لەهەڵوەشاندنەوەی ناخی خۆم،**
**زریانێک لە پەل پەل کردنی پەردە و ڕیشاڵی ماسییە ڕەنگاڵەکانی نەهاتنەوەت،**
**بەڵام هەر تاسەت دەکەم..**
**تۆدەچیتە ژێرسێبەری پەلکێک هەورو باڵەکانت بەئەفسوونی ئەستێرەکان دەسپێریت**
**گوناهەکانی زیندان بە دیواری غەدر و مردووخانەی ڕۆحەکاندا،**
**بە ڕقەوە دەڕووخێنی و ... دڵنیام دەتەوێت:**
**« مەجلیسی باخچەکەت سڵاوباران بکەیتەوە... دە دەرکەوە تۆ ...**
**من خەلیفەیەکی بچکۆڵەی دەفژەنم،**
**هەمیشە ڕۆحم بە زکر و خانەقا و تەکێکانی فەلەکدا هەڵواسیوە**
**خۆم بە بڕوای خالقەوە قوفڵ داوە و**
**خەون دەبینم .**

باوکە: من ئەم نامەیەم بە شنەی شەماڵی غوربەت و بێکەسیی بۆ ناردووی، دێرەکانی بە فرمێسکی خوێنینی تەنیایی نووسراون، باس لە برینە بە سوێکانی بێ تۆیی و، ژانە جەرگبڕەکانی فیراق دەکەن، ناوەڕۆکی بریتین لەم خاڵ و هەواڵانە:

١. باوکە: تینووبە، تا بزانی تینووانی دونیا لە چ وشکبوونێکی قورگ و هەناسە و خەون و خۆزگە و ئومێدەکانیان دان! برسی بە، تا بزانی برسییانی ژیان لە چ سک ئێشان و دڵ ئێشان و کولە مەرگییەکدا ژیان بەسەر دەبەن و، منااڵنیان چەند بەحەسرەت و مەحروومییەت و بەشمەینەتییەوە زیندەگیی دەکەن و، فرمێسکی چاوەکانی خانەوادەکانیان چەند بە شەرم و گەرم و بەخوڕ دەڕژیٚ؟! باوکە: من یەکێکی تینووان و برسییان و بەشمەینەت و فرمێسک لەچاوانی ئەم دونیا و ژینەم، تینووی سۆز و مەحەببەت و ئەوین و ناز، برسیی باوەش و پێکەوەبوون و گفتوگۆی دەروون و لێکحاڵیبوون و خەندە و خەوی ئارام، فرمێسک لەچاوی دەردی دووری و غوربەت و تەنیایی و بێکەسیی و بیٚ باوکیی (باوکێک کە لە چەشنی ڕووحە بۆ جەستەی ژین و بوونم).

٢. باوکە: بەتەنیا بەوەندە تەحقیقی مرۆڤێتیمان ناکەین کە شوێنێکمان لەم گەردوون و گۆی زەوی یە داگیرکردووە و حەرەکات و سەکەناتێکمان تیایدا هەیە و، خەون و خۆزگەکانمان چەشنی کۆلارە بە ئاسمانی کۆمەڵگادا بەرز فڕاندووە، بەڵکو لەگەڵ هەندێدا دەبێ ئەرک و ماف و فەرمان و وەزیفەی مرۆڤبوونی خۆمان بزانین و بە جوانترین شێوەش جێبەجێی بکەین، لەوەش زیاتر دەبێ کاریگەری ئیجابیمان بەسەر دەوروبەری خۆمان هەبێت و، جێ دەستی بەخێرمان لەسەر کۆمەڵگا چەشنی چرا بدرەوشێتەوە، ئاخر ناکرێ و ناشیاوە تۆ هاتنە سەر زەوی و ڕۆیشتنت وەکو یەک بێت و، خاڵێک نەخەیتە سەر پیتێک و، ڕستەیەکی مانادار نەبەخشی بە مرۆڤایەتی، ناکرێ بێیت و ساڵەها میوان بیت و بڕۆیتەوە و لە هیچ هەواڵێکی ماددی یان مەعنەوییا دەنگوباسێکت بڵاونەبێتەوە، نابێ بوون و نەبوونت وەکو یەک وابێت و، خوانەخواستە نەهاتنت دڵئارامی زیاتری بەخشیبا بە مرۆڤایەتی، ئەگەر هەندێک هەمیشە مایەی ئازار و ناڕەحەتی و بەشمەینەتین بۆ هاوڕەگەزانیان: ئەوا تۆ دەبێ مایەی سوکنایی و دڵئارامی بێت بۆیان و هۆکاری ڕزگاری دڵ و گیان و، خۆشبەختیی دونیا و ژیان بیت بۆ تەواوی خەڵکی.

٣. باوکە: تۆ ویستت هەموو زەوی و خاک و نیشتیمانەکان ئازادکەیت و داستانی قارەمانێتی بۆ خۆت دەستەبەر بکەیت، کەچی خاک و زەمین و نیشتیمانی دڵی جگەرگۆشەکانی خۆت بەداگیرکراوی هێشتەوە کە ئیستیعماری غوربەت و بێنازی و بێ باوکی و دوور لەسۆز و باوەش و میهرەبانی داگیری کردبوون، ویستت ئازادیی بۆ خۆت دەستەبەر بکەیت و وتت: ئیدی منیش مرۆڤم و، پێویستیم بە ئازادی هەیە و دەبێ لێم گەڕێن چۆنم دەوێ ئاوها بژیم، کەچی کۆمەڵێک مرۆڤی بەگیان و دڵ بەسراوی خۆت دیل کرد و، تەسلیم بە زیندانەکانی چارەنووست کردن.

٤. باوکە: وەک چۆن جەستەی مرۆڤ پێویستی بە خواردن و خواردنەوەو خەوتن و خانەوادە و هاوسەرگیری هەیە و بۆ هاوسەنگ بوون و سەلامەت بوون و بە مرۆڤ مانەوەی دەبێ پێداویستییەکانی دابین بکرێت، بەهەمان شێوە دڵ و دەروون و ڕووحیشی: خۆراک و پێداویستی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بریتین لە بیرکردنەوەی قووڵ لە خودا و گەردوون و ژیان و مرۆڤ و یەکلابوونەوە و هەڵوێست گرتن لەبارەیانەوە، کە سەرەتا درەخشانەکەی لەوەوە دەست پێ دەکات: (خودا کێ یە؟ گەردوون و تەواوی بوونەوەران کێ دروستی کردوون و بۆچی دروست کراون؟ مرۆڤ کێیە و چییە و بۆچی دروستکراوە و پەیوەندی بە خودا و ئەم گەردوونە و سروشت و ژیان و تەواوی بوونەوەرانەوە چیە؟)، بەدڵ خەریک بوون بەم پرسیارانە و گەڕان بەدوای وەڵامەکانیان و، یەکلایی بوونەوە و هەڵوێست گرتن لەبارەیانەوە: لە خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکانی دڵ و دەروون و ڕووحی مرۆڤن. بۆ پێداویستییە جەستەییەکان ئاگەدارکەرەوە لەناخ و ناوەوەی مرۆڤدا دانراوە و هەرکات برسیی بێت، یان تینوو بێت، یان

خەوی بێت، یان پێویستی بەغەریزەی زایەندیی بێت ئەوا ناخی ئاگاداری دەکاتەوە و داوای پێداویستییە جەستەییەکەی خۆی لێ دەکات، بەهەمان شێوە دڵ و دەروون و ڕووحی مرۆڤیش ئاگەدارکەرەوەی بۆ دانراوەو لەکاتی پێویست داوای خۆراکە مەعنەوییەکانی خۆی لێدەکات، وەک چۆن بەدابین نەکردنی پێداویستییە مادديیەکانی چەشنی خواردن و خواردنەوە و خەو و هاوسەرگیری جەستە تووشی نەخۆشیی مەترسیدار دەبێت و سەرەنجامەکەی بە پووکانەوە و مەرگ کۆتایی دێت، بەهەمان شێوە ئەگەر پێداویستییە مەعنەوییەکانی دڵ و دەروون و ڕووحیش دابین نەکرێن ئەوا ناخ و ویژدان و دڵ و گیانی مرۆڤیش ڕوو لەنەخۆشی مەعنەوی و، ڕووخانی سلووک و ئاکار و ئینسانییەت دەکات و، سەرەنجامەکەشی بریتییە لە مردنی کەسایەتییە مەعنەوییەکەی، کە بەڕاستی هەر ئەوە حەقیقەت و ئینسانییەتی ئینسان.

٥. باوکە: دەبێ پەیوەندییەکانی (جەستە و رووح – الجسد والروح، عەقڵ و دڵ – العقل والقلب، خەیاڵ و واقیع – الخیال والواقع، ماددە و مەعنا – المادة والمعنى، زاهیر و باتین – الظاهر والباطن، غەیب و شەهادە – الغیب والشهادة، خەلق و ئەمر – الخلق والأمر، پەنهان و ئاشکرا – السر والعلانیة) بەتین بکەینەوە، چون مرۆڤ پێکهاتەیەکی تێکەڵە لەهەموویان و بەهەموویان ناسنامەی ئەو مەخلووقە مەزنەیان پێکهێناوە کە پێی دەڵێین (مرۆڤ)، بە داخەوە مرۆڤ ئەوەندەی ئیشی لەسەر جەستەی کردووە نیو هێندە ئیشی لەسەر دەروون و رۆحی نەکردووە، هێندەی گرنگی بە عەقڵ داوە نیو هێندە گرنگی بەدڵ نەداوە، هێندەی لای بەلای ماددیاتدا کردۆتەوە نیو هێندە لای بەلای مەعنەویاتدا نەکردۆتەوە، هێندەی خەیاڵاوی دەژی نیو هێندە واقیعبینانە ناژی، هێندەی زاهیری و ڕووکەشانە دەڕوانێتە شتەکان و ڕووداوەکانی ژیان نیو هێندە بە ناواخن و ناوەرۆکی شتەکان و ڕووداوەکاندا شۆڕی قووڵایی نابێتەوە، هێندەی بە جیهانی دیارەوە پابەندە نیو هێندە بە جیهانی نادیارەوە پابەند نییە، هێندەی لە خەلقدا بەر فەرمانە و کولتوور و دەستووری زیندەگیی خۆی لەسەر بنیات ناوە نیو هێندە بەرفەرمانی عالەمی ئەمر نییە و ژین و دینی لەسەر بنیات نەناوە، هێندەی شەیدا بە ئاشکراکارییە لە ژیانیا نیو هێندە عاشق بە پەنهانسازیی نییە لەبەرخوردی لەگەڵ مرۆڤ و ژیاندا... گەرەکە جارێکی تر و سەر لەنوێ مرۆڤ گرنگی بەلایەنە فەرامۆشکراوەکانی بدات و زیندووی بکاتەوە لە وجوودی خۆیدا، چونکە بەڕاستی مرۆڤ بە دڵ و گیان و سلووک و ئاکار و حەقیقەتی ناخ و ناوەوەی مرۆڤی ڕاستەقینەیە.

٦. باوکە: ئەگەر خۆمان ناسیی واتە ئینسانمان ناسیی! ئەگەر ئینسانمان ناسیی واتە گەردوون و زەوی و دونیا و ژیان و تەواوی مەخلووقات و، پەیوەندییان بە یەکتر و، وەزیفەکانیانمان ناسی، دەبێ هەوڵدەین و بەرنامەیەکی زیندەگیی وەها دابڕێژین و ئەدا بکەین کە ئەمڕۆمان وەک دوێنێمان نەبێت و جوانتر و بەپێزتر و بەهێزتر بێت، ئەوەی دوو ڕۆژی وەکو یەکە زیانمەندە، ئەوەی دوو ساڵی وەکو یەکە بێ بەرنامەیە، ئەوەش کە هەموو ڕۆژەکانی تەمەنی وەکو یەکە دۆڕاوێکە ئیتر دەرفەتی بردنەوەی لەبەر دەست و دەمدا نەماوە، هەر مۆمێک کە لەڕۆژێکی

نوێی تەمەنماندا دایدەگیرسێنین دەبێ شوێنێکی تاریک لە دڵ و دەروونمان ڕۆشنکاتەوەو، مەشخەڵێک بێت بۆ ڕێگا تەنگ و تووشەکانی ژینمان، لەیەک کاتدا هەم ڕووناکایی ببەخشێ بە زیندەگیی و، هەم گەرمایی و گوڕوتینیش بێت بۆ مرۆڤایەتی.

٨. دواجار تۆ ئەی باوکی من: لە دوای خوێندنەوەی ئەم نامەیە، هەم بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆت و، هەم بۆ بەخشینی سوکنایی بەدڵی شکاوی من، حەقە سەرێک بەرزکەیتەوە بۆ ئاسمان و پڕ بە ناخ و دڵت،

بە خوا بڵێیت: هەڵەم کرد، بمبوورە !

بە ژیان بڵێیت: پەلەم کرد، نەمزانی !

بە مرۆڤ بڵێیت: من و تۆ هاوڕەگەزبووین، ستەمم لێت کرد، گەردنم ئازاکە !

بەخۆت بڵێیت: ئەو هەموو غەفڵەت و خۆویستییە لەپای چی و تاکەی؟

دواجار لێوەکانت بۆ ماچی هەنیە و، دەستەکانت بۆ تەوقە و، باسکەکانت بۆ باوەش بکەیتەوەو، پڕ بە ناڵەی دەروون و فوغانی دڵ و گیانت بەو جگەرگۆشە جگەر کون کونەی خۆشت بڵێی:

کۆرپەی دڵ: من دان دەنێم بەوەی کە باوکێکی باش نەبووم بۆت،

تۆش ئازاد بە لە بوورین یان نەبوورینم !

# پڕووشەی مانا لەسێبەری مەرگ و ژیان
# ڕامانێک لە دەقی (هەرێمێکی تر)ی غەمگین بۆڵی

**ئارام شێخ وەسانی**

**(کەواتە دەمرم)**
**بۆئەوەی زیاتر لە ژیان بگەم**
**ئەوەندەم بەسە کە هەمیشە بیر لە بوونم بکەمەوە**
**(کەواتە دەژیم)...ل ١٠٠**

شیعر لە گۆڕان و نوێبوونەوەی بەردەوامدایە، شیعری جیهانی چەندان وێستگەی جیاوازی بڕیوە. ئێمەی کوردیش وەک بەشێک لە جیهان بێبەش نین لەو گۆڕانانە. لەم قۆناغەی شیعری کوردیدا گۆڕانێکی گەورە بەڕێوەیە، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە هەستی پێدەکەین گەڕانەوەیە بۆ مانای ڕەسەنی بوون و پرسیار و وەڵامەکانی ئادەم لەخۆی. قسەکردن لە سەر دیوی دووەمی مرۆڤ و ئاخاوتن لەبارەی ئەهمیەتی بوون و پرسیارەکانی ژیان و مەرگ، بناغەی ئەو شۆڕەشە گەورەیەیە کە دەرگاکان دەشکێنیت و پەنجەرەکانی پرسیار دەکاتەوە. شەپۆلی ماناخوازی لە شیعری نەوەی نوێدا زۆر جێگەی ڕامان و قسەکردنە. لەم قۆناغەدا نەوەی نوێ لەبەردەم خۆناسینێکی ڕەسەندایە. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو بەرگە نارەسەنە کە وەک ماسکێک ڕووی

پرسیار و گومانی ئێمەی داپۆشیووە لاببەین. قسەکردن لە بارەی بێهودەیی و خود و گرینگی بوونی ئەوی دیکە پێویستیان بە ڕامانی قووڵ و شڕۆڤەی جیاواز هەیە. لەم عەیامەدا کە نووسین ئەو هێزەی جارانی نەماوە دەبێت بەدوای پرسیار و گومانی تازەدا بگەڕێن...شیعر وەک ژانرێکی ڕەسەنی نووسین هەمیشە خاوەنی قسەی خۆی بووە لەو کاتانەی کە نووسین بەرەو لاوازی چووە. لەم بارودۆخەشدا نووسەری کورد قسەی خۆی دەکات بەرامبەر بەو زەمەنەی کە هاتۆتە پێشەوە.

غەمگین بۆڵی



(سەردێر)
ژیان خەونی مردنە
بەدەم ڕێگاوە بنێشتی بوونەکانی دەجوێت
(بن دێڕ)

دەقی (هەرێمکێکی تر) یەکێکە لەو شیعرانەی کە وەک نموونەیەک من قسەی لەسەردەکەم، لەم دەقەدا شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ بنەمای پرسیارە سەرەتاییەکانی ژیان. قسەکردن لەسەر پووچی ژیان، وەک ئەوەی کە هەموو کردارو گوفتارەکانمان جگە لەدووبارە بوونەوە هیچی تر نین (پۆرتریێتی دووبارەبوونەوەی خۆم). ئەم کۆپلە شیعرە تەواو قسەکردنە لەسەر ژیانێک کە ئێمە بەبێ گۆڕان و بیرکردنەوەی بەڕێی دەکەین. لە درێژەی کۆپلەکانی دیکەی شیعرەکەدا هەست بەدوو ئاراستە دەکەین یەکێکیان قسەکردنە لەسەر بابەتی بوونگەرایی مرۆڤ، ئەوی دیکەش قسەکردنە لەسەر تەلیسمی مەرگ و ژیان. فەلسەفەی بوونگەرایی کە بە ڕابەرایەتی هایدگەر

چووە لوتکە وەڵامی هەموو پرسیارانە دەداتەوە کە وابەستەن بەبوونی مرۆڤەوە کە ئەو بە (دازاین) ناوی دەبات. هەروەها دوای ئەو سارتەریش بەدرێژی لەناو بواری ئەدەبدا ئەو بابەتەی فۆرمەڵە کردووە. شاعیر کاتێک قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکات خۆی دەکاتە چەقی بابەتەکە و دواتریش دەبێتە نموونە بۆ هەمووومان.(من منم) لێرەدا بەها بۆ پێکهاتەی دازاین دادەنرێت. ئەم قووڵبوونەوە هزرییە لە شیعردا جێگەی دڵخۆشییە، چونکە هەست بەوە دەکرێت نەوەی نوێ لە ئیرۆتیک و غەزەل دابڕاوە ئێستا کەوتۆتە سۆراخی بیرکردنەوە و پرسیارکردن لەخۆێ. گەشبینیشم کە دوای ئەو شێوە ئیشکردنە ئێمە دەگەینە کۆمەڵە خاڵێکی جەوهەری بۆ گفتوگۆ، بۆئەوەی شوێنی خۆمان لە گێتی دیاری بکەین. ئەم بابەتە زۆر دیرێژە دەکێشیت وەلی مەبەستی ئێمە تەنها خستنەڕووی سەردێری ئەو بابەتەیە.

بابەتێکی دیکە ئەم دەقە کە هەر وابەستە و تێکهەڵکێشە بەو بابەتانەی سەرەوە ئەویش پرسیارکردنە لەبارەی مەرگ و ژیانەوە. قسەکردن لەبارەی مەرگ و ژیان، واتا: قسەکردن لەبارەی کۆی هەیمەنە و ئەهمیەتی بازنەی بوون. بەشی زۆری ئەم دەقە قسەکردنە لەسەر سنوورەکانی ژیان و مردن و وێنە بەخشین بە سەرەتا و کۆتایی چیرۆکی ژیان. ژیان و مردن وەک ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوونە، وەک سەردێڕ و بن دێڕە. ئەم سنووردانانەی شاعیر ئامانجی لەپشتەوەیە ئەویش راستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتی بێهوودەیی و پووچی ژیانەوە هەیە. هەروەها دروستکردنی هاوکێشەیەکی تێکەڵ و وابەستە بەئامانجی مانا بەخشین بە مەرگ و ژین یەکێکی دیکەیە لە مەبەستە شاراوەکانی پشت ئەو دەقە.

کەواتە لەکۆی ئەو دەقە هەست بە ڕەوتێکی ئیشکردن دەکەین کە پشت بەگەڕانەوە دەبەسیتێت بۆ ناو مرۆڤ، پشت دەبەستێت بە پرسیارە سادەکانی ژیان و وەڵامە بزرو گرانەکانی ژیان و مەرگ. ئەوەی ماوەتەوە دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە تەکنیکی شیعری لەم دەقەدا شتێکی ئامانجدار و داهێنەرانەیە، چونکە شاعیر لەناو هەر شیعرێکدا دوو مانشێتی داناوە کە خوێنەر لەسەرەتاو کۆتاییدا کەمەندکێش دەکات.

**(پۆرتریتێکی دووبارەی خۆم)**
**نان خواردن**
**خوێندنەوە**
**سێکس**
**نووسین**
**نوستن**
**سبەش بەهەمان شێوە**
**(بیست و چوار کاتژمێری تەواو)**

* شیعری هەرێمێکی تر، کتێبی ڕووتبوونەوەی وشەکان، غەمگین بۆڵی، ٢٠١٢.

# شاعیرێکی دووره پەرێز
## گوتووبێژ لەگەڵ (پەرویز زەبیع غولامی)



سازدانی گوتوبێژ:

زۆرن ئەوانەی کەوا بە بێدەنگی و دوورەپەرێزی دەنووسن و خاوەن دیدگا و بۆچوونی جیاوازن، زۆرجار ئەدەب غەدر لە هەندێک دەنگ دەکات و هەمیشە بە دوورەپەرێزی دەیهێڵێتەوە. لەکاتێکدا کاسانی تر دەکاتە دەنگی راستەقینە کە شیاوی ئەوە نیین. ئێمە لە گۆڤاری (بیست و سێ)دا هەوڵدەدەین شەختەیی ئەو گۆمە بەستووە بشکێنین و تەواوی ئەو دەنگانە بەسەر بکەینەوە و بیان دوێنین. ئەوانیش هەگبەی خۆیان بەتاڵ بکەن و ئەوەی پێیان شیاوی گوتنە بیدرکێنن.

پەروێز زەبیع غولامی شاعیرێکی یاخییە و هەمیشە جیاوازی لە شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە. دیارە ئەم شاعیرە تەنانەت وەک پێویست لە کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی باشوریشدا نەناسراوە و گرینگی پێنەدراوە. پەروێز هیچ بەرهەمێکی بڵاوکراوەی وەکو کتێب نییە، بەڵام خوێنەر دەتوانێت لە رێگەی وێبلاگەکەی بەئاسانی بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە، وابڕیاریشە پەروێز لەماوەی داهاتوودا کۆمەڵە شیعرێکی خۆی چاپ وبڵاوبکاتەوە، جگە لەو کۆمەڵە شیعرەش کتێبی وەرگێڕدراوی ئەدەبی ئامادەیە بۆ چاپ، هەروەها چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی دیکەش. ماوەتەوە بڵێین باخوێنەر لەرێگەی ئەم گوتووبێژەوە کەمێک لە نووسینەکانی ئەو پیاوە تێبگات.

## * تۆ لە پرۆسەی شیعرییەتدا، چۆن ئاوێزانی دنیای شیعر دەبیت؟

**غولامی:** شاعیر بوون لای من تەنیا نووسینەوەی شیعر نییە بەڵکوو شێواز و بۆچوونێکی جوانیناسانەیە بۆ لایەنە نامۆ و شاراوەکانی زمان و نیشانە و چەمک و بابەتەکانی جیهانی واقیع، من پێموایە لە ژین زێدگە و سەردەمی ئێمەدا کە سەردەمی تێپەڕینە شاعیر بۆی نییە بەس لە کاتی نووسینەوەی شیعردا شاعیر بێت. ئەو مەسەلەیە تاکی کورد بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی کە هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە بنەما و چوارچێوەکانی ساختاری ژیانی سوننەتی دەرباز بکەن لە تاکی نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە چەشنێ دابڕانە لە مێژووی داهاتوو. مرۆی سەردەم رووبەرووی هەلومەرجێکی زۆر داپۆشراو و هەناسەبڕ و کوشندە بووەتەوە و هاوکات کە خەریکە موماریسە و تەمرینی شێوە و پرەنسیپەکانی مۆدێرن بوون دەکات بۆچوون و هەڵوێستی لە هەمبەر لایەنە سەلبییەکانی تەکنۆلۆژیا و بانگەشەکانی فەلسەفەی پۆست مۆدێرن هەڵگری چەشنێ ترس و بێ دەسەڵاتییە. ترس لە گۆڕانی ئەو پرەنسیپ و بنەماگەلەی شوناسی لەسەری داڕشتووە و بێ دەسەڵاتی لە هەمبەر بەرهەمهێنانی ئەندیشە و مانا ئەم سەردەمەی لەچاو مرۆی کورد کردووەتە سەردەمی دابڕان، سەردەمی سەرلێشێوان، سەردەمی هەرکێ هەرکێ و ... . شاعیر لەم هەلومەرجەدا بۆی نییە نووسینەوەی شیعر وەک کارێکی نیوەکاتی لە ئەستۆ بگرێت و دواتر بچێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی و پشت بکات لەو پێوەرشکێنی و سڕینەوەی ئاشناییەی لە هەرێم و ساختاری شیعردا کردوویە. ئەو شاعیرەی

تەنیا لە دێپارتمانی زمانی دەرهەستیدا شاعیرە و شیعری کەڵکەڵە و ئەزموونە بابەتیەکانی ئەم هەلومەرجە لەبیر دەکات، دێر یا زوو لە دوورگەی بێدەنگی و بێ خوێنەری خۆیدا فەرامۆش دەبێت و دەمرێت. مەبەستی من دابەزاندن و کەمکردنەوەی دەوری شیعر بۆ ئاستی واقیع نووسی نییە ئەگەرچی وێناکردنی ئەوەی کە تاکی کۆمەڵگە بۆی هەیە بەبێ ناوکۆیی و دەوری زمان لەگەڵ واقیعدا بێتەوە و بەوێنەی ئامرازێکی کاتی و بەهەڵکەوت بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکان کەڵک لە زمان یا زمانی شیعر وەربگرێ تەنیا وەهم و خەیاڵپڵاوە و هیچی تر. کورت و کورمانج سنوورەکانی زمان و کولتوور یا زمان و ژیانی بابەتی هێندە تێکەڵاون کە نەک دەتوانین و نەک دەلوێ شێوەی ئاخاوتن و شێوەی ژیان لێک جیابکەینەوە، ئەزموون و گێڕانەوە شیعرییەکان ئەگەر و تەنیا ئەگەر نەتیجە و وێنەی ئەزموون و گێڕانەوەکانی ژیانی بابەتین. من بڕوام بە شاعیرێ نییە کە لە پەیوەندی و بۆچوونە ڕۆژانەکانی ژیانی ئاساییدا مل بە تاکەدەنگ یا سیستەمێکی ناوەندخواز و تاکە رەهەند بدات و لە زمانی شیعردا بانگەشەی دیموکراسی دەق یا فرەدەنگی بکات. شیعرێک کە تووشیاری دژایەتی و دژوازی شێوەی ئاخاوتن و ژیانە و دەلالەتخواز و دەلالەتدۆزەکانی رەدووی سنووردارێتی و قائیم بەزاتیی دەقی دەکەون گرفتاری بازنەیەکی باتڵە. شاعیری راستەقینە بەو خەون و روئیا و پێوەندییە مرۆڤانەگەلەی لە شیعردا وێنەی دەکێشی ئەمەکدارە و شیعر شێوەی ژیان و ژیانەوەیە.

## * ئایا پەیوەندییە ئیستاتیکییەکانی زمان لەپرۆسەی شیعرییەدا چییە و ئەرکە سەرەکییەکانی کامانەن؟

**غولامی:** ئەگەر لە روانگەی گشتییەوە سەرەنجی ئەم پرسیارە بدەین دەتوانین جوانیناسی بە چۆنییەت و پرۆسەی خوڵقان و بیچم گرتنی کۆی بەشەکانی دەقی شیعری بهێنینە ئەژماردن و بەسەر دوو بوار یان دوو لایەنەدا دابەشی بکەین، یەکەم بۆچوونی ماناخواز یا راڤەییانە و دووهەم بۆچوونی زمان تەوەر یا پێکهاتەخواز. لایەنی هێرمنۆتیک یا بۆچوونی ماناخواز ئاوقای پێوەندی و پێشنیاز و ساختارە ماناییەکان دەبێتەوە و پێکهاتووە لە کۆی ئەو روانگە و تەکنیک و ئێستراتێژییانەی کە ناوەڕۆک، وێنە، مەجاز، خوازە، تەمسیل، دواخستنی مانا، وەشاندنەوەی مانا و... لەخۆ دەگرن و لایەنی پێکهاتەخواز یا شێوەگەرا رووبەرووی هەموو رەفتار و تەکنیک و بۆچوونە فۆرمالیستییەکان دەبێتەوە و لەسەر یەکە و پێکهاتە زمانییەکان، رێزمان، کێش، قاڵب، فۆرم و دابەشکردنی رستەکان و...هتد کار دەکەن. لە هەر قۆناخ یا سەردەمێکدا پەیوەندی و بۆچوونە جوانیناسانەکان بەپێی گۆڕانی ساختارە کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، فەلسەفی، زانستی و...هتد دەگۆڕدرێن و هەر سەردەم یا هەلومەرجێک داخوازی و بانگەشە و پێشنیاری سیستەمی جوانیناسانە یا شێوازی ئافراندنی تایبەت بە خۆی دەکات و لەپاش ئاڵوگۆڕ یا سڕینەوەی پارامێتر و پێوەندییەکانی پێش لەخۆی گەلێ بنەما و پێوەندی نوێ ئاراستە و پێشنیار دەکات. تەنانەت هەندێ شێواز یا بۆچوون دێنە

ئاراوە کە پرەنسیپ و پێشنیارەکانیان بەستراوە بە سەردەم یا قۆناخەکانی داهاتووەوە واتە لە سەردەمانی داهاتوودا وەک بنەما و پێوەندیی جوانیناسانە پەسەند دەکرێن.

## بە گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و...هتد، ئاشنابوون و وەرگێڕانی شیعری ئازادی رۆژئاوا ئیدی قاڵب و کێشی عەرووزی و فەرهەنگی نیشانەناسانە و جوانیناسانەی شیعری کلاسیک نەیدەتوانی دەربڕی هزر و بابەت و چەمکە تازەکان بێت کە مرۆی ئەو سەردەمە رووبەرووی دەبووەوە

هەندێ جار زمانی شیعر تەنیا لە رووی یەک لایەن یان یەک نیشاندەرەوە لە پێوەندییە جوانیناسانەکاندا گۆڕانکاری دەکات و جاروایە گۆڕانکاری هەمەلانە و بنەڕەتییە. شیعری کوردیش لە هەر سەردەمێکدا بنەما و پێوەرە جوانیناسانەکانی خۆی بوونیادناوە و بەپێی ئەو بنەماگەلە ئەرک و کارکردی خۆی دیاریکردووە. شیعری کلاسیک تێدەکۆشێ سیستەمی هێماناسانەی بە کۆڕێ لە نیشانە و موتیڤ و سەمبول و رەفتارە ئایینی و عیرفانی و نەتەوەییەکانا پێناسە بکاتەوە، ئەم هێما و رەفتارە زمانیگەلە بەشێوەیەکی نەگۆڕ و لەسەر ئەندێشەی ئاوقایەتی و قاڵب و کێشە عەرووزییەکاندا داڕێژراون و تەنیا دەربڕی روانگە و بۆچوونی هەستەکی شاعیرن بۆ ژیان و واقیع. کۆی چەمک و بابەتەکان لە چوارچێوە و بازنەی ئەم سیستەمەدا مانایەکی یەکە و نەگۆڕ پەیڕەو دەکەن کە حافیزەی فەرهەنگی بەکۆمەڵی شیعر پێکیهێناوە. گوڵ، دانە، داو، خاڵ، بیابان و... تادێ هەرکامەو دەلالەت لە چەمک یا مەدلوولێکی یەکە و نەگۆڕ دەکەن. عاشقە هەمیشە ئەمەکدار، جوامێر، چەوساوە و... هتدە و ماشقە بەردەوام بێوەفا، پەیمانشکێن، چەوسێنەر و... شاعیر بۆی نییە سنووری قاڵب و کێشە عەرووزییەکان ببەزێنێ، شیعر تەنیا یەک پێرسۆنا و یەک گێڕەر و یەک دەنگی هەیە کە دەنگی شاعیرە. شاعیر لە ناوەندی دەقدا راوەستاوە و کۆی دەق بەدەوری پێرسۆنای شیعریدا بیچم دەگرێت و شاعیرەکە قسەی هەوەڵ و ئاخر دەکات.

بە گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و...هتد، ئاشنابوون و وەرگێڕانی شیعری ئازادی رۆژئاوا ئیدی قاڵب و کێشی عەرووزی و فەرهەنگی نیشانەناسانە و جوانیناسانەی شیعری کلاسیک نەیدەتوانی دەربڕی هزر و بابەت و چەمکە تازەکان بێت کە مرۆی ئەو

سەردەمە ڕووبەڕووی دەبووەوە و شاعیران لەو هەلومەرجەدا هەوڵیاندا هەم لەباری ناوەڕۆک و هەم لەباری کێش و فورمەوە چەشنێکی تر لە جوانیناسی شیعری بخولقێنن یا پێشنیار بکەن کە دەربڕی مرۆی سەردەم و ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و زمانی و... هتدەکان بێت. کێشی بڕگەیی جێگای کێشی عەرووزی گرتەوە کە زیاتر لەگەڵ بنەما و خەسڵەت و ئەگەرییەکانی زمانی کوردیدا دەهاتەوە. هەروەها مرۆی واقیعی و هەڵسوکەوت و داخوازییە بابەتیەکانی جێگای مرۆی میسالی و هەستەکی گرتەوە بەڵام دیسان شاعیر تاکەگێڕەر و تاکەبێژەری شیعر مایەوە و شیعرگەلێکی خەتی و زنجیرەپلەیی خوڵقاند.

دواتر شاعیرانی ڕوانگە و وێران و... هتد هەوڵیان دا پێوەندی و ساختارە جوانیناسانەکان بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و سەردەم لە ڕوانگەی خۆیانەوە پێناسە بکەن و هەرکامەو ویستیان لە ڕوانگە و بارودۆخێکی دیکەدا ڕاوەستن و شیعریان لە هەمبەر شیعری پێوەر یا شیعری پێش لەخۆیان پێناسە بکەن وەک شیعری فورماڵ، شیعری نووسراوە، شیعری بەکۆمەڵ و شیعری هزر و... تادیّ. ئێستاش بە گۆڕانی بارودۆخ و ساختارەکان و هاتنە ئارای سەردەمی بەناو پاش مۆدێرن و دەرکەوتنی ڕۆشنبیر و داهێنەرێکی دیکە شیعری کوردی بەدوای شوناس و کەسێتیەکی دیکەدا دەگەڕێت کە جیاوازە لە شیعری شاعیرانی پێوەر و شاعیری سەردەم تێدەکۆشیّ پرۆسە و پێوەندییە جوانیناسانەکانی شیعر سەرلەنویّ پێناسە بکاتەوە. لە دیارترین تایبەتمەندی و نیشانەدەرەکانی ئەم شێوازە شیعرییە دەتوانین دووری کردن لە مانا، دەرچووون لە پێوەندییە دوولانە کانتییەکان، دەربازبوون لە بڕاوێتی و سەرچاوێتی، وەشاندنەوەی مانا، فرەدەنگی، گرامێرشکێنی و...هتد ئاماژەنیشان بکەین.

## *ئایا لە شیعرەکانتدا تا چەند ئاوڕت لەسەردەمی بەرائەتی منداڵی خۆت داوەتەوە، گەڕانەوە بۆ منداڵی چۆن دەبینی لە نێو نووسین بەگشتی و شیعر بە تایبەتی؟

**غولامی:** منداڵی هەم وەک نیشانە و موتیڤ و هەم وەک کەڵکەڵە و ڕەفتارێکی ماناناسانە لە دەقەکانی مندا بوونی هەیە، لە باری دەروونناسییەوە کەسێتی مرۆڤ لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا بیچم دەگرێت، کەسێتی وەک کومەڵێک تایبەتمەندی و نیشاندەری ڕەفتاری و دەروونی کە تاکی مرۆڤ لە گیانەوەران و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیادەکاتەوە لە منداڵیدا شکڵ دەگرێت. تاڤی منداڵی هەڕەتی یەکەمین و ڕەسەنترین دۆزینەوەکان و بەدەستهێنانی کارزانییە لە کاربردی زمان و ناسینی دەورووبەردا. کاتیّ بۆ یەکەمجار نیشانە یا چەمکێک ئەزموون یا کەشف دەکەین چێژ و لەزەتێکی ڕەسەنمان پێدەبەخشیّ لەزەتێکی سەرەتایی و بیّ وێنە. بەڵام لە تەجرەبە و ناسینەوەی دووهەم و سێهەمدا ئەو نیشانە یان چەمکە لەژێر پەردەی خووگرتن و دووپاتبوونەوە و ئاشنایەتیدا دەشاردرێتەوە و ئیدی نەک تەنیا چ لەزەت و چێژێکمان پێنابەخشیّ بەڵکوو ڕووبەڕووی زنجیرەیەک لە تەجرەبە خەمبارەکان و نوستالۆژیا

کوشندەکانمان دەکاتەوە. بەردەوام نوستالۆژییە شوێنی و کاتییەکان ئابلۆقەی مرۆڤیان داوە و مرۆڤ تەنیا لە هەرەتی منداڵیدا بەدوای کەشف و لەزەتە رەسەنەکان دەکەوێت بەدوای یەکەم لەزەت یەکەم بۆن یەکەم تام یەکەم بیرەوەریی و...هتد هەر نیشانە یا چەمکێ. کەشف و ناسینەوەی چ وشەیەک ناتوانێ بە مرۆڤ لەزەتی یەکەم ئەلفێ کە دەینووسێت ببەخشێ.

**یەکێک لە کەڵکەڵە سەرەکییەکانی شیعر گەڕانەوە بۆ مناڵی و زمانی مناڵی بووە سەرەڕای نوستالۆژیا زۆربەی هەرەزۆری شاعیران منداڵییان بە بۆچوون و شێوەی ژیان و ئەزموونی شاعیرانە هێناوەتە ئەژماردن. منداڵ لە ئەوپەڕی واقیعە باو و چەقبەستووەکاندا هەنگاو دەنێت و لە سنوورەکانی مانا و جوانیناسیدا موسافیرێکی پێوەرشکێن و داهێنەرە. لۆژیکی شاعیرانە و لۆژیکی منداڵی یەک ئەلفوبێیان هەیە**

بەجۆرێ لە جۆرەکان یەکێک لە کەڵکەڵە سەرەکییەکانی شیعر گەڕانەوە بۆ مناڵی و زمانی مناڵی بووە سەرەڕای نوستالۆژیا زۆربەی هەرەزۆری شاعیران منداڵییان بە بۆچوون و شێوەی ژیان و ئەزموونی شاعیرانە هێناوەتە ئەژماردن. منداڵ لە ئەوپەڕی واقیعە باو و چەقبەستووەکاندا هەنگاو دەنێت و لە سنوورەکانی مانا و جوانیناسیدا موسافیرێکی پێوەرشکێن و داهێنەرە. لۆژیکی شاعیرانە و لۆژیکی منداڵی یەک ئەلفوبێیان هەیە. زمانی منداڵی زمانی خەیاڵ و زمانی مەجازە و گەلێ جار تەنیا ساختاری مانابیە کە لە زمانی شیعر جیای دەکاتەوە. زمانی مناڵی هاوسەنگی و تەبایی نێوان دوو جەمسەری یاکوبسێنیە و لایەنی هاونشینی یا ستوونی و لایەنی جێنشینی یا ئاسۆیی لێک دەتەنێ و ئەمە هەر ئەو پرۆسە و بنەما مەجازییەیە کە زمانی شیعر لەسەری دارێژراوە. زمانی منداڵی بەردەوام نیشانە یا رەفتارێکی زمانی لەجیاتی یا لە تەنیشت نیشانە یا رەفتارێکی زمانی تردا دادەنێت و لەم رێگەوە گەشە بە مانای جیهان دەدات و بەردەوام لە زمانی پێوەر دوور دەگرێت کە ئەم بابەتە سەرەکیترین خەسڵەت و تایبەتمەندیی زمانی شیعرە.

***بۆ ئەوەی خوێنەری تۆ زیاتر لە کۆد و نهێنیی و تەکنیکەکانت نزیک ببێتەوە، چی کۆمەکی دەکات و لە چییەوە دەست پێبکات ؟**

**غولامی:** شێوازی شیعری من واتە «شیعرۆک»، تێدەکۆشێ تا دواڕادە لە زمان و پێوەندییە جوانیناسانەکانی شیعری مۆدێرنی کوردی یا شیعری پێوەر دوور بگرێت و شوناس و کەسێتی خۆی لە دەرەوەی بازنەی شێواز و بۆچوونە شیعرییەکانی سەردەم پێناسە بکات. ئەمە تەنیا ویست یا بۆچوون نییە بەڵکوو بە گۆڕانی هەڵسوکەوت و پێوەندییەکانی سەردەم پێویستە شیعر خۆی لەئاست و بارودۆخێکی دیکەدا پێناسە بکاتەوە. شیعری من دەیەوێت سەربەخۆیی و دابڕانی خۆی لە شیعری پێوەر واتە شیعری خەتی و تاکەدەنگی شاعیرانی مۆدێرن رابگەیەنێ و بسەلمێنێ. زۆربەی ئەو شێوازە شیعریگەلەی تا ئێستاکە لە خانەی شیعری کوردیدا هاتوونەتە ئارا بەجۆرێک لە جۆرەکان شیعری ناوەندخوازن و لەسەر شێوەی زنجیرە پلەیی و گێڕانەوەی خەتی دارێژراون و پرسۆنا یا تاکی شیعری تیایاندا دەنگی زاڵە و هەوڵدەدات ساختار و ئەتموسفەری شیعر لەسەر ئەندێشە و لۆژیکە دوولانە کانتییەکان وەکوو ئیجابی و سەلبی، رەش و سپی، من و ئەویدی، ...هتد دابڕێژێت. شاعیری مۆدێرن گێڕانەوەیەکی خەتی و یەک لانەی لە بابەت و چەمکە بابەتی و زمانییەکان هەیە. شیعرۆک نایەوێت مل بە ئوسلووبی تاکە دەنگی و تاکەمانایی باو بدات و دەیەوێت جیهان و گێڕانەوە بابەتی و زەینییەکان هەر بەو چەشنەی کە هەن واتە هەمەلایەنە و پارچەپارچە بگێڕێتەوە و لەم رێگەدا تەنانەت بانگەشەی جیاوازی لە گشت شێوازە جیاوازە شیعرییەکان دەکات کە تا ئەمڕۆکە لە خانەی شیعری کوردیدا هاتوونەتە گۆڕێ و هەندێکیان لە مێکانیزمێکی پێچەوانەدا زمانی شیعریان بۆ ئاستی فەرمووڵ و دەستوورەکانی گرامێرشکێنی دابەزاندووە. لە شیعری مندا بە پێچەوانەی شیعری شاعیرانێک وەک شێرکۆ و رەفیق سابیر و... هەموو دەنگەکان و کەسێتیە شیعرییەکان بە رەنگناسی فەلسەفی و لە پەنجەرەی زمانی خۆیانەوە دەپەیڤن و منی شاعیر تەنیا یەکێ لەو دەنگانەیە کە لە ساختاری شیعر و وەشاندنەوەی مانادا بەشدارن. لە شیعرۆکدا هەموو چەشنە روانگە، بیر و بۆچوون، دەق، شایەتحاڵ و گێڕانەوە و...تادێ هێندەی یەک بایەخیان پێدەدرێ و مافی ئەوەیان هەیە وەک خوڵقێنەر و گێڕەر لە پێکهێنانی دەقدا بەشدار بن و سەرەڕای ئەمەش کۆی ئەو پێکهاتە و شێوازە نقیساریگەلەی کە بەردەوام لە پەراوێزی شیعردا هەڵکەوتوون بانگێشت دەکرێن کە لە فۆرم و ناوەڕۆک و مانای شیعردا بەشداری بکەن. بۆ نموونە شیعرۆک بۆی هەیە شیعر لەسەر پێکهاتەی مانیفێستنووسی یا نامەیەکی ئیداری دابڕێژێت. مانا و واقیعی ژیان تەنیا نابەسترێتەوە بە روانگە و گێڕانەوەی شاعیر لە واقیعەوە، کۆی تاکەکان لە هەر چین و پلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و... گێڕانەوەی خۆیان لە چەمک و بابەتەکانی جیهان هەیە و هەر گێڕانەوەیەک هێندەی گێڕانەوەی شاعیر شاعیرانە و گونجاوە و بەها و بایەخی هەیە. ئیدی شیعر نایەوێت خۆی تا پلە و ئاستی بنەما و دیدگای خوێنەری کەمتەرخەم و ماناخواز دابەزێنێت ئەو خوێنەرەی کە

خووی گرتووە لە شیعردا بایەخداوەری بکات و بەدوای مانایەکی نەگۆڕ و وەستاودا بگەڕێت بەدوای ئەو ماناگەلەدا کە لە پرۆسە بەپێوەر بوونی شیعردا پاسیڤن و بوونەتە بەرد.

**ئاگایی ئێمە لە بابەت و چەمکەکانی هەستی، بەهۆی تەکنولۆژیا و سەردەمی ڕاگەیاندن و مۆلتی میدیا و ئینتەرنێت و دنیای وێب و...تاد ئاگاییەکی پارچەپارچە و چەندرەهەندییە و تەنیا گێڕانەوە بۆی هەیە دەوری پێوەستارێکی جێی متمانە بگێڕێت و کۆی ئەم دەنگ و چەمک و گوتار و زانیاریگەلە لەژێر کەپری دەقدا کۆبکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش گێڕانەوە خواست و خەسڵەتی مێژوویی و سروشتی شیعری کوردییە**

شیعرۆک خوێنەری ئەکتیڤ و کارامە هاندەدات کە لە شکاندن و کردنەوەی کۆد و نەهێنییەکانی دەقدا بەشدار بێت و هێندەی دەنگەکانی دیکە گێڕانەوەی خۆی لە دەق هەبێت. خوێنەر یا بەردەنگی ئەمڕۆی شیعری کوردی ناچارە بڕوابکات کە پێوەندی و نیشاندەرە جوانیناسانەکانی شیعر گۆڕدراون و دەبێ دیسان بە بنەماکان و ڕوانگەکان و بایەخەکاندا بچێتەوە و پێوەر و بۆچوونە شیعرییەکانی لەسەر شیعری ئێستا واتە شیعرێ کە لە بارودۆخێکی دیکەدا ئاراستە دەکرێت بنووسێتەوە. با ئەمەش بڵێم کە گێڕانەوە لە شیعری مندا بۆچوون و ئاوزار یا ستراتێژی نییە بۆ دەربڕین و وەشاندنەوەی مانا و چەمکی جیهان، بەڵکوو گێڕانەوە خوێن و ئاناتۆمی شیعرۆکە. تەنیا گێڕانەوەی لەم چەشنە بۆی هەیە سەرجەم لایەن و بابەتە قەیراناوی و پچڕپچڕەکانی سەردەم لەخۆ بگرێ و گرێدەری چەمک و گوتارە جیاجیاکان بێت. ڤایت واتەنی:گێڕانەوە وەرگێڕانی ئاگاییە بۆ «وتن». ئاگایی ئێمە لە بابەت و چەمکەکانی هەستی، بەهۆی تەکنولۆژیا و سەردەمی ڕاگەیاندن و مۆلتی میدیا و ئینتەرنێت و دنیای وێب و...تاد ئاگاییەکی پارچەپارچە و چەندرەهەندییە و تەنیا گێڕانەوە بۆی هەیە دەوری پێوەستارێکی جێی متمانە بگێڕێت و کۆی ئەم دەنگ و چەمک و گوتار و زانیاریگەلە لەژێر کەپری دەقدا کۆبکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش گێڕانەوە خواست و خەسڵەتی مێژوویی و سروشتی شیعری کوردییە.

***ماكس مۆلەر لای وایە (هەتا لە ڕاستی ڕەخنە بگرین هەمیشە دۆڕاوین) ،ئایا تۆ ڕات چییە لەم بارەیەوە؟**

**غولامی:** بەشێوەیەکی گشتی سێ بۆچوون و ڕوانگەی سەرەکی بۆ ڕاستی لەئارادایە یەکەم: تیۆری بەراوردی کە بریتییە لەوەی حەقیقەت یا گوزارەی حەقیقی ئەوشتەیە کە لەگەڵ بابەتی واقیع یا factدا بەشێوەیەکی دەقاودەق دێتەوە مەسەلەن کاتێ دەڵێن «هەوا ساردە»، ئەم گوزارەیە ئەگەر و تەنیا ئەگەر حەقیقییە کە لە جیهانی واقیعدا هەوا سارد بێت. کەواتە حەقیقەت بریتیە لە هاوڕایی و یەکێتی نێوان گوزارە و ئەو بارودۆخەی کە لە گوزارەکە شیدەکاتەوە و دەریدەبڕێ.

دووهەم: تیۆری نادژایەتی و تەبایی، لەسەر ئەم تیۆرە گوزارە یا مەسەلەیەک حەقیقییە کە لەگەڵ گوزارە سەلماو و تابۆکراوەکانی رابردوودا بپۆڕێت. بۆ نموونە ئەگەر حەقیقەتی گوزارەی «لە زستاندا هەوا ساردە» سەلمابێت گوزارەی «ئەمڕۆ سیانزەی بەفرانبار هەوا ساردە» گوزارەیەکی حەقیقییە. ئەم تیۆرە زیاتر لەسەر لۆژیکی مەتێمەتیک داڕێژراوە.

سێهەم: تیۆری کارامەیی یا ئەزموونی کارایی کە بریتیەلەوەی گوزارەیەک حەقیقییە کە لە چوارچێوەی ئەزموونی ئێمەدا بگونجێت و بەقازانج و کارامە بێت و نەتیجە و ئاکامێکی کردەییانەی لێ بکەوێتەوە. بۆنموونە گوزارەی «هەوا ساردە» کاتێ حەقیقییە کە بە گەرماپێو پلەکەمان ئەزموونکردبێت و لە باری ژیانەوە یارمەتیمان بدات و بەقازانجمان بێت، مەسەلەن لێرەدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێ جلوبەرگی زستانە لەبەربکەین با تووشی نەخۆشی نەبین. بەڵام کێشەیەک کە لە دەرک و بەراست زانینی گوزارە حەقیقییەکاندا دێتە ئارا ئەمەیە کە حەقیقەت لە خانەی زماندا بیچم دەگرێت و زمان بەردەوام خەسڵەت و تایبەتمەندی خوازەیی و مەجازی هەیە واتە بۆچوون و کارکردی زمان ناحەقیقییە و هەرچەشنە حەقیقەتێ لە زماندا خەسڵەتی ناحەقیقی و مەجازی پێدەبەخشرێت. بەکورتی زمان زۆرجار واقیع تێکدەدات و هەرچەشنە ڕەخنەیەک لە راستی ئاکامی دۆڕانە و سەرلێشێوان.شایەنی باسە کە تەنیا گوزارەی حەقیقی گوزارەیەکە کە لە راڤە و شرۆڤەی بابەتی واقیع کەوتووەتەوە و ڕەخنەگرتن لە گوزارەیەک کە بەخۆی هەڵگری راڤە و گومان و وێنایە بەهەڵەدا چوونە.

**دەقی بێ تیۆر و بێ ڕەخنە و بێ مانیفێست دەقێکی گۆشەگیر و بێ کاراکتێرە. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ڕەخنە تابیع و پەیڕەوی دەقی ئەدەبییە و کاتێ لە شیعر لە بارودۆخێکی دیکەدا دەدوێن ئەم باسەش دێتەئارا کە دەبێ ڕەخنەش خۆی و مێتودەکانی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە و خۆی لەسەر تیۆرە ڕەخنەییانەکانی سەردەم پێناسە بکات**

***ئایا گرفتی ڕەخنەی کوردی نەبوونی میتۆد و تیۆری ئەدەبییە، یان ئیشکالەتگەلێکی تری لەپشتەوەیە؟**

**غولامی:** هەر دەقێک بەچەشنێ لەچەشنەکان هەم لەگەڵ گوتاری ئەدەبیدا پێوەندی و هەڵسوکەوتی هەیە و هەم بەستراوە بە گوتاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و...هتد کە ئەگەر رەخنە و خوێندنەوە جیاجیاکان لەئارادا نەبێت دەق بۆی نییە لایەن و خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئاشکرا بکات و درێژە بە ژیانی مانا ناسانەی خۆی بدات. دەقی بێ تێور و بێ رەخنە و بێ مانیفێست دەقێکی گۆشەگیر و بێ کاراکتێرە. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە رەخنە تابیع و پەیڕەوی دەقی ئەدەبییە و کاتێ لە شیعر لە بارودۆخێکی دیکەدا دەدوێن ئەم باسەش دێتەئارا کە دەبێ رەخنەش خۆی و مێتودەکانی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە و خۆی لەسەر تێورە رەخنەییانەکانی سەردەم پێناسە بکات. بە چاوخشانێک بەسەر هەلومەرجی رەخنەی کوردی لە رابردوو و ئێستادا چەند بۆچوون و میتۆدێکمان دێتە پێش چاو کە ئاماژەنیشان کردنیان بێجگە لە روانگە و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان بەجۆرێ لەجۆرەکان خەسار و قەیرانەکانی رەخنەی کوردیش دەخاتە روو. ئەوشتەی تەقریبەن لە کۆی بۆچوونە رەخنەییەکاندا وەک تایبەتمەندیی سەلبی یا خەسار خۆی دەنوێنێ چەشنێ سەرچاوێتی مەداری و براوێتی خوازییە کە لە بۆچوون و هەڵسوکەوتە بەراوردییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. رەخنەگر لەجیاتی ئەوەی بەدوور لە دەمارگری و کەمتەرخەمی لەسەر کۆد و تەکنیک و ئەگەرییەکانی خودی دەق کاربکات بەردەوام پێوەر و چوارچێوەیەکی لەپێشەوە دیاریکراوی لەبەردەستدایە و بە مەبەست و نیەتی تاکەلایەنەوە دەقی ئەدەبی لەگەڵیدا بەراورد دەکات و ئەگەر دەق لەگەڵ خەتکێشی و پارامێتری تاکە سەرچاوەکەیدا بگونجێ ئاوا پیرۆزە و ئەگەر نا ئاوا دەبێت تەکفیر و شاربەدەر بکرێت. بەکورتی دەلوێ ئەم چەند بۆچوون و دیدگا رەخنەییانەگەلە و تایبەتمەندییەکانیان ئاماژەنیشان بکەین:

١. رەخنە لەسەر مێتود و ئایدولۆژیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆنموونە بۆچوونی مارکسیستی، ناسیۆنالیستی، فێمینیستی و...تاد. لەم بۆچوونەدا رەخنەگر کۆی ئەگەر و پێشنیارەکانی دەق لەسەر ئەندێشە و جیهانبینی خۆی راڤە و شرۆڤە دەکات و بایەخی و شوێنگەی دەق لەسەر هەندێ چەمک وەکوو هونەری پێشرەو، هونەری سوێندخۆر و نیشتمانپەروەر، دەقی ژنانە و پیاوانە و...هتد دیاریدەکات و زۆرجار شیعرییەتی دەق لەپێناو ئایدۆلۆژیا و هەڵویستی نائەدەبیدا پشت گوێ دەخرێ.

٢. رەخنەی ژیاننامەیی و مێژوویی – ئەم شێوازە زیاتر بۆچوونێکی مێژوویی هەیە و لە دەلاقەی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی شاعیرەوە رووبەرووی دەق دەبێتەوە و تێدەکۆشێ دەوری شێوەژیانی نووسەر و رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ژیانی نووسەر یا شاعیر لە راڤەی دەقدا زەقبکاتەوە یا بەپێچەوانەوە لەسەر نیشانە و پێشنیازەکانی دەق تیشک

بخاتە سەر ژیان و بارودۆخی ژیانی داهێنەر. ڕەخنەگر لێرەدا بەشێوەی تاکەڕوانگە لەسەر دەق کاردەکات و گێڕانەوە و ڕاڤەیەکی خەتی لە دەق دەکات.

**٣.** ڕەخنەی فەلسەفی و زانستی — وەک ڕەخنەی دەروونناسانە، کۆمەڵناسانە. دەتوانم بڵێم ئەم بۆچوونە زۆرتر لە هەموو شێوازەکانی دیکە لە ڕۆح و مێتۆدی زانستیانەی ڕەخنە نزیکبووەتەوە، ئەگەر ڕەخنەگر نەیەوێت ڕەنگناسی فەلسەفی و زانستی خۆی وەک تاکەڕەهەند بەسەر دەقدا داسەپێنێ و تەنیا هەوڵبدات تایبەتمەندی و پێودانگە ئەدەبییەکانی دەق ڕاڤە و شرۆڤە بکات و لە بایەخداوەری دووربگرێت.

**٤.** ڕەخنەی شاعیران و نووسەران — ئەم بۆچوونە ڕەخنەییە زۆرتر دەخوازێ شێواز و ڕوانگەی تاکەکەسی نووسەر ئاراستەبکات یا ڕوونیبکاتەوە، دیارە کە ئەم بۆچوونە پڕاوپڕی داوەری هەستەکی و تاوتاوە و ڕەخنەگر ناتوانێ شێواز و پرەنسیپە شیعرییەکانی خۆی لەبیر بکات و بەردەوام شیعر یا دەقی خۆی بەپێوەر و قەپانێ بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی کۆی دەقەکانی دیکە لە بەرچاو دەگرێت. ڕەخنەگرێ کە بە خۆی شاعیر یا نووسەرە گەلێ جار ئاستی زانستییانەی ڕەخنەکانی تا ڕادەی دەمەقرە و چەنەبەچەنەی ئەدەبی دادەبەزێ. ئەڵبەت شایەنی ئاماژەیە کە قەیرانی ڕەخنە و نەبوونی سیستەم و قوتابخانەی زانستیانە لە فەزای ڕەخنەی کوردیدا نووسەران و شاعیران هاندەدات کە خۆیان ئەرکی ڕەخنەگر بگرنە ئەستۆ.
سەرەڕای ئەم بۆچوون و مێتۆدە ڕەخنەییانەگەلە هەندێ شێوازی ڕەخنەییانەی دیکە لەئارادان کە بەجۆرێ لەجۆرەکان لەو چواربەشەی لایسەرەوە دەگونجن وەک ڕەخنەی ئایینی یا جوانیناسانە و... هەڵبەتە بەردەوام هەندێ دەقی بە ناو ڕەخنەییانە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بەرچاو دەکەون کە ژمارەشیان کەم نین وەک ڕەخنەی ڕاسپێردراو کە زۆرتر هەوڵی ئەوەیە کە شاعیرێک یا شێوازێکی شیعری تا بەرزترین ڕادە هەڵکێشێ یا بە پێچەوانەوە، یا ڕەخنەی وەرگێڕدراو کە تیۆر و مێتۆدەکانی لە زمانەکانی دیکە زیاتر عەرەبی و فارسی وەردەگرێ و تەنیا نموونە شیعرییەکانی دەکاتە کوردی وەک شیعری حەرەکەت یا بارستخوازی و... دیارە کە ئەم دەقانە لایەنە سەلبیەکانیان هێندە زۆرن کە تەنیا دەگونجێ نووسەرانیان بە کڵاوچی و دەستبڕی ئەدەبی ناونووس بکەین.



# گوتووبێژ لەگەڵ ڕۆماننووس (گۆران ڕەئوف)

## سازدانی:-هێمن عوسمان عەبدوڵڵا

*** ناونیشانی نوێترین ڕۆمانت «ڕاستییە درۆزنەکان»ـە، ئایا کۆکردنەوەی ئەم دوو دەستەواژەیە بۆچی، یان ئەو ڕاستییانە چین کە درۆزن و تۆ کارت لەسەرکردون؟**

**گۆران ڕەئوف:** ئەگەر بێت و وەک ناوێک لەو دەستەواژەیە نەڕوانین، بەڵکو زیاتر لە ڕووی واتاوە تەماشای بکەین دەبینین جۆرێک لە ئاڕاستەی پێچەوانە هەستپێدەکەین کە ئەم دژبوونەش وایکردووە جۆرێک لە گرێی دەروونی لای خوێنەر دروستبکات، وایکردووە خەیاڵمان بڕوات بۆلای جیهانێک کە خەیاڵ و ئەندێشە کاردەکەن، جیهانێک کە تەواوی بوون تێیدا جۆرێکە لە وەهم و بوونیادی ژیان لە شوێنگەلێکدایە کە سەرجەمی شتەکان بارگاوی بووە بە

بەرهەمەکانی خەیاڵ و بەرفروانی بیرکردنەوەوە، لەکاتێکدا دروستبوونی ئەو جیهانەی لەنێو سەرتاپای ڕۆمانەکەدا کارم تیادا کردووە سەرچاوەکەی پەیوەستە بەو پلەبەندیانەی کە تەنها کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەت تێیدەپەڕێنن، پەیوەستە بە شتانێکەوە کە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی پڕاوپڕ تێیناگات، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەستیپێدەکرێت، سەرەنجام دەبینین هەموو ئەو جیهانە یاخود ئەو کۆمارە خەیاڵیە دەخنکێن لە پووچی واقیعدا... یان بەواتایەکی دیکە دەبینین ئەو ژیانەی زەمەنێک وە ڕاستییەکی تەواو بوونی هەبووە، بەڵام ناتوانێت شەڕێکی دڵخۆشکەرانە ئەنجامبدات لەگەڵ واقیعدا، بۆیە (ڕاستی) لەبەرامبەر واقیعدا دەبێتە درۆزنێکی سروشتی.

هەڵبەت مەبەست و واتای سەرەکی لەو ناوە ئەوەیە کە خودی (ڕاستی) وەک کەسایەتی و دواتر (درۆزن) وەک ئەدگار (سیفات)، کە واهەستدەکەم ناوێکە تەواو گونجان بوونی هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا، هەرچەندە لەگەڵ خوێندنەوەی لەسەر بەرگی ڕۆمانەکە پرسیاری جۆراوجۆر دێت بەخەیاڵماندا بەڵام لەپاش گەیشتن بەخاڵی کۆتایی ڕۆمانەکە وەڵامێکی گشتگیرمان دەستگیر دەبێت، تێدەگەین ئەو ڕاستیانە چین کە درۆزن دەردەچن، تێدەگەین لەو بارودۆخەی کە کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەت و دانسقە لەژیاندا بەشێوەیەکی گەلەک دژوار تێیدەپەڕێنن، هەڵبەت دژوار لەڕووە دەروونی و ڕۆحی و فیکرییەکەیەوە... لەڕاستیدا تێپەڕاندن و گەیشتن بەجۆرێک لە خاڵی کۆتایی لەو بابەتەدا ڕاستەوخۆ گەیشتنە بە تەواوی ڕۆمانەکە، لەکاتێکدا گەربێت و ئەو هەیکەلەی فیکرەی ڕۆمانەکەمان لەسەر بوونیادناوە بەکۆتانەگەیشتبێت، لەڕووی کامڵبوونی تێکستەوە بایەخێکی ئەوتۆی نابێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شتێک هەیە زۆر گرنگە لەو تێکستانەی کەهاوشێوەی (ڕاستییە درۆزکان)ە ئەویش مامەڵەکردنی خوێنەرە لەڕووە دەروونییەکەیەوە، واتە لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆماننووس هاتووە بابەتێکی تەواو هەستیار و دەروونی هەڵبژاردووە، هەربۆیە ئەمەش وادەکات کە جیاوازییەکی ڕوون بوونی هەبێت لەگەڵ ئەو تێکستانەی یان ئەو ڕۆمانانەی کە بوونیادنراوان لەسەر فیکرەیەکی سادە یاخود گەر ڕوونتر بڵێین لەشێوەی ناوەوەدا بەتەواوی لەیەک جیاوازن، هەربۆیە لەم خاڵەوە تێدەگەین زۆر گرنگە خوێنەر بەشێوەیەکی پڕاوپڕ دەروونییەوە لەگەڵ ئەو جۆرە تێکستانەدا مامەڵەبکات، یاخود دەکرێت بڵێین لەبەرئەوەی کۆمەڵێک تێکستی جیاواز و دانسقە بوونیان هەیە...

هەڵبەت دانسقەیی لەڕووی داڕشتن و فیکرەی ڕۆمانەکەوە، لەم بارەدا پێویستە خوێنەری دانسقە و تایبەتمان هەبێت، تا بەشێوەیەکی تەندروستانە مامەڵە لەنێوان تێکست و خوێنەردا دروستبێت.

***تاچەند گرنگ و پێویستە لەحنی جیاواز لە ڕۆماندا هەبێت؟ ئەگەر نەبێت چ زیانێک بەدەق دەگەیەنێت؟ بۆچی؟**

**گۆران ڕەئوف:** بەبڕوای من یەکێک لەو خاڵە بەهێز و کاریگەرانەی کەوادەکات چێژی خوێندنەوە ببەخشێتە خوێنەر، هەبوونی لەحنی جیاوازە لەنێو ڕۆماندا، هەڵبەت ئەمە لەکاتێکدایە بەدەر لەوەی کە یاسایەکی بنەڕەتییە و دەبێت ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس کاری لەسەربکات و هەوڵبات زیاتر و زیاتر ڕەنگدانەوەی جیاوازی کاراکتەرەکان بوونی هەبێت، لەگەڵ سیفاتە گشتی و بارە دەروونییەکانیانەوە... هاوکات نەگونجاوە تەنها بۆئەوەی لەحنی جیاواز دروست بێت، کەسایەتییەک وەک (گەنجێکی سادە) هاوشێوەی (گەنجێک کە خوێنەرێکی جددی و بە تەرکیزە) بدوێت و لە ژیان بگات، چونکە هەرکاتێک سەرجەم کاراکتەرانی نێو ڕۆمانەکە، یاخود چیرۆکەکە... بەجۆرێک لە جۆرەکان وەک یەک قسەیانکرد، وەک یەک توڕەبوون، وەک یەک پێکەنین ئەوا جیاوازییە فیکری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانمان تێکشکاندووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نەک هەر کارێکی ئەرێنیمان نەکردووە، بەڵکو زیانێکی گەلێک مەزنیشمان گەیاندۆتە ئەدەب و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئینسان، بەڵام ئەگەر بێت و بەشێوەیەک کە هونەری ڕۆماننووسین و چیرۆکنووسین ڕێگەبدات، زۆر گرنگە کە لەحنی جیاواز بوونی هەبێت لەنێو تێکستەکەدا، لێرەدا یەکەمین خاڵێک کەوادەکات ڕۆماننووس سەرکەوتوبێت لە چنین و دروستکردنی لەحنی جیاوازدا دەبێت بەجۆرێک لە جۆرەکان دەروونناس بێت، گەر ڕوونتر بڵێم هەرکات ویستمان کەسایەتییەک داتاشین لەنێو تێکستەکەدا ئەوا دەبێت هەمو لایەنە زانستی و سایکۆلۆژییەکانی لێکبدەینەوە، بۆئەوەی زیاتر حەقیقەتەکان وەک خۆیان بمێننەوە و زیاتر خوێنەر پەلکێشی دەقەکە بکەین.

ئەگەر بێمە سەر وەڵامی نیوەی پرسیارەکەت، کەبۆچی لەحنی جیاواز گرنگە و نەبوونی دەبێتە هۆی چی؟ هەرچەندە لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی گشتی قسەم لەسەر لەحنی جیاواز کرد، بەڵام ئەگەر وەڵامێکی ڕاستەوڕاستمان دەسکەوێت ئەوا دەبێت بگوترێت ڕۆمان بەبێ لەحنی جیاواز هیچ نییە جگە لە کەسایەتییەک (ڕۆماننووسێک) کە بە ئارەزووی خۆی قسان دەکات و تەنها کۆمەڵێک خەیاڵ و وەهمی خۆی دەبەخشێتە خوێنەر، کە ڕەنگە ئەم خەیاڵ و ڕووداوە نەزۆکانەی دێنە کایەوە لەگەڵ هیچ زانست و لۆژیکێکدا یەکنەگرنەوە، چونکە بەڕاستی ناکرێت لەنێو ڕۆمانێکدا (شوانێک) وەک (شاعیرێک) بڕوانێتە سروشت، یان (مەلایەک) وەک (فەیلەسوفێک) بڕوانێتە چەمکی (بوون)... ئالێرەدایە دەگەینە ئەو خاڵەی کە ڕۆمان یاخود هەر تێکستێک کە هاوشێوەی ڕۆمان خاوەنی ڕوودا و کەسێتی و کات و شوێن و گرێ بێت، ئەوا بەبێ لەحنی جیاواز دەمرێت، یان وەک لەسەرەوە باسمکرد نەبوونی لەحنی جیاواز وادەکات جیاوازییە فیکری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بکوژرێن، کەئەمەش ڕوویدا کارەساتە نەرێنییەکان سەرهەڵدەدەن لە ئەدەبدا.

## هەرکات ویستمان کەسایەتییەک داتاشین لەنێو تێکستەکەدا ئەوا دەبێت هەمو لایەنە زانستی و سایکۆلۆژییەکانی لێکبدەینەوە، بۆئەوەی زیاتر حەقیقەتەکان وەک خۆیان بمێننەوە و زیاتر خوێنەر پەلکێشی دەقەکە بکەین

***تۆ وەک گەنجێکی ڕۆماننووس ڕات چییە لەسەر ئەو نووسەرانەی کە تەمەنێکیان کردوە و شانازی بەئەزموونی خۆیانەوە دەکەن، هاوکات دەبینی تەمەنی تێکستەکانیان کورتە و هێندە بڕناکەن؟**

**گۆران ڕەئوف:** لە ڕاستیدا هەر چرکەیەک یان هەر ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵێک لەنێو ژیاندا خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لە ئەزموون، بۆیە زۆر گرفتارییە لەنێو نووسەراندا شتێک هەبێت بەناوی ئەوەی ئەم لەوی تر بەئەزموونە، یان ئەوان خاوەن ئەزموونێکی فراوانن و ئەمانی دیکە خاوەنی ئەزموونێکی سەرەتاین، هەرکاتێک بەم هاوکێشەیە مامەڵەکرا، ئەوا ئیدی شتێک نامێنێتەوە بەمانای توانا سروشتی و خۆڕسکەکان، ئیدی بۆشاییەک بەدی ناکرێت کە جارێکی دیکە (ڕامبۆیەکی تر و فروغێکی دیکە و پوشکێنێکی تر و دڵداری ئەیرەقیبی) تیادا دروست بێتەوە، بۆیە ئەسڵەن ئەم گریمانەیەی کە کۆمەڵە ئینسانێکی شکستخوارد و بڕوایان پێیەتی، زۆر فەشەلە، چونکە هەرکاتێک بەو جۆرە پێوەرانە تەماشی تێکستەکان کرا ئەوا ڕاستەوخۆ بیری داهێنان پوکێنراوەتەوە... بەڵام گەربێت و بەدیوێکی دیکەدا بڕوانینە ئەزمون یان شارەزایی ئەوا ڕاستە گەر بگوترێت کە (ئەزموون) لەپاڵ توانایەکی سروشتیدا زۆر سەرکەوتوترە لەتەنها یەکێک لەو دوو دیوەی باسمانکرد.

ئەگەر باسی درێژی تەمەنی تێکست بکەین کە هەر چەشنێک بێت، ئەوا ڕەنگە یەک هۆکار و دوو هۆکار نەبووبنە پووکانە و مردنی تێکستەکان، چونکە زۆرکات بەتەنها لاوازی تێکستەکە هۆکار نییە بۆ مەرگەکەی، بەڵکو زەمەن و هەڵومەج و پێشوازی خوێنەر و عەقڵی خوێنەر و کولتوور و...هتد، ئەمانە و چەندان هۆکاری دیکە کاریگەری خۆیان لەسەر مەرگی تێکست هەیە، لەگەڵ هەموئەمانەشدا بیری خاوەن تێکستەکە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر مردن نەمری خۆی و تێکستەکەی.

***مامەڵەکردنی ڕۆماننووس دەبێت چۆنبێت لەگەڵ بابەتگەلێکدا کەلە خۆیدا بەرجەستە نییە، وەک»مەی خۆر نەبێت و باسی مەی بکات» یان «دادوەر نەبێت و باس لەدادگایکردنی کەسێک بکات لەنێو ڕۆمانەکەیدا؟**

**گۆران ڕەئوف:** ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ دەمانبات بەرەو دووبەشبوون، واتە دەکرێت بە دوو شێوە وەڵامی تەواو گونجاوی بۆ دابڕژین، چونکە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر پەیوەندیدارە

بە توانا و زرنگی ڕۆماننووسەوە، یان بەواتایەکی دیکە خۆی بۆ خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە و تێگەیشتن لە جەوهەر و ناوەڕۆکەکەی وادەکات ڕۆماننوس و حیکایەتخوانی میللی، یاخود ڕۆمان و سەرگوزشتەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ لەیەکجیابکاتەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین وەڵامی ئەم پرسیارە بەجۆرێک لە جۆرەکان زۆر ڕوونە، لەبەرئەوەی ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە کەلە زاری دکتۆرێکی دەروونییەوە قسەبکات و هەست بەهیچ داچوون و تەنگەژەیەک نەکەین لەکەسایەتیدا، لە فیکری بیرمەندێکەوە بدوێت، بەبێ ئەوەی کەلێنێک لە نێوان خوێنەر و تێکستدا دروست بێت، یان گومانی خوێنەر بەتەواوی ڕەوێنێتەوە لەوەی کە بەتەواوی بابەتێکی لۆژیکییە و واقیعێکی تەواو داتاشراوی بەرجەستەیە.

**لەنێو ڕۆمانێکدا بابەتێک هەڵبژێردرا کە پێکهێنەری سەرەکی بێت یان لاوەکی ئەوا پێویستە ڕۆماننووس ئەوەندە شارەزایی هەبێت کەوەک لەسەرەتادا باسمکرد خوێنەر نەکەوێتە گومانەوە و لێکترازانی فیکری لەلا دروست نەکات، وەک چۆن (یۆستایت گاردەر) لە ڕۆمانی (کچەی پرتەقاڵ)دا بەچەشنێک باسی فەزا و تەلیسکۆبەکە دەکات کە دەڵێی تەواو شارەزەیە... یان چۆن (ماکسێنس فێرمین) لە ڕۆمانی (بەفر)دا باسی شیعر و هایکۆ دەکات کە ڕەنگە وابزانین ئەم ڕۆماننووسە بەتەنها توێژینەوە لە شیعری هایکۆدا دەکات**

ئەگەر بەدیوێکی دیکەدا بدوێین لەسەر گرنگی و بایەخی ئەم چەشنە مامەڵەکردنە، ئەوا دەبێت بگوترێت کە خودی گریمانەکە واتە هونەری ڕۆماننووسین بەوەدا جیادەکرێتەوە یان سەرکەوتوە کە لەنێو ڕۆمانەکەدا جیهانێکی وەها بخوڵقێنرێت کە خوێنەر نەتوانێت لە شار و گوند و گەڕەک وماڵ و هتد... تێکستەکە بێتەدەرەوە، لەم کاتەدا کەتێدەگەین ئەم چەشنە مامەڵەیە جۆرێکە لە یاسا و خەسڵەتی تایبەتی ڕۆماننووسین، ئەوا دەبێت زۆر بە وریاییەوە کاری تێدابکرێت، چونکە بەدبەختییە کە خاڵێکی ئەوەندە گرنگ وەها تەماشابکرێت کە لەدەرەوەی ئەتەکییەتی ڕۆماننووسینە و ئازاییە بۆ ئەوکەسەی بەم چەشنە بنووسێت... بۆیە ئەگەر باس لەوەبکەین کە ڕۆماننووس دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم خاڵە یاساییەی ڕۆماندا بکات، ئەوا دەکرێت

بەکورتی بڵێین هەرکات لەنێو ڕۆمانێکدا بابەتێک هەڵبژێردرا کە پێکهێنەری سەرەکی بێت یان لاوەکی ئەوا پێویستە ڕۆماننووس ئەوەندە شارەزایی هەبێت کەوەک لەسەرەتادا باسمکرد خوێنەر نەکەوێتە گومانەوە و لێکترازانی فیکری لەلا دروست نەکات، وەک چۆن (یۆستایت گاردەر) لە ڕۆمانی (کچەی پرتەقاڵ)دا بەچەشنێک باسی فەزا و تەلیسکۆبەکە دەکات کە دەڵێی تەواو شارەزەیە... یان چۆن (ماکسێنس فێرمین) لە ڕۆمانی (بەفر)دا باسی شیعر و هایکۆ دەکات کە ڕەنگە وابزانین ئەم ڕۆماننووسە بەتەنها توێژینەوە لە شیعری هایکۆدا دەکات... یاخود گەر بڕوانین بەنێو ناوەڕۆکی (کەمانچە ڕەشەکە)یدا کە بەهەمان شێوە وادەزانین مۆسقارێکی بلیمەتە، ئەوەندە بەشارەزاییەوە دەدوێت بۆمان. بۆیە جارێکی دیکە دەڵێم کە خودی تەواوبوونی گریمانەی نووسینی ڕۆمان بەوەدەبێت کە ڕۆماننووس دەبێت لە فەزای گشتی ڕۆماندا تەواو سەیتەرەی هەبێت و لاوازی تیادا دەرنەکەوێت لە چنین و وەسف و رووی زانستی ئەو بابەتەی هەڵیبژاردوە تا ڕۆمانەکەی لەسەر بوونیادبنێت.

***تۆ وەک گەنجێک دەبینین ڕۆمان و لێکۆڵینەوە یان (وتاری فیکری و ئەدەبی) و شیعر و چیرۆک دەنووسیت، ئایا تا چەند لەو فرەکاریەی کە دەیکەیت لە کامیان ڕازیت و پێتخۆشە زیاتر گرنگی پێبدەیت؟**

**گۆران ڕەئوف:** من تەواوی ئەو نووسنانەی کە بەرهەمی دێنم و بڵاوی دەکەمەوە، ئەوا گەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە خۆشمدەوێت و پێمخۆشە کارییان تێدابکەم، گەیشتوومەتە یەکلای بوونەوە تێیاندا، بەڵام وادەزانم کەم تا زۆر جیاوازییەک هەیە لەنێوانیاندا، چونکە نووسینی گوتار و توێژینەوە جۆرێکە لە کەڵەکەبوونی زانیاری و بەرهەمی عەقڵی، جۆرێکە لە ئەفراندن و دروستکردنی فیکر و شتی نوێ، کە ئەمە پەیوەندی بەو کەش و هەواو و ئەو ڕوانگەیەوە هەیە کە نووسەر کاری تێدا دەکات، پەیوەندی بەو زەمەنەوە هەیە کە نووسەر وەک خوێنەر و دواتر وەک کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵە گوزارشتێک، کە دەرەنجامی عەقڵە بەهەموو بارەکانییەوە، دەرەنجامی ئەو زەمەنەیە کە تێدا توانیوتە تاچەند پەلبهاویت لە مەوادی کارکردنتدا، تاچەند توانیوتە لەو بابەتەی قاڵبویتەتەوە تێیدا دەرەنجامی لۆژیکی و بەرهمگەلێکت هەبێت، کەلە پێشتردا بوونیان نەبووبێت، یاخود گەر ڕوونتربڵێین لەڕابردوودا نەگوترابن، چونکە بەرهەمە عەقڵییەکانی نووسین دەبێت لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە شتی نوێ و گوزارشتی نوێ و ئەنجامگەلێکی ڕازیکەر بهێنێتە بوون، ئەگینا ئەم خاڵەی باسمکرد بەسەر تێکستێکدا بەرجەستە نەبێت، ئەوا بەهای ئەو نوسینە بەتەواوی لە خوارەوەیە و نەگەیشتۆتە پلەی کەڵکگیری بۆ فیکر و عەقڵییەتی خوێنەر لەو مەجالەی کەتێدایە، بەڵام مەسەلەی شیعر و ڕۆمان بەدەرلەوەی کە دەتوانین کۆمەڵێک فیکر و خەیاڵفراونی خۆمانی تێدا دەرببڕین، بەدەر لەوەی دەکرێت کاربکرێت لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەروونی و هەتا پزیشکی و ئاینیش، ئەوا هاوکات پەیوەستە بەو خەیاڵانەوە کە دەکرێت

بیگێڕینەوە بۆ بوونیاتی ئەزەلی ئەو نووسەرە، یاخود بیگێڕینەوە بۆ ئەو بارە ناجێگیرانەی لە مەجالی نووسیندا بەهەموو جۆرەکانییەوە تووشی دەبێت و بازبازێن دەکات... پەیوەستە بە خولیا و چێژی نووسینەوە چونکە من بەردەوام ئاسودەترین کاتەکانم ئەو کاتانەیە کە لە دەربڕین و بەرهەمهێنانی تێکستێکی ئەدەبیمدام، ئەوکاتانەیە کە فیکرەی ڕۆمانێک لەلام گەڵاڵەبووە دەمەوێت بنووسم، دەمەوێت کوچە و شەقام و شارانێک بوونیادنێم کە جیاوازبێت لە واقیع، جیاوازبێت لەو ڕۆتین و لە دووبارەیی ژیان.

ئەو ساتانەی کە لەنێو ڕۆمانێک یان شیعرێکدا ئیشدەکەم بەتەواوی هڵسوکەوت و ئەدگار و تەنانەت خەیاڵەکانیشم دەبینە بەشێکی تەواو لەو فەزایەی تێیکەوتووم، دەبنە ئەو وێنە شیعر و ئەو کاراکتەرانەی کەلە هەوڵی داتاشینیاندام... هەندێکات وام لێدێ لە خۆمەوە هەست بە کۆمەڵێک حاڵەتی نامۆ و کۆمەڵە هەستێک دەکەم کە وا دەزانم لە بەرەنجامی شارە خەیاڵییەکان و سەفەرە ڕۆمانسییەکان و ماڵئاواییە خەمناکەکان و دڵپاکی کاراکتەرە تورەکان و هێمنی ئەو تاوانبارانەوە تووشم هاتووە کە خەیاڵە ئەدەبییەکانم بەرهەمی هێناون، من وا دەزانم هەموو ڕۆماننووس و چیرۆکنووسێک بەشێوەیەکی کاتی بارگاوییە بە نەخۆشییەکی دەروونی کە لەتەواوی جیهاندا ناسراوە، ئەویش (کەرتبوونی کەسێتییە)، چونکە من لەگەڵ هەر کەسایەتییەکدا کە دەمەوێت وێنای کەم لەنێو تێکستەکانمدا ئەوا بەرلەهەموو شتێک لای خۆم لەگەڵیدا دەژییەم و کەم تا زۆر وەک ئەوان مامەڵەدەکەم، کە لە ڕۆمانی (ڕاستییە درۆزنەکان)دا بەشێوەیەکی تەڵخ کارمتێداکردووە و حیکاتخوانی ڕۆمانەکە بەو نەخۆشییەوە دەژی و قساندەکات.

لێرەوە مەبەستمە بڵێم کە لەهەردوو بوارەکەدا ئاسوودەم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر وەک خولیا و دواتریش وەک وەسیلە بۆ دەربڕینی هەندێ خەیاڵ و فیکرە کە قورسە لە مەجالەکانی دیکەدا بتوانین کاربکەین بۆ دەربڕینیان، بۆیە ڕۆمان لە هەموویان زیاتر ئاسودەترم دەکات، چونکە وەک گوتم بەدەر لە چێژی نووسین، زۆر بابەت و شتگەلانێکی هەن کە ناکرێت لە گوتارێک و توێژینەوەیەکدا بگەین بەدەربڕینیان، بۆیە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕۆمان بۆ من جۆرێکە لە پەنابردن و خەونی نووسین، جۆرێکە لە عەشق و بەشێکە لە توانای خۆڕسکی و هەستکردنە بە کۆمەڵە خەیاڵ و شتانێک کە بەشێوەیەکی ناخودویستانە لەودیوی ئەزمون و شارەزاییەوە هەستیان پێدەکەم، ئەودیوی واقیع و لەدیوی شتە یەکلانەبووەکانەوە دەیانبینم.

**یەکێک لە کەسایەتییەکان کە ناوی (ئازار)ە لەپاش زەمەنێک چاوەڕوانی و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بەڵگە بۆئەوەی بگاتە یەقین دواجار خۆی دەکوژێت و دەگاتە ئەو یاخیبوونەی (کامۆ) ناوی ناوە (یاخیبوونی میتافیزیکی)، کەئەمەش جۆرێکی زۆر قوڵە لە یاخیبوون و زۆر قورسە کەسێک بڕیاری لەسەربات، تا کاتێک کە لە ڕوانگە فیکرییەکانی خۆیەوە نەگەیشتبێتە پلەی دڵنیایی، چونکە ئەگەر لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وردبینەوە هەست بەو ململانێیە دەکەین کەسەرەتا گومانە و دواتر قەلەقییە و لەپاشاندا یەقین، کە لە ڕووە فیکرییەکەیەوە بە تەواوی هەوڵمداوە وێنایەکی پڕاوپڕ بکێشم تا خوێنەر توشی گومان نەبێت**

***لە ڕۆمانی ڕاستییە درۆزنەکاندا دەبینین ئەو دوو گەنجەی وێناتکردوون یەکێکان لەپاش ئەوەی دەگاتە پلەی دڵنیایی لە عەشقەکەی، دواتر خۆی دەکوژێت و ئەوی دیکەیان دەستبەرداری هەموو کایەکانی ژیان دەبێت، ئایا وێنەی ئەم دوو گەنجە ئەزموونی شکست خواردوویانە لە ژیان یاخود یاخیبوونیانە لە کۆمەڵگا؟**

**گۆران ڕەئوف:** ئەگەر بەشێوەیەکی وەڵامدانەوەی کورت وەڵامتبەمەوە، ئەوا ڕەنگە نەگەینە ئامانجی پرسیارەکە، چونکە هەر پرسیارێک کە دێتەبوون، لەگەڵ بەدەستهێنانی وەڵامیدا ئامانج و مەبەستەکەشی بەدیار دەکەوێت، بەڵام زۆرکات ئەم مەبەستە ڕون نییە و پێویستی بە دیارخستن و شیکردنەوەی وردە... هەربۆیە باشترە لە سەرەتاوە بڵێم وێناکردنی دوو کەسایەتی بەو چەشنە لەنێو ڕۆمانەکەدا کە ژیان و سەرەنجامیان زۆر جیاواز و تایبەتە لە واقیعەوە، ئەوا تێدەگەین کاریگەری هەردوو بەشی پرسیارەکە باڵی بەسەر ژیان و کردار و ئەدگاریاندا کێشاوە، هەڵبەت کە دەڵێم ژیان بە مانای ئەو ژیانە دانسقە و تایبەتەی کە دروستیانکردبوو، ئەو ژیانەی تیایدا دەژیان و بۆی دەژیان، ژیانێک کە زۆر کات تووشی پچڕانی کولتووری و پێکدادانی بەها تایبەتانیان بوون لە بەرامبەر تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگاوە، بۆ نموونە (هەناسەی سپی) کەیەکێکە لەو دوو گەنجەی باسمانکرد، دەبینین ناوی بەشێت ناوزەد دەکرێت لەلایەن خێزان و ناسراوانییەوە، چونکە خاوەنی کۆمەڵێک ئەدگاری نامۆ و تایبەتە، یان گەر بەشێوەیەکی دیکە بڵێین لەنێو ژیانێکی تایبەت و کەش و هەوایەکی سازکراوەوە ڕەفتارەکانی دەردەکەوتن، کەئەمەش ببووە هۆی جیاواز دەرکەوتنی بەهەموو شێوەیەک.

لەڕاستیدا ئەگەر باسی ئەوەبکەین کە ئەم دوو گەنجە یان ئەم دوو کەسایەتییە، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ڕۆمانەکەدا مرۆڤگەلێکی یاخین، ئەوا کتومت پێکاومانە، چونکە گەر

بەشێوەیەکی ڕاڤەکارییەوە تەماشای هەموو ڕووداو و کردارەکانیان بکەین ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو پلەبەندییەکانی یاخیبوونیان بەسەردا بەرجەستەدەبێت و گەیشتوونەتە کۆتا دەربەندەکانی یاخیبوون، هەروەک خۆشت لەپرسیارەکەدا ئاماژەپێداوە یەکێک لە کەسایەتییەکان کە ناوی (ئازار)ە لەپاش زەمەنێک چاوەڕوانی و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بەڵگە بۆئەوەی بگاتە یەقین دواجار خۆی دەکوژێت و دەگاتە ئەو یاخیبوونەی (کامۆ) ناوی ناوە (یاخیبوونی میتافیزیکی)، کەئەمەش جۆرێکی زۆر قوڵە لە یاخیبوون و زۆر قورسە کەسێک بڕیاری لەسەربات، تا کاتێک کە لە ڕوانگە فیکرییەکانی خۆیەوە نەگەیشتبێتە پلەی دڵنیایی، چونکە ئەگەر لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وردبینەوە هەست بەو ململانێیە دەکەین کەسەرەتا گومانە و دواتر قەلەقییە و لەپاشاندا یەقین، کە لە ڕووە فیکرییەکەیەوە بە تەواوی هەوڵمداوە وێنایەکی پڕاوپڕ بکێشم تا خوێنەر توشی گومان نەبێت... لێرەدا تێدەگەین ئەو دوو گەنجە کە بەو شێوەیە وێناکراون بەزۆری کاریگەری و بەرەنجامی یاخیبوونیانە لە ڕوانگەیەکی فیرکری قووڵەوە... دواتریش بە شێوەیەکی تەنک و سادە تووشی جۆرێک لە شکست و دۆڕان دەبن لەبەردەم ئەو ژیانەیاندا، یاخود ئەو کۆمارە وەهمییەیاندا کە وێنەیان بۆ سازکردنی کێشابوو، ئەوان بە شێوەیەک دەگەنە کۆتاییەکانی ئەو ژیانە و دەگەنە نەبوونی ئەو ژیانە لە واقیعدا، بۆیە دەکرێت بڵێن ململانێی ئەوان جەنگە لەگەڵ واقیعدا، کە خەیاڵیان بارگاوییە بە حەقیقەت، واتە شەڕکردنی دوو مرۆڤ وەک ڕۆڵەکانی حەقیقەت، لەبەرامبەر واقیعدا، هەڵبەت کە وشەی حەقیقەت بەکاردەهێنم بەو مانەیەیە کە خەیاڵ و ڕوانگەی ئەو دوو گەنجە لای خۆیان بەشێکە لە حەقیقەت، هەربۆیە (هەناسەی سپی) بەتەنها و لەنێو خانووە تەنهاکەیدا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ژیانە، چونکە ئەو خەیاڵانەی زۆر بەڕاست دەزانێت... بەڵام لەملاشەوە (ئازار) دەگاتە ئەو پلەیەی کە ئەو عەشقە یان ئەو ژیانەی وایدەزانی حەقیقەتە بوونی نییە و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت، لێرەوە ئەنجامێکی هاوکێشەئامێزمان چنگ دەکەوێت ئەویش ئەوەیە ئەو بەرەنجامە یان ئەو کۆتاییەی لە ڕۆمانەکەدا هەیە دەرەنجامی یاخبوونێکی فیکری ئینسانی لۆژیکی سۆزئامێزە کە پەیوەستە بە عەشقێکی سروشتییەوە، عەشقێک کە مرۆڤەکان بەبێ یەکتر بینین تووشی دەبن، کە ئەمەش حاڵەتێکی گەلەک شاز و دەگمەنە و پەیوەندی بە باری ڕۆحی ئینسانەوە هەیە.

***(هەناسەی سپی) کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە، لە شوێنێکدا دەڵێت «دەمەوێت هەمو زەوی بگەڕێم، دەمەوێت بگەمە ئەستێرە دوورەکان، بگەمە دواهەمین کەنارەکانی یەقین و سەردانی شارە گەشاوە و سەوزەکانی حەقیقەت بکەم»، ئایا ئەمەی بەخشیوتە بەو کارەکتەرە کە دەیەوێت ئەو ڕێگایانە تاقیبکاتەوە، جۆرێک نییە لە گریمانەی واتایی، یان چەند سەرکەشییەکی گەنجانە نییە کە لە ئەنجامی ئەو ژیانەی تێیدایە کۆبۆتەوە؟**

**گۆران ڕەئوف:** ڕەنگە زۆر کاری من نەبێت لەدەرەوەی ڕۆمانەکەوە قسە لەسەر ڕووداوگەلێکی لەو چەشنە بکەم، یان بدوێم لەسەر هەندێک حاڵەت و دەربڕینی خەیاڵی کاراکتەرێکی نێو تێکستەکە، چونکە ئەوە زیاتر پەیوەندی بە تێگەیشتنی خوێنەر و بنەمای عەقڵانی ڕووداوەکانەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەرخستنی وەها خەیاڵ و ئاخاوتنێک پەیوەندی بەو ژیانەوە هەیە کە بەدەر لەوکاتەی تەمەنی تێیکەوتووە و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکردووە، پەیوەندی بە خەیاڵفراوانی (هەناسەی سپی)یەوە هەیە کە دەیەوێت بگاتە ئەنجامەکانی ئەو ژیانەی، بگاتە کوچەکانی عەشقەکەیی و لەو چاوەڕوانی و بیرکردنەوانە ڕزگاری بێت، یان دیسانەوە دەکرێت بڵێین وەها وێرد و قسەکردنێک پەیوەندی بە عەقڵ و حاڵەتە دەروونییەکانی خوێنەرەوە هەیە کە چۆنی لێکدەداتەوە، چونکە زۆر ساتی قسەکردن هەیە پەیوەستە بە زەمەنێکی ڕابردووەوە یان پەیوەستە بە کۆمەڵێک خەیاڵەوە، کە مەرج نییە لە بازنەی لۆژیک و عەقڵ تێنەپەڕن... بەڵام بەشێوەیەکی گشتگیر و فراوان هەموو گفتوگۆ و دەستەواژە سادە و ناسادەکان، یان هەموو ڕووداو و حاڵەتەکان دەگەڕێنەوە سەر یەک بنچینە کە ئەویش گەیشتنە بە دڵنیایی لە ڕاستی و ناڕاستی ژیانێک کە بڕوانیان پێهێناوە و بەزۆری واشدەزان ڕاستییەکی تەواوە، بەڵام گەر بەتەنها قسە لەسەر ئەو چەند دەستەواژەیە بکەم، ئەوا دەرخستنی جۆرێک لە بۆڵە بۆڵی گوماناوییە، واتە کەوتۆتە سەختترین باری ژیانییەوە کە ئەویش گومانکردنییەتی لە عەشقەکەیی و لەو ژیانی دەیانەوێت بگەن پێی، بەڵام دەیەوێت دڵدانەوەی خۆیی بکات و تەسلیمی دۆڕانەکان نەبێت.

**هەموو ئینسانێک ناتوانێت هەست بە هەندێ**
**حاڵەتی خۆڕسکی ڕۆحی بکات، بۆیە یەکەمین**
**خاڵ کەوادەکات بڵێین عەشق لەنێو ڕۆمانی**
**ڕاستییە درۆزنەکاندا عەشقێکی دانسقە**
**و کەم وێنەیە، ئەو حاڵەتە خۆڕسک**
**و ڕۆحیانەیە سەبارەت بە عەشق،**
**خاڵی دووەمیان مەسەلە فیکرییەکانە کە**
**پەیوەندی بە پێشکەوتن و گەشە عەقڵییەکانەوە**
**هەیە کە تێکڕای ئەمانەش لەگەڵ خاڵی یەکەمدا**
**یەکدەگرن و ئەو دوو کەسایەتییە دادەتاشن**
**کە وندەبن لەنێو گرفتارییەکانی**
**ڕۆح و فیکردا**

***لە ڕۆمانی ڕاستییە درۆزنەکاندا کە تا ئێستا نوێترین بەرهەمەتە وەک کاری ئەدەبی، هاتووی کارت لەسەر عەشقێک کردووە کە جیاوازە لە عەشقی سادە و هەموو مرۆڤێک ناتوانێت لەو عەشقە قوڵ و واتاییانە تێبگات، تا مێژوویەکی نەبێت لەگەڵ گەڕان بەدوای خودی خۆیدا، یان ڕەنگە پەیوەندی داربێت بە دابەشبوونە ئەزەلی و سروشتییەکانەوە، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان هاتووی ئەم جۆرە عەشقەت بە شێوەیەکی تەڵخ و نادیار وێناکردووە کە وادەردەکەوێت یەکێک لە سیفاتە سەرەکییەکانی ئەوەیە شاراوە و لێڵ بێت ئەگینا پیرۆزییەکەی لەدەست دەدات، یان پرسیارەکە بەدیوێکی دیکەدا بکەم» ئایا هێنانە کایە و کارکردنت لەسەر تەوەرەیەکی وەها دانسقە و بێوێنە تاچەند تێهەڵکێش و پەیوەندیدارە بە واقیع و سنووربەندی خەیاڵی مرۆڤەکانەوە»؟**

گۆران ڕەئوف: لە ڕاستیدا من ئامانجم بوو لە ڕێگەی ڕۆمانی ڕاستییە درۆزنەکانەوە قسە لەسەر چەند حاڵەت و چەند ڕووداوگەلێکی فیکری و دەروونی بکەم، کە تێکڕا بارگاوی بێت بە سەرەتای بوونیاد و دروستبوونی ئەو عەشقەوە کە ڕۆمانەکەی پێکهێناوە، چونکە گەر ڕاستگۆبم پێویستە بڵێم کە سەرەتای دروستبوونی فیکرەی وەها تێکستێک هیچ پەیوەندییەکی نییە بە داکەوتە و واقیعی ژیانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە کۆمەڵێک خاڵی فیکری و ڕۆحی ئینسانەوە کە ڕەنگە ئەم شتانەی پێمانگووت «کۆمەڵە خاڵێک» پەیوەندیداربن بە پلەبەندییە عەقڵییەکانەوە، یاخود پەیوەندیان لەگەڵ ڕووە وەحی و سروشییەکەی ئینسانەوە هەبێت کە دواجار کۆی ئەمانەش تێهەڵکێشن لەگەڵ هەندێ ڕوانگەی مرۆڤ کە پێکهاتەیەکی لاستیکیان هەیە و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر بەهەمان خەسڵەتە بنچینەییەکانەوە دێنەوە بیر و ئەندێشەی ئینسان بەڵام بە ڕەنگێکی دیکەوە، کە گرنگترین خاڵێک ئەو تێکستەی لەسەر بوونیادنرابێت ئەوەیە کە خودی عەشقەکە دانسقەیە و بەشێوەیەکی تۆکمە دێنەبوون، یان ڕوونتربڵێین عەشق لە ڕۆمانی ڕاستییە درۆزنەکاندا تێهەڵکێشە بە کۆمەڵێک بنەمای لۆژیکی و هاوکات ڕۆحیش کە ڕەنگە هۆی ئاڵۆزی و درەنگ گەیشتنەکەی ئەوەبێت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونی هاوسەنگی دەروونی و فیکری قورسە بۆ خوێنەر تا لە واتا بنچینەیی و سەرەکییەکانی تێکستەکە بگات، بۆیە دەکرێت بڵێین کۆی سەرجەمی ئەو شتانەی لەپرسیارەکەدا هاتوون پەیوەندییان بەو چەند دەستەواژەیەوە هەیە کەلە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، واتە هەر لەوەی کە عەشقێکی بێوێنەمان چنگ دەکەوێت تا ئاڵۆزی و هەتا بوونیادی سەرهەڵدانی تێکستەکە و خەسڵەتە گشتییەکانی عەشقەکە پەیوەندیان بە دوو بەشی گرنگی ئینسانەوە هەیە، ئەویش مەسەلە ڕۆحی و فیکرییەکانە، کە ڕۆح یان جوانترە بڵێین پەروەردەی ڕۆحیمان پەیوەستکردووە بە ئەو پەیوەندییە سروشییەی کە هەندێ مرۆڤ لە ڕێگەی ڕۆحیانەوە هەستیپێدەکەن و خۆی بۆ خۆی دەچێتە بابی دەگمەنی و تایبەتبوونەوە، چونکە ئاشکرایە کە هەموو ئینسانێک ناتوانێت

هەست بە هەندێ حاڵەتی خۆڕسکی ڕۆحی بکات، بۆیە یەکەمین خاڵ کەوادەکات بڵێین عەشق لەنێو ڕۆمانی ڕاستییە درۆزنەکاندا عەشقێکی دانسقە و کەم وێنەیە، ئەو حاڵەتە خۆڕسک و ڕۆحیانەیە سەبارەت بە عەشق، خاڵی دووەمیان مەسەلە فیکرییەکانە کە پەیوەندی بە پێشکەوتن و گەشە عەقڵییەکانەوە هەیە کە تێکڕای ئەمانەش لەگەڵ خاڵی یەکەمدا یەکدەگرن و ئەو دوو کەسایەتییە دادەتاشن کە وندەبن لەنێو گرفتارییەکانی ڕۆح و فیکردا، ڕۆدەچن لەنێو ئازارەکانی عەشقێکدا کە هەندێجار بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان و بە نەزۆکی تێکەڵی بارە دەروونی و فیکرییەکان دەبێت.

***کارکتەرێکت لەنێو ڕۆمانەکەتدا بەم چەشنە دەڵێت «بڕوابکە سەروەری مرۆڤەکان لەوەدا نییە لەم ژیانە ناڕاستەدا بەسەرکەوتووی دەربکەون، سەروەری لەوەدایە لەم ژیانە ناڕاست و درۆزیەدا نەژین، بەڵکو بگەنە ئەو ژیانەی سەرجەم شتەکان ڕاستەقینەن»، ئەم ناڕاستی و دروستییە کە تۆ باست کردوە مەبەستە پێمانبڵێیت دوو جۆرە ژیان هەیە و دوو شێوە سەرکەوتن و سەروەری هەیە، یان ئەم شێوە کارکردنەت وابەستەیە بەدەرچوون لە چوارچێوەی تەقلید و چەند گریمانەیەک کە هەندێک مرۆڤی دەگمەن دەیگەنێ و جۆرێکە لە حەقیقەت یاخود ئامانجداربوویت کە پەیامە فیکری و لۆژیکییەکانی خۆتی لێوە دەربڕی؟**

**گۆران ڕەئوف:** لەنێو ئەو بەشەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی کارم لەسەر سەروەری و لێکدانەوەکانی سەرکەوتن و دۆڕان کردووە، مەبەستمە هەندێ دەرەنجام و سیفەتەکانی سەرکەوتن و دۆڕاندن بخەمەڕوو کە ڕەنگە خودی ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی نایاب هەڵبگرێت، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی خودا و شەیتان، دەگەڕێتەوە بۆ بوونیادی ئینسان و پێکهاتە دەروونییەکانی تۆوی خێر و شەڕ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناخەی کە دابەشبووە بەسەر دوو چیندا، شەڕەنگێزی و ئاشتیخوازی، بۆیە دەکرێت لەم کاتەدا وەڵامێکی ڕاستەوخۆمان نەبێت بۆی، بەڵام ئامانجی سەرەکیم دەرخستنی ململانێی ژیان و ڕوانگەیەکی تایبەتی دۆڕان و سەرکەوتنە کە گەر لە بیرکردنەوەکانی (ئازار)ەوە تەماشای سەرکەوتن بکەین ئەوا تێدەگەین کە سەرکەوتنی ئینسان لەوەدایە واقیع بەشێوەیەکی گرنگ سەیرنەکات و کار لەسەر بوونیادنانی ناخ و دیوی ناوەوەی بکات، یاخود کار لەسەر ئەو حاڵەتە حەقیقەتئامێزانە بکات کە کەمێک هەست بە بوونیان دەکات لە ڕێگەی هەستەکانی و عەقڵییەوە، یان ئەگەر ڕووداوەکانی ژیانی ئازار و هەناسەی سپی بە نموونەی ئەو قسانە بهێنینەوە کە لەو بەشەی ڕۆمانەکەدا هاتووە ئەوا تێدەگەین سەروەری و دۆڕان لە نێو ڕۆمانەکەدا چ جۆرێکە یان چ حاڵەتێک و چ ڕوانگەیەکی باسکراوە، چونکە گەر لە ڕوانگەی ئاینەوە بڕوانین بۆ سەرکەوتن و دۆڕان ئەوا جیاوازە لەو ڕوانگەیەی کە مرۆڤە ماددییەکان دەڕوانن لێی، چونکە لە ڕاستیدا

قسەکردن لەسەر ڕوانگەکانی سەرکەوتن و دۆڕان قورسە لەوەها کاتێکدا بەبێ گرفت بدوێین لەسەری، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە ڕۆمانی ڕاستییە درۆزنەکاندا باسمانکردووە ئەو ڕوانگەیە کە هەردوو کاراکتەری ڕۆمانەکە لێوەی دەڕواننە ژیان، واتە ئەو ژیانەی کە تێیدان و بڕوایەکی تەواویان تێدا بەرجەستەکردووە، ئەو ژیانەی کە ئازار خۆی دەکوژێت و دەگاتە دڵنیاییەک کە پەیوەستە بەو ڕوانگە و بیرکردنەوانەی بە حەقیقەتی دەزانن، لەولاشەوە هەناسەی سپی بەکۆمەڵێک هیوای چەقبەستووەوە دەمێنێتەوە لەسەر هەمان ژیان.

# هۆڵدرین و جەوهەری شیعر

**مارتین هایدگەر**
**وەرگێڕانی بۆ کوردی: شۆڕش غەفووری**

**پێنج نموونە:**

١. شاعیری (بێگەردترینی* هەموو پیشەکانە.) (بەرگی سێیەم، بەرهەمی ٢، لاپەڕە ٣٧٧)

٢. (زمان، ئەو مەترسیدارترین سامانەی مرۆڤ، پێی بەخشراوە.... ڕەنگە بتوانێت بوونی خۆی بەڕاست گەڕێنێت.) (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٢٤٦)

٣. مرۆڤ زۆر فێر بووە، ناوی لەسەر زۆربەی بوونەوەرانی ئاسمان ناوە، چونکە ئێمە گوتوبێژێک بووینە و توانیومانە گوێبیستی یەکتری بین.) (بەرگی چوارەم، لاپەڕە٣٤٣)

٤. بەڵام ئەو شتەی کە ماوەتەوە، شاعیران بنەمادار و جێگیری دەکەن.) (بەرگی چوارەم، لاپەڕە٦٣)

٥. بە شیاویەتی تەواوەوە و لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، مرۆڤ شاعیرانە لەسەر زەوی گیرساوەتەوە.) (بەرگی چوارەم، لاپەڕە٢٥)

بۆچی شیعرەکانی هۆڵدرلینم بۆ نیشاندانی (جەوهەری شیعر) هەڵبژارد؟ بۆچی هۆمێر، سۆفۆکڵ، ویرژیل، دانتە، شکسپیر و یا گۆتەم هەڵنەبژارد؟ جەوهەری شیعری نە تەنیا لە شیعری ئەم شاعیرانە دیار و ئامادەیە و ڕەنگیشە لە کاری داهێنەرانەی هۆڵدرین سەرشارتر و دیارتر بن، کە درێژەییەکەی زووتر و لە ناکاو لێکدەپچڕێن. ڕەنگە بوار بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا دووبارە تەنیا (هۆڵدرین)م هەڵبژارد، بەڵام ئایا بە شێوەیەکی گشتی

دەتوانرێت جەوهەری شیعری تەنیا لە شیعری شاعیرێکدا بدۆزرێتەوە؟ بە هەر شتێکی گشتی ـ گشتی لەو ڕووەوە کە بۆ زۆرێکیان ڕاستگۆیانەیە ـ تەنیا لە ڕێگەی بەراوردەوە دەتوانرێت پەی بەمە ببردرێت. بۆ ئەم کارەیش، پێویستمان بە نموونە و شاعیرێکە کە توانیبێتی دەستی بە توێژ و چینێکی بەربڵاوی شیعر ڕاگەیشتبێت. لەم ڕووەوە، شیعری هۆڵدرلین یەکێکە لەو نموونانەی نێو نموونەگەلێکی دیکە و لەم ڕووەوە بۆ نیشاندانی جەوهەری شیعری، هەر لە بنەڕەتەوە وەک پێوەری تەواو و خوازراو نییە و ئیتر ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە مەبەستەکەمان شکست دەهێنین. بێ گومان تا ئەو کاتەی کە ئێمە (جەوهەری شیعر) بە واتا و مەبەستێکی گشتی بزانین، دەبێت قبوڵی ئەوە بکەین کە ئەم واتا گشتییە لەمەڕ هەموو شیعرەکانەوە ڕاستە، بەڵام ئەم واتا گشتییە، کە هەموو بەشەکان لە خۆ دەگرێت، بەردەوام ساردوسڕ و کەمتەرخەمە، جەوهەرێکە کە ناتوانێت زاتی بێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا ڕێک بە دوای ئەم تووخمە زاتییەی جەوهەری شیعرەوەین، جەوهەرێک کە ناچارمان دەکات بڕیاری ئەوە بدەین،



هۆڵدرین

ئایا دەمانەوێت شیعر بە جددی وەربگرین، و ئەگەر وەهایە چۆن؟ واتە تا چ ئاستێک دەمانەوێت پێشگریمانەکانمان لە هەڵسەنگاندنی شیعردا بەکار بهێنین؟ هۆڵدرلینمان لەبەر ئەوە هەڵنەبژاردووە کە شیعرەکانی ـ کە یەکێکە لەنێوان زۆرێکی دیکە ـ جەوهەری گشتی شیعر بەرجەستە و دیار دەکات، بەڵکو تەنیا ئەومان لەبەر ئەوە هەڵبژاردووە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، پیشەی شاعیری لە دیارخستنی جەوهەری شیعریدا کورت دەبێتەوە. بۆ ئێمە، هۆڵدرلین،

بژارده و شاعیری شاعیرانه. هۆی گرینگیدان و هەڵبژاردنی ئەو، هەر لەمەدایە. بەڵام ئایا هەڵبژاردنی شاعیرێک و نووسین لەبارەی ئەوەوە، تاکپەرەستییە؟ ئایا ئەم کارە، نیشاندەری سنووردارییەتی ڕوانگە و ڕەهەندی تێڕوانینمانە؟ ئایا تەنیا دوان لەبارەی شاعیرێکەوە، زێدەڕۆییەکی بێ مانا، کارێکی بێ هوودە و کۆڵانێکی بنبەست نییە؟ ئەوەی کە پاش ئەمە دێت، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە. بۆ ئەم کارە دەبێت لەبارترین ڕێگە هەڵبژێرین. ئێمە لێرەدا، بە پێچەوانەی شێوە باوەکانەوە، ناتوانین هەموو شیعرەکانی هۆڵدرلین یەک بە دوای یەک ڕاڤە و شرۆڤە بکەین. لە بری ئەمە، ڕێگە بدەن تەنیا خۆ لە قەرەی ئەو پێنج ئاماژە و نموونە کورت و دیارانە بدەین کە شاعیر لەبارەی شیعرەوە خستوونیەتە ڕوو. ڕێکخستنی پێویست و پێوەبەسترانی دەروونیان، جەوهەری شیعریمان بۆ دەخەنە ڕوو.

**(١)**

هۆڵدرلین لە نامەیەکیدا کە لە ژانویەری ساڵی ١٧٩٩ی زایینی بۆ دایکی نووسیوە، هۆنینەوەی شیعری بە (بێگەردترینی پیشەکان) هەژمار کردووە. (بەرگی سێیەم، لاپەڕە ٣٧٧)

بەڕاستی هۆنینەوەی شیعر تا چ ئاستێک (بێگەردترین) پیشەیە؟ هۆنینەوەی شیعر وەکو (یاری)، ڕووکارێکی بێ مکیاج و سادە و بێ بانگەشەی هەیە. شیعر، ئازادانە دنیای وێناکردنەکانی خۆی دەخوڵقێنێت و لە پانتایی خەیاڵی خۆیدا نغرۆ دەبێت و بەم شێوەیە ئەم یارییە لە جدییەتی بڕیاردانە خۆی بە دوور دەگرێت کە بەردەوام هاوەڵی فۆرمێکە لە گوناە. لەم ڕووەوە هۆنینەوەی شیعر کارێکی بێ مەترسی و لە هەمان کاتدا بێ کاریگەرە، چونکە تەنیا گوتارێکە و بەس. شتێکی لە کردار تێدا نییە، کردارێک کە چنگ دەخاتە نێو ڕاستییەوە و گۆڕانی بە سەردا دەهێنێت. شیعر وەکو خەون و خەیاڵ وایە، ڕاستی نییە، تەنیا یارییەکە بە وشەکان. جدییەتی کاری تێدا نییە. شیعر بێ مەترسی و بێ کاریگەرە. مەگەر شتێکی بێ مەترسیتر لە گوتاری ڕووت بوونی هەیە؟ بەڵام ئەوەی کە شیعر بە بێگەردترینی پیشەکان هەژمار بکەین، بەرەو جەوهەری شیعری ڕێنوێنیمان ناکات. ئەم ئاماژەیە تەنیا ئەوەمان نیشان دەدات کە لە کوێدا جەوهەری شیعری بدۆزینەوە. شیعر بەرهەم و ئاسەوار و کاریگەرییەکانی خۆی لە پانتایی زمان و ماددەی خامەکەی زمانەوە دەخوڵقێنێت.

ڕوانگەی هۆڵدرلین لە بارەی زمانەوە چییە؟ دەبێت خۆ بدەینە دووەمین گوتەی شاعیر.

**(٢)**

هۆڵدرلین لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینیدا، واتە لە دەوروبەری ئەو کاتەی نامەکەی بۆ دایکی نووسیوە، لە گەڵاڵەی ناتەواوی شیعریدا دەڵێت: «بەڵام مرۆڤ لە کۆڵیتەکاندا، نشینگەیەک هەڵدەبژێرێت و خۆی لە بەرگی پڕ لە شەرمەوە دەپێچێت، چونکە ئەو بە گوڕوتین و سەرنجی زیاترەوە، لە دەروون دەنۆڕێت و پاسەوانی دەکات: هەر وەک ڕاهیبەیەک کە پاسەوانی بڵێسەی

پیرۆزە. ئەمە درک و تێگەیشتنی ئەوە و لەم ڕووەوەیە کە ئازادی پێ سپێردراوە و هەر وەک خوا، توانا و دەسەڵاتی بێ کۆتای فەرماندان و بە ئەنجامگەیاندنیشی بە دەستە و بەم شێوەیە زمان ـ ئەو ترسناکترین سامانە ـ بە مرۆڤ سپێردراوە تا ئەگەری ئەوەی لێ بکرێت کە بتوانێت بە ئەفراندن، وێرانکردن، لەنێوچوون و گەڕانەوە بۆ ژیانی نەمری (گەڕانەوە بە مەعشووق و دایک) بوونی خۆی بسەلمێنێت و ئەوە قبوڵ بکات کە ئیمانداری عەشق ـ ئەم پیرۆزترین دارایی و سامانەی تۆ ـ لە تۆوە فێر بووە و لە تۆوە بە میرات بۆی ماوەتەوە». (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٢٤٦)

کەواتە زمانێک کە (بێگەردترینی پیشەکانە)، (مەترسیدارترینی گشت دارایی و سامانەکان) ـیشە، چۆن دەتوانرێت ئەم دووانە پێکەوە ئاشت بکرێنەوە؟ وەرن با جارێ واز لەم پرسیارە بێنین و ئەم سێ پرسیارە بخەینە پێش:

١. زمان، سامان و دارایی کێیە؟

٢. زمان تا چ ئاستێک مەترسیدارترین داراییە؟

٣. لە چ واتایەکی زماندا، بەڕاستی داراییەکە**؟

سەرەتا با بزانین ئەم گوتەیەی هۆڵدرلین لەمەڕ زمان، لە کوێدا هاتووەتە بەر باس: لە خستنەڕووی شیعرێ کە دەیهەوێت وەسفی مرۆڤ بکات، مرۆڤ لە بەرامبەر بوونەوەرەکانی دیکەی سرووشت. گیاندارگەلێکی دیکەی وەک گوڵی سوور، قووە کێوییەکان، ئەو کەڵەکێویانەی کە لە دارستاندا دەژین (بەرگی چوارەم، لاپەڕەکانی ٣٠ و ٣٨٥) و شیعر بۆ ئەوەی کە ئاژەڵان لە گیاکان جیا بکاتەوە، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: «بەڵام مرۆڤ لە کۆڵیتەکاندا، نشینگەیەکی هەیە».

کەواتە مرۆڤ کێیە؟ کەسێکە کە دەبێت بوونی خۆی پشت ڕاست بکاتەوە. پشتڕاستکردنەوە دڵنیاکەرەوەی ڕاگەیاندن و ئامادەبوونە و لە هەمان کاتیشدا دڵنیاکەرەوەی ئەوەی کە بانگەشی بۆ کراوە و ڕاگەیاندراوە. مرۆڤ هەر ئەوەیە کە (هەیە)، بوونەوەرێک کە ڕێک بوونی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە. لێرەدا پشتڕاستکردنەوە، بەیان و ڕاڤەیەکی زیادەی نییە، بەڵکو هەر وەک بوونی بەشەرە، بەڵام بەشەر دەبێت چ شتێک پشتڕاست بکاتەوە؟ ئەوەی کە ئەو هی زەوییە. لێرەدا مەبەست لە وابەستەبوون، بەیانی ئەم حەقیقەتەیە کە مرۆڤ خاوەنی هەموو شتێکە و لە هەموو ئەوانەوە فێرکراوە، بەڵام ئەم دووانە لەگەڵ یەکتریدا دژایەتییان هەیە. هۆڵدرلین، ئەو شتەی کە بوونەوەران لە یەک کاتدا دژ و پێکەوە دەبەستێتەوە، بە «هەڤڕەنگی» یا گەرموگوڕی ناو بردووە. پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەڤڕەنگییە لە ئەفراندنی جیهانێکەوەیە کە خاوەنی کێش و هەم وێرانی و ڕۆژداگەڕانە. پشتڕاستکردنەوەی بوونی مرۆڤ و لەم ڕووەوە کەماڵی زاتی ئەو، بە ئازادیی بڕیاردان وەڕاست دەگەڕێت. ئەم ئازادییە پێویستییەتی ڕەهای هەیە و باڵاترین بەرپرسیاریەتییە و ئەم ستوڤدان و خۆبەختکردنەی هۆگری مرۆڤ بە هەر شتێک کە هەیە، لە مێژوودا ڕوودەدات و وەڕاست دەگەڕێت و بۆ ئەوەی کە مێژوو هەموار و

مومکین بێت، زمان بە مرۆڤ بەخشراوە. زمان یەکێکە لە دارایییەکانی مرۆڤ.
بەڵام تا چ ئاستێک زمان مەترسیدارترین دارایی مرۆڤە؟ زمان مەترسیدارترینی مەترسییەکانە، چونکە ئەفرێنەری مەترسییەکی شاراوەیە: مەترسی هەڕەشەی بوونی مرۆڤ بە هۆی هەموو ئەو شتەی کە هەیە، بەڵام تەنیا لەگەڵ زمانە کە مرۆڤ لەبەرامبەر بوونەوەرێک دەردەکەوێت کە وەکو «بوون» دەبێتە هۆی پەرێشانی و ئازاردانی و هەستییەکەی لێوڕێژ دەکات و هەروەک «نابوونێک» ـ یا نەبوونێک ـ دەبێتە هۆی فریودان و سەرشۆڕی ئەو. ئەوە زمانە کە لە سەرەتاوە، بارودۆخی پێویست بۆ هەڕەشە و ئاڵۆزکانی بوون دەخووڵقێنێت و بەم شێوەیە بواری لەنێوچوونی بوون ـ واتە مەترسی ـ بە ئاشکرا خۆش دەکات، بەڵام زمان نە تەنیا مەترسی مەترسییەکانە، بەڵکو لە خودی خۆشیدا مەترسییەکی بەردەوامی لە خۆیدا حەشار داوە. زمان دەتوانێت بە کاری خۆی بوونەوەرێک ئاشکرا بکات و پارێزگاری لە بوونییەتی بکات. بە زمان و وشە، دەتوانرێت بێگەردترین، ئاڵۆزترین و شاراوەترین واتا و یا واتایەکی سادە بەیان بکرێت. تەنانەت وشەیەکی زاتی ئەگەر خوازرێت درک بکرێت و بە بەشێک لە داراییە گشتییەکان هەژمار بکرێت، دەبێت وەکو پێویستی لێ بێت. هۆڵدرلین لە پارچە شیعرێکدا ئاماژەی بەم خاڵە داوە: «ئەی ئەوەی کە لەگەڵ دەروازەی خوا کەوتییە قسە، بەڵام لەبیرت کرد کە میوە هەوەڵینەکان هی فانییەکان ـ نائەبەدییەکان ـ نین: هی خواکانن. دەبوو میوە زیاتر وەکو شتێکی ڕۆژانەیی و ئاسایی لێبێت، ئەو کاتە ببێتە نەسیبی فەناییەکان ـ ئینسانەکان ـ». (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٢٣٨)



**مارتین هایدگەر**

وشەی بێگەرد و ئاسایی (لەم ڕووەوە) کە هەردووکیان گوتوویانە، یەکسانن. کەواتە وشەیەک وەکو وشەی هەرگیز ناتوانێت کەفیل و زەمانەتی ئەوە بکات کە ئایا وشەیەکی بێگەردە یان لەبەرگیراوە و نائەسڵ. بە پێچەوانەوە، زۆرجاران وشەیەکی زاتی هێندە سادەیە کە بە ڕووکار لە وشەیەکی سادە و ناجەوهەری دەچێت و لە لایەکی دیکەوە، وشەیەک کە بەرگێکی فەلەسەفی پێدا پێچراوە، بە ڕووکار وشەیەکی قووڵ و هەڵقووڵاوی دەروونییە، کەواتە بەردەوام زمان بە ڕووکارە دەرکەوتووەکەیەوە وەردەگیردرێت و درک پێ دەکرێت و بەردەوام لە بەردەم ئەو مەترسییەدایە کە جەوهەری سەرەکی خۆی لە دەست بدات، بەڵام لە چ واتایەکدا، زمان لە نێو داراییەکانی مرۆڤ مەترسیدارترینە؟ مرۆڤ خاوەنی زمانە. زمان لەبن دەستی ئەودایە تا بتوانێت ئەزموونەکان، بڕیار و هەستە دەروونییەکانی بۆ کەسانی دیکە بگوازێتەوە. زمان، ئامرازێکی هەواڵییە. لەوەوە کە زمان ئامرازێکی هەواڵی (خەبەری) لەبارە، بە بەشێک لە داراییەکان هەژمار دەکرێت، بەڵام بە گشتی جەوهەری زمان، تەنیا ئامرازێکی هەواڵی نییە، ئەگەر چی ئەم پێناسەیە ناگاتە جەوهەری سەرەکی زمان، بەڵام بە لانی کەمەوە ئاماژە بە یەکێک لە ئەنجامەکانی جەوهەر دەدات. زمان تەنیا ئامرازێک نییە لە نێوان هەموو ئەو ئامرازە زۆرانەی کە مرۆڤ خاوەنیانە. بە پێچەوانەوە مرۆڤ بە زمانەوە دەتوانێت بە وجوودێکی ئازادانەوە بوەستێت. تەنیا شوێنێک کە زمانی هەیە، دنیا بوونی هەیە: هەر چەندە دنیا هەمووی لە گۆڕاندایە و بە دوورە لە بڕیار و بەرهەم، کار و بەرپرسیاریەتی، بەڵام لێوڕێژە لە قرموقاڵ و لاساری: لە ناپووتی و شێواوی. تەنیا لەو شوێنەی کە دنیا زاڵە، مێژوو هەیە (واتە لە ڕاستیدا ئەمەیش لە خۆ دەگرێت) کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی مێژوویی (بوون)ـی هەبێت.

زمان تەنیا ئامرازی بن دەستی مرۆڤ نییە، بەڵکو ڕووداوێکە کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت بوونێکی باڵا بۆ خۆی بدۆزێتەوە. سەرەتا دەبێت ئێمە گومانمان لەوە نەبێت کە جەوهەری زمان بەم شێوەیە تا ئەو کاتە بتوانین بە دروستی درک بە پانتایی کاری شیعر و دواتر خودی شیعریش بکەین. زمان چلۆن بەدیدێت؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت سەرنج بدەینە قسەی سێیەمی هۆڵدرلین.

## (٣)

قسەی سێیەمی هۆڵدرلینمان لە گەڵاڵەیەکی درێژ و ئاڵۆزی شیعرێکی ناتەواو دەست دەکەوێت کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: «ئاشتیدەر، تۆ کە هیچ کات باوەڕت نەکردووە...» (بەرگی چوارەم، لاپەڕەکانی ١٦٢ و ٣٦٨)

« مرۆڤ زۆر فێر بووە. ناوی لەسەر زۆرێک لە بوونەوەرەکانی ئاسمان داناوە،
چونکە ئێمە گوتوبێژێک بووینە
و توانیومانە لە یەکترەوە ببیستین.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٣٤٣)

وەرن سەرەتا لە نێو ئەم ڕستەیەدا، ئەو بەشە هەڵبژێرین کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە تا ئێستا گوتوومانە: «چونکە ئێمە گوتوبێژێک بووینە...» ئێمە ـ مرۆڤایەتی ـ «گوتوبێژ»ـێکین. بوونی مرۆڤ، بنەماکەی لە زماندایە، بەڵام زمان تەنیا لە «گوتوبێژ»ـدا بە دی دێت. لەگەڵ گشت ئەمانەیشدا، نابێت وەها وێنا بکەین کە گوتووبێژ تاقە ڕێگەیەکە کە بە هۆیەوە زمان ڕوودەدات، بەڵکو جەوهەری زمان تەنیا لە گوتوبێژەوە بەها و مایە وەردەگرێت. ئەوەی کە ئێمە زۆرجار لە زمان تێدەگەین، واتە کۆمەڵە وشە و یاسای ڕێزمانی، تەنیا شیپانەی زمانە، ئەی کەوایە مەبەست لە «گوتووبێژ» چییە؟ ئێتر دیارە کە واتای ئەو قسەکردنە لەگەڵ بەرامبەران لە بارەی چییەوەیە. «چونکە ئێمە گوتووبێژێک بووینە و توانیومانە لە یەکترییەوە ببیستین.» توانای بیستن تەنیا ئەنجامی قسەکردن لەگەڵ یەکتری نییە. بە پێچەوانەوە ئەوە توانای بیستنە کە بوار بە قسەکردن دەدات، بەڵام تەنانەت توانای بیستنیش دەبێت بە هۆی وشەکان و بە هاوسازی ئەوانەوە ئەنجام بدرێت. توانای قسەکردن و بیستن، هەردووکیان وەک یەک بنەمایین. کەواتە مانای «ئێمە گوتووبێژین» واتە ئێمە دەتوانین لە یەکترییەوە ببیستین و لە هەمان کاتدا هەموودەم واتای ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەیە: ئێمە گوتووبێژێکی «بێ هاوتا»ین. بەڵام لە لایەکی ترەوە، «گوتوبێژ»، لەخۆگری «بێ هاوتایی»ـیە و دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە گوتوبێژ هەموودەم لە خۆگری ڕێککەوتنە. بنەمای گوتووبێژ پشتئەستوورە بە یەکێتی و ڕێککەوتنەوە و لەم ڕووەوە ماهیەت و بەهایەکی بە کۆمەڵی هەیە. گوتووبێژ و بێ هاوتاییەکەی، زامن و کەفتالەتی بوونی ئێمەیە. بەڵام هۆڵدرلین تەنیا نەیگوتووە «ئێمە گوتووبێژێکین.»، بەڵکو گوتوویەتی «کە بۆچی ئێمە گوتوبێژێک بووین.» گوتوبێژ تەنیا بە ئاخاوتن نایەتە دی و هێزی قسەکردنی مرۆڤ چاری ناچاری ناتوانێت ببێتە هۆی چالاکی زمان، واتە ببێتە گوتووبێژ. ئێمە لە چ سەردەمێکدا گوتووبێژ بووین؟

بۆ ئەوەی گوتووبێژێکی بێ هاوتا دروست ببێت، دەبێ وشەی زاتی بە هەمان مەبەستەوە پەیوەست بدرێتەوە. بێ ئەم پەیوەستییە، بەڵگەهێنانەوەیش بە ڕەهایی ناهەموارە، بەڵام وێناکردنی وەها پەیوەستییەک تەنیا لە داوێنی شتێکی ئەبەدی و هەمیشەیی هەموار دەبێت، بەڵام ئەبەدیبوون و مانەوە، تەنیا ئەوکاتە خۆنوێنی دەکات کە ئەو شتەی خۆڕاگری دەکات و ئامادەیی هەیە، دەست بە درەوشانەوە بکات، بەڵام ئەمە تەنیا لە حزوور و ئامادەیی بەردەوامی زمان ڕوو دەدات. مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە توانای ئەوەی هەیە خۆی بخاتە بەر دەم گۆڕان و باشەرەوە کە کەوتبێتە بەردەم نەمری و درەوشاوەوە، چونکە تەنیا خۆڕاگر و پایندەکە دەگۆڕدرێت. تەنیا پاش ئەوەی زەمەنی تێپەڕنەبوو، دابەش دەبێتە سەر ئێستا، ڕابردوو و داهاتوو، ئێتر بواری ڕێککەوتن لەبارەی شتێکی مەندۆخ (بەردەوام)ەوە دروست دەبێت. ئێمە لەو کاتەوەی کە زەمەن هەبووە، گوتووبێژێکی بێ هاوتا و تاقانە بووین، لەو کاتەوە کە «زەمەن هەبوو»ە. لەو کاتەوە کە زەمەن دەرکەوت، ئێمە بە شێوەیەکی مێژوویی «بوون»مان

هەبووە. بوون هەروەک گوتوبێژێکی بێ هاوتا و بوونی مێژوویی، (دوو بوون کە) وەکو یەکتری و کۆنن: هەردووکیان هی یەکترینە و یەک شتن.

لەبەر ئەوەی کە ئێمە گوتوبێژێک بووین، مرۆڤ زۆر فێر بووە و ناوی لەسەر زۆر شتی ئاسمان داناوە. لەوەوە کە زمان لە گوتووبێژدا خۆنوێنی دەکات، خواکانیش ناویان بۆ دۆزراوەتەوە و جیهان دەرکەوتووە، بەڵام دووبارە دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە ئامادەیی خواکان و دەرکەوتنی گێتی تەنیا لە ئەنجامی چالاکبوون و بووندارِبوونی زمانەوە نییە، بەڵکو لەگەڵیدا هاوکاتە، کەوایە ڕێک ناودانانی خواکان و گۆڕانی توخمی گێتی بۆ وشە لەگەڵ گوتووبێژێکی ڕاستەقینە، گوتووبێژی ڕاستەقینەی ئێمەدا دەرکەوتووە، بەڵام خواکان تەنیا ئەوکاتە ناوێک دەدۆزنەوە کە ئێمە لەسەریان دابنێین و هەروەک هەمیشە، خوازیاریان بین. بەردەوام ئەو وشەیەی کە بۆ ناولێنانی خواکانی هەڵدەبژێرین، کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر ئەم خواستە و بەردەوام ئەم کاردانەوەیە سەرچاوەگرتووە لە دیاریکردنی چارەنووسەوە. لەم ڕەوتەدا، خواکان، بوونی ئێمە لە زماندا وەدی دەهێنن و ئێمە دەکەوینە سەر ئەم دووڕیانی بڕیاردان کە ئایا دەمانەوێت خۆمان بدەین بە دەست خواکانەوە و یا دەمانەوێت خۆمانیان لێ بێ بەش بکەین. تەنیا ئێستایە کە ئێمە دەتوانین لە گشتییەتیدا، درک بە واتای ئەم گوتەیەی «چونکە ئێمە گوتوبێژێک بووین..» بکەین. لەو کاتەوە کە خواکان ئێمەیان بەرەو گوتوبێژ ڕێنوێنی کردووە و زمان هەبووە، بنەمای بوونی ئێمە گوتوبێژێک بووە. واتای ئەم قسەیە کە زمانی باڵاترین ڕووداوی بوونی مرۆڤە، هەر ڕەگ و ڕیشەی لەم (قەسیەی هۆڵدرلین)ـەوە داکووتاوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەم گوتووبێژە کە ئێمەین، چۆن دەست پێ دەکرێت؟ کێ ناو لە خواکان دەنێت؟ کە دەتوانێت شتێکی هەتاهەتایی لەم زەمەنە تێپەڕنەبووەدا بپارێزێت و لە وشەدا جێگیری بکات؟ هۆڵدرلین بە سادەیی دڵنیابوونی شاعیرێکەوە وەڵاممان دەداتەوە. وەرن گوێ لە قسەی چوارەمی ڕادێرین.

## (٤)

قسەی چوارەمی هۆڵدرلین، بەشی کۆتایی شیعری (یادەوەری)ـیە کە بەم شێوەیەیە:

«بەڵام ئەو شتەی کە دەمێنێتەوە، شاعیران پاوەجێگرتووتری دەکەن.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٦٣)

ئەم قسەیە بەسەر پرسیارەکەماندا لەمەڕ جەوهەری شیعردا ڕووناکی بڵاو دەکاتەوە. شیعر بریتییە لە کاری جێگیرکردن و پاوەجێخستن بە هۆی وشە لە وشەدا. لەم ڕەوتەدا چ شتێک قایم و شوێنگرتوویە ؟ پاوەجێ! بەڵام ئایا دەتوانرێت پاوەجێ جێگیر و شوێنگرتوو بکرێت؟ مەگەر پاوەجێ (نەمر) شتێک نییە کە هەموو کات هەبووە؟ وانییە! تەنانەت دەبێت پاوەجێ، قایم و جێگیر بکرێت تا نەبرێت. دەبێت بە دوور لە تێکەڵ و پێکەڵییەوە سەیری سادە بکرێت و دەبێت لەبارەیەتی لە بەرامبەر لە جێی لەبارەیەتی ڕووت و بێگەردەوە دابنرێت. ئەوەی کە

پاڵپشتی گشتییەتی بوونێک دەکات و لەسەری دەسەڵاتدارە، دەبێت ئاشکرا بکرێت. دەبێت بوون واڵا بکرێت، دەبێت هەبوو ئاشکرا بکرێت، بەڵام ئەمانەیەیش خۆیان تێپەڕن. «بەم شێوەیە، هەموو شتە ئاسمانییەکان زوو تێدەپەڕن، بەڵام نەک بێ ئەنجام.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٦٣) و دەبێت کێ تێپەڕ پاوەجێ بکات و بیهێڵێتەوە؟ «و ئەمەیش خزمەت و ئەرکێکە و خراوەتە ئەستۆی شاعیرانەوە.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٤٥)، شاعیر، نێو لەسەر خواکان دادەنێت و لەسەر کەلوپەلەکان وەک ئەوەی کە هەن، ناو دادەنێت. ئەم ناولێنانە، ناولێنان نییە لەسەر ئەو شتەی کە پێشتر ناسراوە، بەڵکو کاتێک کە شاعیر وشەی زات دەهێنێتە سەر زمان، ژیانێکی نوێ بەو هەبوونانە دەبەخشێت و ئەو بەو ناولێنانە دەبێتە هەبوو. شیعر، هێڵانەوە و قایمکردنی وجودە بە هۆی وشەوە. کەواتە، ئەوەی ماوەتەوە لە مەرەکەو جیایە. لەباریەتی لەوەی نالەبارە، شوێنی نییە. ئێمە هیچ کات لە شتێک کە بێ بن و بێ کۆتایە، ناگەینە بنچینە.

بوون (هەستی) هیچ کات بوونەوەر یا هەبوویەک نییە، بەڵام هەروەکو بوون و جەوهەری کەرەستەکان، هیچ کات ناتوانن لەوەی هەیە، هەژمار و دارشتە بکرێن، کەواتە دەبێت ئەوان ئازادانە بەرهەم بێن، بدرێن بەدەستەوە. ئەم کارە ئازادکردنی پێوەجێخستنە، بەڵام کاتێک خواکان لە بنەڕەتدا ناویان لێ دەنرێت و جەوهەری کەرەستە ناو قبوڵ دەکات، بەم شێوەیە کەرەستە بۆ یەکەمجار دەدرەوشێتەوە، تەنیا لەم بارودۆخەدایە کە پەیوەندیی نێوان بوونی مرۆڤ و کەرەستەکان توندوتۆڵ دەبن و ڕەگ دادەکوتێن. کەلام و قسەی شاعیر پێوەجێخستن و جێگیرکردنە: نەک تەنیا بە واتای کاری ئازادکردنە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بە واتای وەسەرپێخستنی (بوون)ـی مرۆڤە لەسەر بناغە سەرکەییەکەی. ئەگەر ئێمە جەوهەری شیعر بە پاوەجێخستنی وجود بە هۆی وشەوە هەژمار بکەین، ڕەنگە لەم کاتەدا بتوانین زەڕەیەک لەو حەقیقەتەمان بۆ دەرکەوێت کە هۆڵدرین گوتی: ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر پاش ئەوەی ڕێی کەوتە سنووری شەوی دێوانەیی، هێنایە سەر زمان.

**جەوهەری زمان دەبێت لە ڕێگەی جەوهەری شیعرەوە درک پێ بکەین. بنەمای بوونی مرۆڤ گوتووبێژە کە تیایدا بە دروستی زمان بەدی دێت، بەڵام ئەوە زمانی ناوچەیی شیعرە کە لەو وجوودا پاوەجێ و جێگیر دەبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، زمان «مەترسیدارترین داراییە» و بەم شێوەیە شیعر مەترسیدارترین کارە و لە هەمان کاتدا «بێگەردترینی پیشەکان»یشە**

(٥)

ئێمە پێنجەمین ئاماژەی هۆڵدرلین لە یەکێک لە شیعرە درێژەکانی دەدۆزینەوە کە شیعرێکی غەریبە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

«لە ئاوێکی جواندا،

بورجی کلێسە لەگەڵ بنمیچە کانزاییەکەی خۆیدا گوڵ دەر دەکات.» (بەرگی شەشەم، لاپەڕە ٢٤)

هۆڵدرین لە دێری (٣٢)ی ئەم شیعرەدا دەنووسێت:

«بە شایستەییەکی تەواوەوە، و بەم هەموو شاعیریەتەوە

مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێ بووە.»

مرۆڤ تەنیا شیاوی ئەو شتانەیە کە ڕەنج و ماندووبوونی بۆ کێشاون و شایستەی ئەو شتانەی هەبووە. دوای ئەم دێرەیە، هۆڵدرلین بە لێبڕاوانە ئەوەیش زیاد دەکات «لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا» تەنیا بە شایستەبوون لەم هەسارەیەدا، ژیان بەس نییە و ناتوانرێت پەی بە جەوهەری سەرەکی ژیان ببردرێت. بوونی مرۆڤ لە بنەما و بنچی شاعیرانەوەیە، بەڵام ئێمە نهۆ شیعر بە ناولێنانی سەرەتایی خواکان و جەوهەری کەرەستەکانەوە تێدەگەین و شاعیرانە نیشتەجێبوون واتە وەستان لە بەرامبەر خواکان و ڕووبەڕووبوونەوەی قووڵ لەگەڵ جەوهەری کەرەستەکان. بوون لە ڕەهەندی بنەمایی خود، شاعیرانەیە و لە هەمان کاتیشدا ئەگەر ببێتە هۆی پاوەجێیی ئیتر پاداشت نییە، بەڵکو دیارییە. شیعر تەنیا ڕازاندنەوەیەک نییە بۆ بوون، ئیلهام و وەحاڵکەوتنێکی کاتی نییە. کاتبەسەربردن و حەزێکی ڕووتیش نییە. شیعر بنەچە و بناغەی مێژووە و لەم ڕووەوە تەنیا دیاردەیەکی فەرهەنگی نییە و هیچ کاتیش نابێ بە تەواوی بە (ڕاڤە)ـیەکی (دەروون ـ فەرهەنگی)ـی لەقەڵەم بدەین. لە واتای ئەم قسەیە کە بوونی ئێمە لە بنەڕەتدا شاعیرانەیە، دواجار نابێت وەها ئەنجامێک وەربگرین کە بوون تەنیا یارییەکی بێ مەترسییە، بەڵام مەگەر خۆ خودی هۆڵدرلین، لە یەکەم قسەیدا، شیعری بە «بێگەردترینی هەموو پیشەکانە» هەژمار نەکردووە؟ چۆن دەتوانرێت ئەم قسەیەی هۆڵدرلین لەگەڵ ئەوەی کە نهۆ خەریکین لە بارەی جەوهەری شیعرەوە ئاشکرای دەکەین، ڕێک بخەین و ئاشتی بکەینەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە سەرەتا وەڵاوەمان نا. لە کاتی وەڵامدانەوە ئەم پرسیارەدا، هەوڵ دەدەین تا جەوهەری شیعر و شاعیر بە کورتی باس و بەیان بکەین و بیانخەینە بەردەم چاوی دەروونەوە.

سەرەتا وەها دانرا کە پانتایی کاری شیعر، زمانە. لەم ڕووەوە دەبێت جەوهەری شیعر بە جەوهەری زمانەوە درک بکرێت، ئینجا دواتر ئەم خاڵە ڕوونتر دەبێتەوە کە شیعر ناولێنانی سەرەتایی «وجود» و جەوهەری هەموو شتەکانە. هەر ئاخاوتنێک خاوەن جەوهەری شیعری نییە. لێرەدا مەبەست لەو ئاخاوتنە تایبەتەیە کە بۆ یەکەم جار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئێمەدا بە شێوەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ و ئاشکرای دەکات. کەواتە هیچ کات شیعر وەکو ماددەیەکی

سەرەتایی و خام و بەکارنەبراو سوود لە زمان وەرناگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە شیعرە کە زمان هەموار دەکات. شیعر زمانی کۆچەریانەی خەڵکی مێژووە. کەواتە ڕێک بە پێچەوانەی بیرکردنەوە و وێناکردنی ئاسایی، جەوهەری زمان دەبێت لە ڕێگەی جەوهەری شیعرەوە درک پێ بکەین. بنەمای بوونی مرۆڤ گوتووبێژە کە تیایدا بە دروستی زمان بەدی دێت، بەڵام ئەوە زمانی ناوچەیی شیعرە کە لەو وجووددا پاوەجێ و جێگیر دەبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، زمان «مەترسیدارترین داراییە» و بەم شێوەیە شیعر مەترسیدارترین کارە و لە هەمان کاتدا «بێگەردترینی پیشەکان»ـیشە.

لە ڕاستیدا ئێمە تەواو درک بە جەوهەری شیعر ناکەین، مەگەر ئەوەی کە ئەم دوو پێناسەیە پێکەوە گرێ بدەینەوە و بیانکەینەوە بە یەک. بەڵام ئایا بەڕاستی شیعر ترسناکترین کارە؟ هۆڵدرلین لە نامەیەکدا کە بەر لە دواهەمین سەفەری خۆی بۆ فەرەنسا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی نووسیوە، دەنووسێت:

«هاوڕێکەم! دنیا لە ڕوانگەی منەوە، درەوشاوەتر و جدیتر لە پێشووە. لە پێشکەوتنی، هەست بە خۆشی دەکەم. شادم لەوەی کە لە هاویندا (باوکی پیرۆزی کۆن بە دەستە هێمنەکانییەوە، بریسکە بەرەکەتاوییەکانی لە هەورە ئاڵ و واڵاکان دادەتەکێنێت)، چونکە لە نێوان ئەو نیشانانەی کە لە خودادا دەیانناسم، ئەمە بۆ من بژاردەترین نیشانەیە. پێشتر دەمتوانی لە دۆزینەوەی حەقیقەتێکی نوێ دڵخۆش بم، حەقیقەتێکی نوێ لەبارەی ئەو شتەی کە لە سەر سەر و دەوروبەرمانە، بەڵام نەۆ دەترسێم هەر ئەو شتەم دواجار بەسەر بێت کە بەسەر (ناتولۆس)ـی کۆندا هات: ئەو لە خواکانی زیاتر لەوە وەرگرت کە بتوانێت هەرس و تێی بگات.» (بەرگی پێنجەم، لاپەڕە ٣٢١)

شاعیر لە گەمارۆی بروسکە پیرۆزەکانەوەیە. ئەم بابەتە لە شیعرێکدا هاتووەتە گۆڕێ کە دەبێت لەمەڕ جەوهەری شیعرەوە بە بێگەردترین شیعری هەژمار بکەین و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**«لەو ڕۆژە خۆشیانەدا**
**کاتێک بەرەبەیان جووتیارێک، سەردانێکی کێڵگەکەی دەکات.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٥١)**

**هۆڵدرلین لە دواهەمین بەشی شیعرەکەیدا، دەڵێت:**

**«شوێنی ئەوەیە کە لە ژێر تۆفانەکانی خوادا**
**ئێوە ئەی شاعیران! بە سەری ڕووتەوە بوەستن**
**و بە دەستەکانی خۆتان هەموو هەورەتریشقەکان بگرن**
**و لە مەلافەیەک گۆرانییەوەیان بپێچنەوە.**
**و ئەم دیارییە پیرۆزە باوکانەیە**
**بگەیەننە خەڵکی.»**

هۆڵدرلین، ساڵێک دواتر، کاتێک کە گەڕابووەوە بۆ ماڵی دایکی و شێت ببوو، بە یادی نیشتەجێبوونی لە فەرەنسا بۆ هەمان هاوڕێی خۆی، بەم شێوەیەی نووسیبوو:
«بەردەوام دووچاری توخمی زاڵ، ئاگری ئاسمان و ئۆخژن و بێ هەستی مرۆڤەکان، ژیانیان لە نێو سرووشتدا، سنووردارییەتی و گەمژەییان هاتوومەتەوە و هەروەک چۆن لەبارەی قارەمانە دلێرانەکانیانەوە دەڵێن ئاپۆلۆیش لە منی داوە.» (بەرگی پێنجەم، لاپەڕە ٣٢٧)
ڕووناکی، زیاد لە ڕادەبەدەر شاعیری کێشاوەتە نێو تاریکییەوە (و کوێری کردووە). ئایا دووبارە پێویست بە شاهیدی زیاتر هەیە تا بسەلمێنێت کە پیشەکەی بە ئامانج ترسناکە؟ چارەنووسی شاعیر، خۆی بەیانکەری هەموو شتێکە. ئەم پارچەیە لە شیعرەکەی هۆڵدرلین لە ناوی (ئەمپیدۆکلیس) بە باشی جەڕەسی مەترسی لێدەدات: «ئەو، ئەوەی کە ڕۆح قسەی تێدا دەکات، دەبێت زوو بەجێ بهێڵێت و بڕوات.» (بەرگی سێیەم، لاپەڕە ١٥٤)
لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا دووبارە شیعر (بێگەردترینی پیشەکان.) هۆڵدرلین لە نامەکەی خۆیدا، ئەم قسەیە تەنیا بۆ ئارامی و هێوری دایکی نانووسێت، بەڵکو لەبەر ئەوە دەینووسێت کە دەزانێت ئەم پەراوێزە بێگەردە هی جەوهەری شیعرە، هەروەک چۆن دۆڵ پەراوێزی کێوە، چونکە ئەگەر شاعیر لە ژیانی ڕۆژانەی «نەکەوتبایە دەرەوە» (ئەمپدۆکلیس، بەرگی سێیەم، لاپەڕی ١٩١) و لە «بەرامبەریدا» بە پیشە ڕووکارە بێ مەترسیەکەی ناپارێزرابا، چۆن دەیتوانی ئەم مەترسیدارترین پیشەیە درێژەی هەبێت و بمێنێتەوە؟
شیعر وەکو یاری وایە، بەڵام یاری نییە. لە ڕاستیدا یاری، مرۆڤەکان کۆ دەکاتەوە، بەڵام لە یاریدا مرۆڤەکان خۆیان لە بیر دەکەن. لە شیعردا، بە پێچەوانەی یارییەوە، مرۆڤ دووبارە لەگەڵ بنەڕەتی بوونی خۆی یەک دەگرێتەوە. لە شیعر، مرۆڤ بە ئارامی دەگات، نەک ئارامییەکی ڕووکارانە و خاڵی لە ئەندێشە، بەڵکو بەو ئاسایش و ئارامییە ڕەهایەی کە تیایدا هەموو هێزەکان چالاک و ئەفرێنەرن. (لە نامەی هۆڵدرلین بۆ براکەی، یەکەمی خاکەلێوەی ساڵی ١٧٩٩ی زایینی، بەرگی سێیەم بەرهەم، لاپەڕە ٣٦٨). شیعر دەرخەری خەیاڵ و ڕوانگەی ڕاستەقینەی هەستپێکراو و پڕجۆشە، ئەوەی کە دەیناسین و لە خۆمانی دەزانین. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پێچەوانەی ئەم ڕەفتارەیش دەتوانێت ڕاست بێت: ئەوەی کە شاعیر، بەیان و وەسفی دەکات، ڕاستەقینەیە. پانتە ئا، لە شوێنێک کە بە تێڕوانینێکی هاوڕێیانە لە بارەی (ئەمپیدۆکس)ـەوە قسە دەکات، دەڵێت: «ئەو وەهایە، وەک ژیانە، هەموو ئێمە خەیاڵی ئەوین.» (بەرگی سێیەم، لاپەڕە ٧٨)
کەواتە جەوهەری شیعر لە گشتییەتی ڕووکاری دەرەوەی خۆیدا ڕەوان و جێگیر دردەدەکەوێت. لە بنەڕەتدا کاری شیعر، پتەو و جێگیرکردنە و مەبەستیش لە پتەو و جێگیرکردن، هەر ئەو دامەزراندن و بناغەدارشتنەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هەر کارێکی سەرەتایی، بە بەخششێکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە و هەر لەو ڕاستیایەدایە کە هۆڵدرلین دەڵێت: «ڕێگە بدەن شاعیران وەکو پەڕەسێلکەکان ئازاد بن.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٦٨)، بەڵام ئەم ئازادییە

خواستێک نییە کە لە ڕووی هەوەس و هەرج و مەرجەوە بێت، بەڵکو ئەوپەڕی پێویستییە. ئەم کاری جێگیرکردنەی وجوود، وەکو هۆکارێکی دوو ڕەهەندی، بە سەر شیعرەوە دەبێتە چاودێر. بۆ پەیبردن بەم یاسا زاڵەی سەر شیعر، سەرەتا دەبێت درک بە گشت جەوهەرەکەی بکرێت. هۆنینەوەی شیعر، ناولێنانی بنەمایی خواکانە، بەڵام وشەی شاعیرانە تەنیا ئەو دەمە توانا و هێزی ناولێنانی دەست دەکەوێت کە خودی خواکان، ئێمەیان بە زمان و قسە هێنا. خواکان چلۆن قسە دەکەن؟ «و ئەو نیشانانەی کە ئێمە لە زەمەنی کۆن و ئەنتیکە لە بەر دەستماندان، زمانی خواکانە.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٣٥) کەلامی شاعیر بریتییە لە توانەوە و حەلبوون لە نێوان ئەم نیشانانە لە گواستنەوەیان بۆ خەڵکی خۆیان. مەبەست لە توانەوە، کارێکە کە لە گرتنی شتێک و هاوکاتیش بە دانەوە لەگەڵ ڕۆحەکەیدا کورت دەبێتەوە. شاعیر بۆ ئەوەی قسە لە بارەی ئەو شتەی کە هێشتا ڕووی نەداوە و نەبووەتە ڕاستی بکات، بە سەیرکردنی (نیشانە سەرەتاییەکان)، پەیامەکەی دەست دەکەوێت و دواتر ئەو شتەی کە بە ڕوانگەیەک و تێڕوانینێک بینیویەتی، بە ڕووخاندن و وێرانکردنێکی تەواو، بە وشەکانی خۆی بەیان و ڕاڤەی دەکاتەوە، کەواتە:

**«ڕۆحی شەڕەنگێز و گوێنەدەر، هەر وەک بازێک کە**
**لە تۆفاند پێشگۆیانە دەفڕێت**

بە ئاراستەی خوا بەرز و هێژاکانی دەچێتە پێشەوە.» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٣٥)

جێگیرکردنی (وجود) دەربەستە بە نیشانەکانی خواکانەوە و لە هەمان کاتیشدا وشەی شاعیرانە شتێک نییە جگە واتا و ڕوانگەیەک لە (دەنگی خەڵکی)، کاتێک هۆڵدرلین قسە لە بارەی گوتووبێژەوە دەکات، مەبەستی ئەو گوتووبێژەیە کە خەڵکی تیایدا بە بیر دەهێننەوە پەیوەستن بە هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە تا ئێستا هەبوونە، بەڵام زۆر جار ئەم دەنگە کپ و ماندوو دەبێ و خۆی لە خۆیدا لە بەیانکردنی حەقیقەت عاجز و ماندوو دەبێت و پێویستی بە کەسانێکە کە باس و ڕاڤەی دەکەن. شیعری (دەنگی خەڵکی) بە دوو گێڕانەوەی جیاواز گەیشتووەتە دەستی ئێمە. جیاوازی هەرە گەورەی ئەم دوو گێڕانەوەیە لە بەشی کۆتاییەکەیاندایە، بەڵام ئەم جیاوازییە بە شێوە و فۆڕمێکە کە تەواوکەری یەکترین. گێڕانەوەی یەکەمیان بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێت:

**«لەبەر عەشق و خۆشەویستی ئەو بوونەوەرە ئاسمانیانەیە کە ستایشیان دەکەم**
**چونکە بە هێواشی**
**دەنگی خەڵکی دەپارێزن،**
**لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەبەر خوا و مرۆڤەکانە کە**
**- ئەم ستایشە - هەمیشەیش شادیبەخش و ئارام نییە.»** (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٤١)

گێڕانەوەی دووەم بەم شێوەیەیە:
**بەڕاستی**
**گوتوبێژەکان چەندە باشن**
**چونکە بیرخەرەوەی ئەو (باڵایە)ن**
**بەڵام پێویست بە شتێکی دیکە دەکات**
**تا ئەو قسە پیرۆزانە شرۆڤە بکات.»** (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٤١)

بەم شێوەیە جەوهەری شیعر پەیوەستە بە یاساکانی نیشانەی خواکان و دەنگی خەڵکەوە: یاساگەلێک کە هەم مەیل و حەزێکیان بە یەکتری هەیە و هەم لە یەکتری ڕا دەکەن و شاعیر لە نێوان ئەم دووانەدا گیرۆدەیە، لە نێوان خواکان و خەڵکی. شاعیر کەسێکە کە کەوتووەتە دەرەوە: «لەنێوان» ئەو دووانەدا، خواکان و مرۆڤەکان، بەڵام تەنیا ـ و بۆ یەکەم جار ـ لەم «نێوەند»ەدایە کە چارەنووسی مرۆڤ دەردەکەوێت، شوێنگەی دیاری دەکەوێت و بوونی جێگیر دەبێت.

«مرۆڤ شاعیرانە لە سەر ئەم زەوییە ژیان بە سەر دەبات».

هۆڵدرلین، بێ وەستان و پتەوتر لە هەموو کات، لە نێو وێناکانی شیعرێک کە لە هەموو لایەکەوە دەورەی ئەوی داوە، دەوەستێت و بە سادەیی تەواوە، زمانی شیعری خۆی دەخاتە خزمەت ئەم پانتاییە نێوەندییەوە و ئەمەیش وامان لێ دەکات بە شاعیری شاعیرانی ناو ببەین. ئایا شیعرەکانی هۆڵدرلین وامان لێ ناکەن بە شاعیرێکی هەژمار بکەین کە بە توانای تەواویەوە بە تێهزرینی شاعیرانەیەوە پێ دەخاتە سەر پێکهاتە و دڵی بوونەوە؟ لە ڕاستیدا ئەم گوتەیەی هۆڵدرلین لەبارەی (ئۆدیب)ـەوە بە سەر خۆشیدا وەڕاست دەگەڕێت کە دەڵێت (لە یەکێک لە دواهەمین شیعرەکانی کە بە «لە شینیەتی ئاسماندا گوڵ دەر دەکات..» دەست پێ دەکات:

«ئۆدیب شا، چاوێکی هەیە
و ڕەنگە چاوگەلی زۆریش.» (بەرگی شەشەم، لاپەڕە ٢٦)

هۆڵدرلین لەبارەی جەوهەری شیعرەوە، شیعر دەهۆنێتەوە، بەڵام شیعرەکانی واتایەکی بێ زمانییان نییە. جەوهەری شیعری ئەو، پەیوەستن بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵام زمانی ئەو لەگەڵ زمانی گشتی جیاوازی هەیە، واتە لەگەڵ ئەو زمانەی کە بەر لە بوون هەبووە. هۆڵدرلین، بە کاری جێگیرکردنی جەوهەری شیعری، یەکەمین زمانی نوێ پێشبینی و بنیات دەنێت. ئەم زمانە نوێیە، زمانی ئەو خوایانەیە کە هەڵاتوون «و» خوایەکە کە خەریکە دێت. ئەم زمانە، زمانی «پێویستی»ـیە، چونکە تووشی لەدەستدانێکی دووڕەهەندی و «نا ـ not «یەکی دووڕەهەندییە: (نا، دیکە ـ no، more) ـ ی خواگەلێک کە هەڵاتوون و (نا، هێشتا ـ not yet ،) ـ ی خوایەک کە خەریکە دێت.

جەوهەری شیعرێک کە هۆڵدرلین بنیانی دەنێت، لە باڵاترین پلەی خودی مێژوودایە، چونکە زەمەن و بەروارێکی مێژوویی پێشبینی دەکات، بەڵام هەر ئەم جەوهەری مێژووییە تاقانەیە، جەوهەری بنچینەیی شیعرە.

زمان محتاجە و شاعیری سەردەمیش لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند. شاعیر هێندە دەوڵەمەندە کە زۆر جار حەزی لەوەیە بە دەر لە هەر شوێنێک، خۆی لە ئەندێشەی کەسانێک کە پێش لەو بوونە، بسوێت و بە حەز و مەیلەوە چاوەڕوانی هاتنی ئەندێشە نوێیەکان بێت و حەزی لەوەیە کە تەنیا لەم فەزا ڕەبە ڕووکار خاڵییەدا بخەوێت، بەڵام ئەو لە «هیچ ـ nothing »ی ئەو شەوی ماڵە، هەڵاتووە. لە کاتێکدا بێ کەس و تەنیا و دواجار جیا لە بنەڕەتی خۆی بە تەنیا ماوەتەوە، لەبەر هۆکارێک لە حەقیقەت بەڵام تەواو ڕاستەقینە بۆ خەڵکی خۆی بەرهەڤ دەکات. حەوتەمین بەشی میراتی «نان و شەراب» (بەرگی چوارەم، لاپەڕە ١٢٣) هۆڵدرلین هەر لەم بارەوەیە. ئەوی کە ئێمە تا ئێستا بە شێوەیەکی فەلسەفی باسمان لێوە کرد، هۆڵدرلین بە شیعرێک ڕاڤە و خستووەتییە ڕوو:

**«بەڵام ئەی هاوڕێ! ئێمە زۆر درەنگ هاتووین.**
**راستە کە خواکان زیندوون، بەڵام**
**بەسەر سەرمانەوە، لە دنیایەکی دیکە،**
**خواکان نهۆیش سەرقاڵن**
**و وەک بڵەی بەهایەک لە بۆ ئێمە دانانێن**
**ئەو بوونەوەرە ئاسمانییانە هێندە تووشبوونە کە لە کۆتی زیندوومانەوەی ئێمەدا نین**
**چونکە ئیلهامگرتووی پیر، هەموودەم ناتوانن پەیامەکەیان وەربگرن.**
**تەنیا هەندێ جار مرۆڤ دەتوانێت مەزنیەتی خواکەی تەحەمول بکات**
**ژیان خەیاڵی ئەمانەیە**
**بەڵام شێتایەتی یارمەتی دەدات: هەر وەک ئەو خەوەی کە جێگیری و پتەوی بە پێویستی و شەو دەبەخشێت**
**تا قارەمانان هێندەی کە دەبێت لە لانکی ئاسنیندا گەشە بکەن**
**بە دڵەوە، هەروەک ڕابردوو**
**خۆیان بخەنە خزمەت ئەوانەی کە لە ئاسمانن و حوکمگێڕن**
**ئەوان گورجوگۆڵ دێن**
**بەڵام لەو نێوەندەدا**
**خەو خۆشتر دەنوێنێ تا وەها تەنیا و بێ هاوڕێ و کەس بەسەربردن**
**و بەم شێوەیە چاوەڕوانی**
**و من نازانم لەم نێوەندەدا دەبێت چ بکرێت و چ بگوترێت**
**و شاعیران لە زەمەندا بە کەڵکی چ دێن؟**
**کەوایە بزانە، شاعیران لەو کەشیشانە دەچن**
**کە دەست بە شەرابی پیرۆزەوە**
**لە شەوێکی پیرۆزدا لە سەرزەوینێکەوە بۆ سەرزەوینێکی دیکە دەچن.»**

* دەشکرێت لە جیاتی بێگەردترین، دەستەواژەی (بێگوناهترین) دابنێین کە لە جەوهەردا

هەردووکیان مەبەستەکەی خۆیان دەگەیەنن.
** لە هەندێک وشەدا، سێ پیتی (یـ) هەیە کە بەلای زۆرێکەوە هەڵەیە و لە زمانی کوردیدا شتی وا نابێت، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەکرێت وەها بێت، وەک وشەی (داراییەکی) بەکار هاتووە کە بەم شێوەیەیە و خراوەتە سەر یەکتری: (دارایی + یەکی= داراییەکی)

## تێبینی:

Martin Heidegger, «Holderlin and the essence of poetry», Pointe .١٩٥٦ , Existenec and Being, Vision Press, London

## سەرچاوە:

گاهنامەی کتاب شعر٢ ـ ١٣٧٣ ـ ئیسفەهان/ بە چاودێری مەحمود نیکبەخت
(aspx.٧٠٨-khovarnagh.blogfa.com/post)

# توندوتیژی لە دووتوێی ئەدەب و هونەردا

## لە عەربییەوە: عوسمانی شێخ محیدین

**(ئەوەی قەڵەمەکان دەینوسن .. تەورەکان، ناتوانن بیسڕنەوە)**
**پەندێکی رووسی.**

زۆر جار لە رووی فەرهەنگییەوە دەگوترێ: لەگەڵی توند بوو، بە زەبر و زەنگ بوو، بەزەیی پیا نەهاتەوە، ئەو شەڕەنگێزە. ئەگەر توندوتیژی زمانێک بێت، دژی میهرەبانی و بەزەیی، یا دژی نەرمی و نیانی , ئەوە توندوتیژی لە مێژە هاوەڵیی کاروانی مرۆڤە سەرەتاییەکانی کردوە، لەو کاتەوەی قابیل، هابیلی برای کوشت، تا ئەم ساتەوەختە چەندین شێوە و بیچمی جیاجیای وەرگرتوە، بە خاتری ئەوەی قوتابخانەیەکی تەواو پێگەیشتوو لە توندوتیژی بوونیاد بنێ، چونکە توندوتیژی رەگوڕیشەی لە نێو ئەدەب و هونەردا، دوورنمدا رۆچووە، بە جۆرێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنە و نیگار و تێکستە سەرەتاییانەی قەد دیواری ناو ئەشکەوت و مەغارەکان، کە مرۆڤی سەرەتایی کێشاونی، رووبەڕووی دەبوونەوە، تا ببێتە تۆمارێکی رۆژانە، وەک سەرچاوەیەک نەتوانرێ دەستبەرداری ببن.

شکڵی توندوتیژی لەدەرگیری توندوتیژی هاودژدا دەستپێکرد بۆ خۆپارستن لە هۆکارەکانی سروشت، تا لە شێوەدارشتنەوەی تەرجمەکەیدا زیاتر مەترسیدارتر بێ و بوارەکەشی هەر

خودی مرۆڤ بێ. له میانەی توندتیژی و توندتیژی هاودژ چەند شکڵێکی دی وەرگرتوە. ئەگەر چی له ناوەڕۆکدا لای داهێنەر، جا ئەگەر نووسەر بێ، یا شاعیر، یا هونەرمەند، دوو جۆری لێ بەرجەستە دەبێ: یەکەمی ئەم دوو جۆرە لە پەیوەندی لە گەڵ توندوتیژیدا دەر دەکەوێ، جا ئایا تەبەنی دەکا .. یانا ؟ بۆیە بەرهەمی داهێنانی هونەریی، لای داهێنەر تا ئەو ئاستەیە تا هەندێ توندوتیژی ناوەکیانە بسەپێنێ، ئەگەر خۆی لەهەر دوو جۆری، ئەرێنی و ئەوەی دیکەیان نەرێنی بدۆزێتەوە، کە ڕەنگە لە ئەرێنیێەکە نزیکتر بێ، وەک دەرەنجامێک لەوەی داهێنەر دەتوانێ بەسەر توندوتیژیدا زاڵ بێ، ئەوسا کە دەیەوێ وەک کەرەستەیەک لەمیانەی شێوازی داهێنەرانەدا پێشکەشی بکات. تا بگاتە دەستی (متلقی) وەرگر ، ئەو بە شێوەیەک بینرخێنێت، بەڵام لایەنە نەرێنیەکەی دەمانخاتە بەردەم حاڵەتێکی ترسناکەوە، چونکە داهێنەر لە گەڵ ئەم دەستەواژەیە مامەڵە ئەکا، ولەوانەیە خۆیشی تووشی پەتاکە ببێ، لەکاتێکدا ئەو لە هەمبەر گوزارشتکردنەکەیەتی، تا هەڵوێستێکی مۆڕاڵی لەبارییەوە وەرگرێ، خۆ ئەگەر لە بنەڕەتەوە تووشی ڤایرۆسی توندوتیژی نەبووبێ بۆ کرداری مامەڵەکردن لە گەڵ داهێناندا، دەشێ ئەوە پێش وەختبێ ، و ببێتە چەترێک بۆ بەشێکی سەرەکی پێکهاتە رۆشنبیرییەکەیدا. هەروەها جۆری دووەمی (توندوتیژی واقیعە)، کە ئەو توندوتیژییە هەموو جۆرەکانی توندوتیژییە دیاروباوەکان دەخاتە نێو چوارچێوەی خۆیەوە، هەر لە توندوتیژی خێزانییەوە بگرە تا توندوتیژی ستەمکاری دەسەڵات و دواجار بە جەنگەکان کۆتایی دێت.

لە ڕاستیشدا توندوتیژی لە سەرەتای بەرجەستەبوونییەوە لە ڕێگەی خوێنڕشتن و کوشتنی رۆحەکاندا، هاودەم لەگەڵ چرکەکانی زەمەند گەشەدەکا، وەکی تۆپەڵە بەفرێکی گلۆربووەوە، تا ئەو ساتەی پلەپلە ببێتە جیهانێکی تەواو کامڵ و زمانی خۆی هەبێ، جا ئەگەر چ لە رێی سینەما بێ، یا لە رێی شاشەیەکی بچووکەوە کە منداڵ لە قۆناغی دامەزراندنی خوێندندا، لە بەردەمیدا کات بەسەر دەبا، بە جۆرێ زیاتر لە ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی، کە لە خوێندنگەکەی بەسەری دەبا، ئەمەش بۆ وەرگرتنی رۆشنبیری توندوتیژی، و هۆکار و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی، ئاماژەیەکی فرە مەترسیدارە.

**ئەگەر تابلۆی «جێرنیکا» کە وێنای قێزەونی شەڕی ئیسپانی ١٩٧٣ کێشا ، ئەم تابلۆیە هاوارێکە لە رووی توندوتیژی، دوای تەواوکردنی تابلۆکە کاتێک خەڵکانێک دابویان بەسەر ماڵەکەیدا و پرسیار لە خاوەنەکەی(پاپلۆ پیکاسۆ ١٨٨١-١٩٧٣) کرا، ، وتیان ئایا تۆ کێشاوتە؟ وەڵامی دانەوە: بەڵکو ئێوە کێشاوتانە**

ئەوەی کە «سیگمۆند فرۆید» ئاماژەی بۆ کردوە: پێدەچێ ئەم حاڵەتە ببێتە رەفتارێکی بنج داکوتاو، بە هۆی گۆشەگیرییەوە، ئەگەری بەرهەمهێنانی (شەڕەنگێزی) لێدەکرێ، و دواجار لە بەرامبەر هاوتەمەنی خۆیدا هەستی حەزکردن بۆ مومارەسەکردنی دەبزوێت، ئەوەش بە هۆی هۆکارگەلێکی دیاریکراو کە دەشێ مومارەسە بکرێ تا دەگاتە ئەوەی پێی دەڵێن: سادی یا مازوکی.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە داهێنەران چەپۆک و لێدانی توندوتیژییان مومارەسەکردوە، جا ئەگەر لە گەڵ خودی خۆیاندا بێ یا لەگەڵ خەڵکانی تر، رەنگە حاڵەتەکانی خۆکوشتن کە زۆرێک ئەنجامیان داوە، یەکێک بێت لەو دەرکەوتانە، ئەمە جگە لەوەی گوتارەکانیان دەشێ لە رێی ورووژاندن وئسیتفزازکردنی (متلقی ـ وەرگر )وە توندوتیژییان لە ملدا بێت ، و لە میانەی ناوەڕۆکەکانیانەوە هەڵگری توندوتیژی بن، یاخود لە رێی دەلالەتەکانیانەوە (هێماکانیانەوە)، و پیرۆزکردنی توندوتیژی و خۆهەڵکێشان پێوەی، لە ئاست ئەوی تر. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لە رووی بە پیرۆزکردنی توندوتیژی بوەستینەوە.

ئەگەر تابلۆی «جێرنیکا» کە وێنای قێزەونی شەڕی ئیسپانی ١٩٧٣ کێشا، ئەم تابلۆیە هاوارێکە لە رووی توندوتیژی، دوای تەواوکردنی تابلۆکە کاتێک خەڵکانێک دابویان بەسەر ماڵەکەیدا و پرسیار لە خاوەنەکەی(پاپلۆ پیکاسۆ ١٨٨١-١٩٧٣) کرا، ، وتیان ئایا تۆ کێشاوتە؟ وەڵامی دانەوە: بەڵکو ئێوە کێشاوتانە. هونەری تەشکیلی (شێوەکاری) جا ئەگەر تەندار و دەرپەڕیو بێ یا تەخت و ساف، هونەری نیگارکێشان، هونەرێکە دەتوانێ توندوتیژی بخاتە ژێر چاودێرییەوە، لەوێنا بالاکەیدا شان بەشانی هونەر و ئەدەبەکانی تر، لەوانەش سینەما و بگرە تەنانەت شان بەشانی راگەیاندن کە رەنگە رۆڵی خۆی لە ئامادەکردنی هەواڵەکانی توندوتیژی ببەزێنێت، تا ئاوێزانی هونەرەکانی دیکە بێت، لە ناویاندا شانۆگەری کە خەریکە مەرجە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی قەڵەمباز دەکا، بە جۆرێک (سینۆگرافیا)یش تێدا وەکو سینەما لە بەرجەستەبوونی دیمەنەکانی توندوتیژی کوتوپڕ «بروسکە ئاسا» رۆڵ دەبینێ.

تاهیر عەلوان پێیوایە: رازاندنەوە و داڕشتنی راگەیاندن بۆ گووتاری توندوتیژی سینەما بە پاڵپشتی سێ کۆڵەکەیە، ئەوانیش: تاوانبار- قوربانی ـ لێکۆڵەر، ئەمە لە پشت بڵاوبوونەوەی فیلمە پۆلیسی و هەواڵگرییەکانەوە بووە، لێکۆڵەری نهێنی، و زیندان، و پیاوانی باندەکان، هەروەها ئەم سینەمایە دەس بەرداری خەسڵەتەکانی توندوتیژی نابێ، وێڕای هاتنی یەک لە دوای یەکی قوتابخانە تازەکانی ئەم جۆرە سینەمایە.

لێرەدا، ئێمە دەگەیتە ئەوەی ناوی لێ بنێین (شەیدابوون بە توندوتیژی) بە پێی قسەی «ئۆلا گوسمان» دوور مەوداتر رۆیشت تا باسی شەرەنگێزی و دوژمنکارانەی شارستانییەت باک، هەروەک بەو پێودانگەش لە لایەن «هانتینگتۆن»وە بۆ ململانێی شارستانییەتەکان بەرجەستەبوو، لە رۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆریۆل کە لە ساڵی ١٩٤٩ نووسی، تێیدا پێشبینی هەژموونگەری و باڵادەستی ستەمکاری کردبوو، بەڵام لە گەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی

پەیوەندییەکان توندوتیژی گەیشتە ترۆپک، ئەوەش دوای ساڵی ١٩٦٨ کە بووە کاروبارێکی جیهانی، و خەریکە بچێتە هەموو ماڵێکەوە تا ببێتە پەنچەرەیەکی دیکە و بکەوێتە سەرساباتی توندوتیژیی، یا ببێتە بناغەیەک بۆی و لەوانەشە ببێتە هۆکارێ بۆ مومارەسەکردنی.
ئەگەر د. ملازم کراسنچی لە پەرتووکەکەی «توندوتیژی وشارستانییەت» ئەوەی بینی بێ، بە پێی وتارکەی «جواد شقوری» بە ناونیشانی «توندوتیژی لە کەرەستەکانی شارستانی رۆژئاوا»دا کە راڤەکارییەکە، و پێیوایە داریۆنیزم لە رووی ئایدیالۆژییەوە بناغەیەکی مەترسیدار، بۆ قڕکردنی خەڵک و گەلان پێشکەش دەکا، بەم پێودانگە دەکرێ داستانەکان لە پێشەوەیان «ئودیسا و ئەلیازە»، بە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی توندوتیژی دابنرێن، کراسنچی نووسەر پێیوایە ئەم دوو داستانە ئەگەرچی وەکو هەوێنی هەموو ئەدەبیاتی ئەوروپا ماونەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بابەتەکانی جەنگ و ئەدەبییان تۆشیوە. هەروەها ئەوە دەهێنێ قسە لەسەر وەرگێڕانی «ماڵتۆسیەت» بکەین، لە چاپە تازەکەیدا، نزیکەی دەیەک دەبوو، نوێنەرەکانی رایانگەیاند: لە کۆی شەش ملیارد کەس مرۆڤ (ئەو کاتە) تەنها دووملیار کەس پێویستە بژین و بمێننەوە، ئەوانیش خاوەن تایبەتمەندی و کەفائەتی دیاریکراو بن، لە هەمانکاتدا ئەمانە باوەڕیان وایە زەرور نییە چوارملیارەکەی تر بژین، نەخشەی بڵاوبونەوەی ئەم تیۆرە بۆ بەرپاکردنی جەنگ و شەڕوشۆڕ بوو، ئەوەش لە پشتگیری و پاڵپشتیکردنی رژێمە دیکتاتۆرەکان رەنگی دایەوە، لە پێناو بەردەوامبوون لە سەرکوتکردنی گەلەکانیان، و بێ دەنگبوون لە پێشێلکارییەکانیان، و گرەوکردن لەسەریان تا دوا هەناسە، ئەمە وای کرد دیکتاتۆرەکان بۆ درێژەپێدانی شەرعیەتیان بناغەی پۆڵایین داکوتن، لە رێگەی پاشکۆیەتیان بۆ لایەنی دەرەکی، نەک بۆ خەڵک و نیشتمانەکەیان، نەک بۆ مەنزمەیەکی مرۆیی و مۆراڵی، ئەمە وامان لێدەکات دەرگیری یەک بین رووباری خوێن برێژین، هەروەها شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی شایەدحاڵی دیمەنەکانی توندوتیژیین، وەک چۆن لە هەندێ حاڵەتدا خاوخلیسکی و سستییەکی سەیر بەدی دەکرێ، لە بەرامبەر تاوانباردژی قوربانی.
مادامێک هەردوو داستانی (ئۆدیسا و ئەلیازە) وەک نموونە بەرجەستەی توندوتیژی دەکەن، ئەوە ئەدەبە لە هەڵوەستەکردنی لە هەمبەر ئەم دوو داستانە هێشتا نەگیرساوەتەوە، «نەعیم شەریف» پێیوایە توندوتیژی لەکار گەلێکی زۆری وەک «الدیکامرون»ی بۆکاشیۆ و «روبنسون کرۆزۆ»ی دانیال دیفۆ، بەرجەستە دەبێت تا دەگاتە کارە ئەدەبیەکانی دیکە، هەروەها وای دەبینێت یەقینی یەکەم کە خوێندنەوەی هەزارویەک شەوە دەیبەخشێت، ئەوەیە کە دەچێتەوە سەر توندوتیژی، لەوش بترازێ توندوتیژی بزوێنەری پرۆسەی گێڕانەوەکەیەتی یا ئەوەی پێدەڵێن «میکانیزمی گێڕانەوە»، چونکە دەستپێکی هەر شەوێک بە کردەوەیەکی توندوتیژانە (کوشتن) کۆتایی پێدەهات، بە کوشتنی کچانی پاکیزەیی کە چارەنووس راپێچی کۆشکی شەهریاری دەکردن، شازادە «الموتور» کە کەوتبووە ژێر رکێفی ئەندێشەی خیانەتی هاوسەرێتیەوە، رەنگە شەهرەزاد تەنها کەس بووبێت لە هەرزاویەک شەوە، لە ژێر ناوی

گێڕانەوە (حیکایەت خوانی) کردەوەی توندوتیژی (کوشتنی)ی دواخستبێت. پڕەنسیپی شەهریار لەهەزرا و یەک شەوە، ئەوەیە (چیرۆکەکە بگێڕەوە ئەگینا دەتکوژم)، رەنگە درندایەتی تاوان لە ئەدەبدا، لە وێناکردنی «راسکو لینکۆف پاڵەوانی «تاوان وسزا»رەنگبداتەوە، بە دانانی پلاندانان بۆ کردەی تاوانکاری، دوای ئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیک دایدەڕشت، بە باوەڕی خۆی هەڵەکانی واقیع راست دەکاتەوە، چونکە پیرێژنە دەوڵەمەندە رەزیلەکە شایانی ژیان کردن نییە، ئەو وەک پەڵەی شەرمەزاری وایە بە تەوێڵی ژیانەوە، هەروەها لەمیانەی وێناکردنی تابلۆی «دوریان گرای»ی ئۆسکار وایڵد، جۆرە جەختکردنەوەیەک بەدی دەکرێ کە: (هونەر تەنها بۆ هونەرە)، و هیچ پەیوەندیەکی بە گۆڕانە سلوکی و کۆمەڵایەتییەکانی تاکەوە نییە، کاتێک «دووری» هەوڵ دەدا تابلۆ زەردەخەنەکەی پارچە پارچە بکا، ئەو بەمکارە و بە ئاڕاستەیەکی کاریگەرانە جەستەی هەنجن هەنجن دەکا، نەک وێنەکەی. بەڵکو وێنەی هاوشێوە یا هاوتای توندوتیژی، لە توقوسە تاریکەکانی «کۆڵن وڵسن»، زیاتر روون دەبێتەوە کە یەکێک لە کەسایەتیەکانی رۆمانەکەی، سەرکێشی دەکاو بە ئوتۆمبێلەکەی خەڵک دەشێلێت و دەیانکات بە ژێرەوە، کاتێ پرسیاری هۆکاری ئەم کارەی لێدەکەن دەڵێ: ئەوانە خەڵکی زیادەن و کەس پێویستی پێیان نییە...!، هەروەها نموونەکان تەنها لەم کەوشەنە لە دونیای ئەدەبدا ناوەستنەوە، بەڵکو توندوتیژی دەزێ تا شیعر و رۆمان و چیرۆک و گووتاریش بگرێتەوە، جگە لە هەژموونی لە سەر هونەرەکانی دیکە، هەروەها ئەوەی ئێستە پەیڕەودەکرێ، بریتییە لە توندوتیژیەکی ئامادەکراو رێکخراو، لە لایەن هەندێ لە رژێمە خوێنڕێژەکانەوە دەرهەق بە خەباتگێڕانی مەدەنی و سڤیل، بە تایبەت لە شۆڕشە میللیە گڵپەسەندوەکاندا، وە جارێکی دی خۆی تۆمار دەکاتەوە، مادامێک لە کرۆک و گەوهەریدا نۆبەرەی ئەم جۆرە شۆڕشانە هەڵدەگرێ، تا پانتایەک لە نێوان دوو قۆناغدا جێ بهێڵێ: قۆناغی سەرکردەی تاک و یەککەس، و قۆناغی دەوڵەتی دامەزراوەکان، و ئەگەر ئەم سەرکردە تاکڕەوە خۆی و دەست و پێوەندەکەی بە تەنگی هیچ درێیەکەوە نەیەن، کە لەپێناوپاراستنی کورسی ستەمکاری ئەنجامی دەدەن، لە هەبوونی راگەیاندنێکی ساختەکاردا بارەکە دژوارتر دەبێت، کاتێ جەلاد دەکات بە قوربانی، وقوربانیش دەکات بە جەلاد.

**توندوتیژی لە کارگەلێکی شاعیرەکانی سەدەی بیستەم بووەتە واقیعێک و ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێ، رەخنەگران لە مەڕ وێنەی ناوەندگیری (سەنتەریاڵیزم)ی شیعرەکانی «هارت کرین»وە سەرنجیان داوە، کە وێنەی کاولکاریەکی سەراپاگیرە و لە رێگەیەوە گوزارشت لە رەتکردنەوەی جیهانێک دەکا، کە بە دەست بۆشایی و کەموکوڕی ئەخلاقی کوشندەوە دەناڵێنێ**

ئیرادەی گڵپەسەندوو، کە پشکۆکانی دەگەڕێتەوە بۆ جوانمەردی گەنجەکان و ئەگەرچی مەشخەڵەکەی بە جەستەی مرۆڤ داگیرساوە، کە لە رووی ستەم راپەڕیوە، وەکی ئەوەی «بوعزێزی» ئەنجامی دا، ئەگەرچی یەکێکە لە شێوازەکانی توندوتیژی دەرهەق بە خود، لەبری دوورخستنەوەی توندوتیژیەکی گشتگیری رۆژانە، کە بووە مایەی فەراهەم بوونی فەزایەکی ئازاد و بەرفراوان ، هاوشان لە تەک لەدایکبوونی فەزاگەلێکی تێکئالاوی هاوشێوە کە روویانداوە، یا روو دەدەن، ئەمەش پێویستی بە راگوزەرێکی دیکەیە لە ئەدەب، تا خواوەندی توندوتیژی سەرکۆنە بکا، و ئیرادەی گەنجانیش چاودێری بکا، کە هەتا بەهاری خۆی لە نێو چنگەکانی توندوتیژی راستەقینە بچنێتەوە، و شێوە تازەکانی بکێشێت.

رادەی بە کارهێنانی کەرەسەکانی توندوتیژی گەیشتۆتە دواترۆپک، بە جۆرێ جێی سەرسوڕمان و باوەڕنەکردنە، بە تایبەت ئەوەی لە ئەشکەنجەدان دەیبینین، بۆ نمونە ـ دەرهەق بە منداڵ تا ئاستی مردن و بڕینی کۆئەندامی نێرینە، کە کارێکی ئەوپەڕی قێزەون و شەرمەزارییە، هەندێک پێیانوایە بوونەوەری مرۆیی لە گەڵ ئاژەڵدا بە توانای زمان پاراوی و گەیاندن لە لەزەتو خۆشییەکانی جیادەکرێتەوە، ئەو سنوورەدەبەزێنێ، کە ژیانی سروشتی نموونەیی بۆی دەیکێشێت، ئەو دەڵەشێرەی کە توندوتیژی لە بەرامبەر کارمامزەکە مومارەسە دەکا و دەیگرێت لەوێدا بە مانای کردەی کوشتن ئەنجام نادات، بەقەد ئەوەی بەشی خۆی و بێچووەکانی خۆراکی چنگ دەکەوێ، هەروەها لەزەت و حەزی سێکسی لای ئاژەڵ بە پێی داکەوتنی وەرزیی سنووردارە، بەڵام مرۆڤ لەم کۆتوبەندە ئازادە و ئەوەی لای ئاژەڵ هەیە بریتییە لە غەریزەیەکی پەنگخواردوو و دەوستێتە سەر جموجۆڵە سەربەستانەی، بەڵام سەبارەت مرۆڤ، ئەگەر زیادڕۆیی و ئیدمانی لە مادەگازەمەنییەکان یاخود مادە هۆشبەرەکان کرد لەم حاڵەتەدا رەنگە خۆی بە داودەرمان ئالودە بکا، هەروەک دەتوانێ لە توندتیژیدا خۆشی و سەرگەرمی وەرگرێ تا ئەوەی بۆ مانەوە و گەشەکردن و نەشونومای پێویستە ببەزێنێ.

د.زیاد حەکیم پێیوایە: توندوتیژی لە کارگەلێکی شاعیرەکانی سەدەی بیستەم بووەتە واقیعێک و ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێ، رەخنەگران لە مەڕ وێنەی ناوەندگیری (سەنتەریالیزم) ی شیعرەکانی «هارت کرین»وە سەرنجیان داوە، کە وێنەی کاولکاریەکی سەراپاگیرە و لە رێگەیەوە گوزارشت لە رەتکردنەوەی جیهانێک دەکا، کە بە دەست بۆشایی و کەموکوڕی ئەخلاقی کوشندەوە دەناڵێنێ. هەروەها لە شیعرەکانی (سیلیفیا بلات وجۆن وین)، هەوڵەکانیان کە بە ئامانجی ناسینی هۆکارەکانی توندوتیژی و دەرەنجامەکانی بوو، تا بووە مایەی شۆڕشێک لە توڕەیی و نائومێدی وشکست، و دواجار خۆکوشتن.

رەخنەگران دان بەوەدا دەنێن کە شاعیرەکانی دوای جەنگ، بەرپرسیارێتی دیراسەکردنی توندونیژی دەکەوێتە ئەستۆیان، بۆ ناساندی سروشتی توندوتیژی، بە جۆرێک بتوانرێ لە ئایندەدا خۆپارێزی لێبکرێ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا برێک لە شاعیران توندوتیژی بە سەرچاوەی داهێنان و گۆڕان دادەنێن، ئەوان پێیانوایە لە خۆڵەمێشی ئەو کاولکارییەی کە توندوتیژی

خستوێتیەوە، ئەفراندنێکی بێگەرد و پاکژ و نوێیان دۆزیوەتەوە، هەروەک ئەمە ئەو بیروڕایەیە کە «ولیام بتڵەر بیتس» لە قەسیدەکەی « جەژنی فەسحی ١٩١٦»دا گوزارشتی لێکرد، و تێیدا لە دایکبوونی «جوانیەکی تۆقێنەر»، لە مناڵدانی ململانێی بەردەوام وخوێناویدا وێنا دەکا.

## سەرچاوەکان:


١. جذور العنف ـ مقاربه تحليليه نفسيه ـ ديمترى افيرينوس

٢. الفن والعنف ـ محمود شاهين

٣. توحش المجتمع ام ان العنف جزو من ح×ارتنا- ئولا غوسمان ـ ترجمه سامر جميل ر×وان

٤. العنف فى الآدب الانسانى او لغتنا الدائمه ـ نعيم ابو شرى

٥. الملحق الثقافى لجريده الخليج ـ السبت ٢٠١١/٦/١٨

٦. www.ar.soparo.com

# کانت و خودئاگایی

## وتاری «رۆبێرت هاول» پرۆفیسۆری ئەمریکایی سەبارەت بە کانت

### لە فارسییەوە: سیما چۆمانی

پرۆفیسۆر د. «رۆبێرت هاول» پسپۆڕ و مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی نیۆیۆرک و دکتۆرایەکەی لە زانکۆی میشیگان وەرگرتووە و سەرجەم توێژینەوە و بەرنامەکانی خۆی لەسەر مێژووی فەلسەفەی نوێ بە تایبەتی کانت، شیکردنەوەی میتافیزیکی و جوانناسی تەرخان کردووە. هاول گرنگی بەم پرسیارانە دەدات کە دەربارەی ڕاڤەکردن و گەڕانەوە و ئەو دیاردە بەرچاوانەی لە هونەری فەلسەفەدا گرنگی پێ دەدرێت. هاول چەندین نامە و وتاری لە بواری فەلسفەدا بڵاوکردووەتەوە.

ناسراوترین کتێبی هاول کە لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوی کردووەتەوە بەناوی «پێوانەکانی بڵند خوزای کانت»ە. بابەتی وتارەکەی هاول لە ئەنجومەنی زانست و فەلسەفەی ئێران بە پێناسەی زانیاری لە دیدی کانتەوە دەخاتەڕوو .لەم چوارچێوەیەدا بیردۆزی ناسین، دوو جۆرە:

١. گەواهی (Intuition)

٢. زانیاری (Knowledge)

زانیاری واتا ناسینی شتەکان بەهۆی سازکردنی ریزبەندییەکان، بەڵام گەواهی لە دوو ڕێگاوە، واتا لە ڕێگای هەستیاری هەستۆکی یان لە ڕێگای هەستی دەروونی دروست دەبێت و لەم

حاڵەتەشدا گەواهی واتا ناسینی شتێکی تایبەتی. کاتێک من شتێک دەنووسم لەکوێوە دەزانم کە «من» دەینووسم. بۆ زانینی ئەوە منم کە لە دۆخی نووسیندام کۆبەندی لایەنی خودی ئاگاییە. «کانت لە رێگای ئاماژە»وە من وابیر دەکەمەوە و بە گرنگیدان بە خودی «من» لە ڕستەیەدا مەبەستی گرتنە خۆی خودی ئاگاییە. دواتر د. هاول لە رێگەی ئاماژەی «من بیر دەکەمەوە» دەستی کرد بە شیکردنەوەی خودی ئاگایی وەکو شتێکی جیاواز لە ئایدیالیزم گێڕانەوە و مەبەستی سەرەکی ئەم باسە لە دە بنەمادا ڕێکدەخات:

١. کاتێک دەمانەوێ شتێک بناسین کرداری «من بیر دەکەمەوە» ڕوودەدات، لە راستیدا « من بیر دەکەمەوە» کرداری بیرکردنەوەیە کەلەخۆیەوە ڕوودەدات و دەتوانێت لەگەڵ گشت راڤەکردنەکانی ئێمە تێکەڵ بکرێت.

٢. بیردەکەمەوە راڤەکردنێکی ئاساییە. کەواتە من بیردەکەمەوە راڤەکردنێکی تەواو بێ ناوەڕۆکە و تەنانەت تێگەیشتنی نییە، بەڵکو تەنیا ئاگاییەکی بەتاڵە کە ئاوێتەیە بەچەمک ومانای ترە.

٣. «من بیر دەکەمەوە» شتێک سەبارەت بە تایبەتمەندی یان ناوەڕۆکی خودی «من» دەرناخات و سەبارەت بەوەیکە رەنگە «من» لە خۆیدا هەبێت هیچ گفتوگۆیەک هەڵناگرێت.

٤. کەواتە ئەگەر «من بیر دەکەمەوە» هیچ تایبەتمەندییەکی من دەرناخات، بۆیە «من بیر دەکەمەوە» بوونێک نیشان دەدات.

٥. چونکە «من بیر دەکەمەوە» پێویستی بە بەڵگە نییە، بۆیە ئەو بوونەی کە دەردەخات هیچ ئاماژەیەکی لە تاقی کردنەوەی ئێمە نییە. لەراستیدا « من» لە گشت بیرکردنەوەکاندا هەیە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نییە کە لەلایەنەکانی تر جیای بکاتەوە.

٦. بە پێی بڕگەکانی ٢ و ٣ و ٥ بێت ئێمە لە رێگای «من بیر دەکەمەوە» هیچ زانیارییەک سەبارەت بە کەسایەتی یان دەست نیشان کردنی دۆخەکان «من» بەدەست ناهێنین. واتا ئەو بوونەی کە «من» لە لەخۆیدا سەربەخۆ بێت لە تێگەیشتنی ئێمە لە ڕێگای «من بیر دەکەمەوە» بێت. تا ئەو ئاراستەیەی کە تێگەیشتن و چەمکەکانی ئێمە لەم بوونە بەهۆی «من بیر دەکەمەوە» دروست دەبێت، دیاریکردنی بە تەواوی وێنایی و کارکردییە.

٧. خستەڕووی «من بیر دەکەمەوە» خودێکی ئاگایی سەرەکی و ڕەسەنە.

٨. هەر تێگەیشتنێکمان کە لە «من» هەیە- جیا لەتێگەیشتنێکی ئاسایی من وەکو بوون و پاشگرێکە کە بیرۆکەیەکی تایبەتی و جۆراوجۆری هەیە- دەتوانێت لە رێگای دەرخستنی «من» بەرهەم بێت. هەموو هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە «من «بە بێ سوود وەرگرتن لە دەرخستنی «من» یان بێ ئەنجامە یان دووچاری دووبارە بوونەوە دەبێتەوە.

٩. ناوەڕۆکی خودی ئاگایی کە ئێمە لەرێگای «من بیر دەکەمەوە» بەرهەمی دەهێنین ناتوانێت بەهۆی هیچ دیاریکراو و خستنەڕوویەک دیاری بکرێت یان تەنانەت بۆیان بگوازرێتەوە، چونکە ئەوانە خۆیان بەهۆی»من بیر دەکەمەوە»دەناسرێن. هەر جۆرە هەوڵێک بۆ گەیشتن یان گۆڕین یان بەرهەمهێنانی ئەم شێوەیە یان ئەنجامی نابێت یان دووبارە لەهەمان خودی ئاگایی کە

هەوڵی بۆ دەدەین بەهۆی «من بیر دەکەمەوە» یان تەنانەت «من» بەدەستی بهێنین دیاری دەکرێت.

١٠. ناوەڕۆکێک کە بیر دەکاتەوە «من بیر دەکەمەوە» هەمان بوونێکە وەکو خودە کە بەهۆی هەستی ناوەوە روون دەبێـتەوە. لە کۆتاییدا «هاول» باسی لە گەڕانەوەی راستەوخۆی «من بیر دەکەمەوە» کرد واتا «من» ئیتر پێویستی بە شیکردنەوە نییە تاوەکو خۆی بە زەینی بیرەوەر بناسێنێت، ئەوەش گەڕانەوەی راستەوخۆی پێ دەڵێن.

## سەرچاوە:

رۆژنامەی: شرق ـ ش٣

# له ژماره‌كانی داهاتوو:

* وێنه‌ی جه‌نگ له‌ ئه‌ده‌بیاتدا.

* رۆمانی « شه‌ماعیه‌ «یان عێراقی پێش ٩/٤.

* وه‌رگێران هونه‌ره‌ یان زانست.

* كافكا وێنه‌ی راسته‌قینه‌ی مرۆڤی نیگه‌ران.

* خوێندنه‌وه‌یه‌ك بۆ تێكستی (له‌ هیچه‌وه‌ بۆ هیچ)ی (داستان به‌رزان).

* ته‌وه‌ری تایبه‌ت به‌ وه‌رگێڕان.